تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
خەبات
رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5852) یەک شەممە 20ی تشرینی یەکەم 2019 «16» لاپەرە «500» دینار

سەرۆک بارزانی پێشوازیی لە وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا کرد

سەرۆک بارزانی: لە هەر ڕێککەوتنێکدا پێویستە قوربانییەکانی کورد لە سووریا لەبەرچاو بگیرێت

جان ئیف لۆ دریان: هاتووم پشتیوانیی فەڕەنسا بۆ گەلی کوردستان دووپات بکەمەوە



پێشنیوەڕۆی هەینی 2019/10/18 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە جان ئیف لۆ دریان وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا کرد. لەسەرەتای دیدارەکەدا وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا سڵاو و ڕێزی سەرۆک ماکڕۆنی بە سەرۆک بارزانی ڕاگەیاند و گوتی: ئەوە جاری حەوتەمە سەردانی کوردستان دەکەم و سۆزێکی زۆرم بۆ ئێرە هەیە و هاتووم سڵاو و ڕێزی سەرۆک ماکڕۆن بە جەنابت ڕابگەیەنم و پشتیوانیی فەڕەنسا بۆ گەلی کوردستان دووپات بکەمەوە.

لە دیدارەکەدا بارودۆخی سیاسیی و دوا پێشهاتەکان لەسەر ئاستی ناوچەکە، بەتایبەت مەترسییەکانی سەرهەڵدانەوەی تیرۆر و دۆخی باکووری سووریا، تاوتوێ کرا.

سەرۆک بارزانی وێڕای دەربڕینی سوپاس و پێزانین بۆ ڕۆڵی فەڕەنسا لە پشتگیریی بەردەوامی دۆزی گەلەکەمان، جارێکی دیکە نیگەرانیی خۆی لەبارەی دۆخەکە و چارەنووسی کورد لە سووریا بۆ وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا ڕوون کردەوە و ڕاشیگەیاند: هەر چارەسەرێک بۆ ئەم دۆخە پێشنیاز بکرێت و لە هەر ڕێککەوتنێکدا پێویستە قوربانییەکانی کورد و چارەنووسی کورد لە سووریا لەبەرچاو بگیرێت. جارێکی دیکەش داوای کرد فەڕەنسا وەک دۆستێکی هەمیشەیی گەلی کوردستان و بەشێکی گرینگ لە هاوپەیمانێتیی نێودەوڵەتی دژی تیرۆر، بۆ ڕێگرتن لە گۆڕینی دیموگرافی لە ناوچە کوردنشینەکانی باکووری سووریا و ڕووداتی کارەسات، ڕۆڵی خۆی بگێڕێت.

هەر لە دیدارەکەدا بە وردی باسی مەترسییەکانی سەرهەڵدانەوەی گرووپی تیرۆریستیی هاوشێوەی داعش کرا و وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا نیگەرانیی ولاتەکەی لە ئەگەری سەرهەڵدانەوەی تیرۆر لە دۆخی شێواوی ناوچەکەدا دەربڕی وجەختی لەسەر بەردەوامیی هاوپەیمانێتی و هاوکاریی فەڕەنسا و هەرێمی کوردستان دژی تیرۆر، کردەوە.

سەرۆک بارزانی ڕایگەیاند کە بەداخەوە ئەو ڕەوشەی زەمینەی بۆ سەرهەڵدانی داعش و گرووپە هاوشێوەکانی ڕەخساند هێشتا ماوە و ئالۆزیی دۆخەکە خزمەت بە سەرهەڵدانەوەی ئەوان دەکات. سەرۆک بارزانی تەئکیدیشی کردەوە کە شەڕی تیرۆر نابێ تەنها سەربازی بێت و پێویستە لەڕووی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و فیکرییەوە ڕیشەی ئەو گرووپە تیرۆریستییانە وشک بکرێت.



سەرۆک نێچیرڤان بارزانی دووپاتی کردەوە کە ئالۆزییەکانی ناوچەکە دەبێتە هۆی لاچوونی سەرنج لەسەر داعش و سەرهەڵدانەوەی ئەو ڕێکخراوە تیرۆرستییە دەکاتە مەترسییەکی ڕاستەقینە و هەڕەشەیەکی جددی لەسەر ئارامی و ساقامگیریی ناوچەکە، بۆیە بە پێویستی زانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەوڵی جددیی ڕاگرتنی شەڕ و ئالۆزییەکان بدات، هەروەها نیگەرانیی خۆی لە بەشداریی گرووپە تووندڕەوەکانی ئۆپۆزسیۆنی سووریا لە کرداری سەربازییەکانی ڕۆژهەلاتی فورات و دۆخی مرۆیی و ئەگەری ئاوارەبوونی هاووڵاتیانی ناوچەکە نیشان دا. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

نێچیرڤان بارزانی:

بۆ جێگیربوونی ئارامی و سەقامگیری و چارەسەری ئاشتیانە، هەرچییەک بکەوێتە ئەستۆی ئێمە ئامادەین بۆ هەموو هاوکارییەک



داستانی پردێ... ڕۆژی گەڕاندنەوەی شکۆمەندیی گەلێک بوو

9


مەسرور بارزانی: خواستی زۆرمان هەیە بۆ گەشەپێدانی هەرێمی کوردستان و پێشخستنی ژێرخان و سەرخانی ئابووری



ڕۆژی پێنجشەممە 2019/10/17 بە ئامادەبوونی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەردی بناغەی پڕۆژەی ئەندەرپاسەکانی شەقامی بارزان لە شاری دهۆک دانرا. سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێوڕەسمی دەستپێکی پڕۆژەکەدا گوتارێکی پێشکەش کردو ئاماژەی بەوەدا کە یەکێک لە ئەرکە لە پێشینەکانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان گرنگیدانە بە گەشەپێدانی ئابووری و لەم چوارچێوەیەشدا هەبوونی ژێرخانێکی ئابووری لەوانەش ڕێگاوبان زۆر گرنگن بۆ پەرەپێدانی زیاتر لە بواری ئابووریدا. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

د. دلاوەر ئازگەیی لە کۆمیسیۆنی ئەوروپا پەرەسەندنەکانی هەرێمی کوردستان تاوتوێ دەکات

رافائیلا یۆدیچی پشتگیریی خۆی بۆ هەوڵەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دووپاتکردەوە



د. دلاوەر خالید ئازگەیی، نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکێتیی ئەوروپا سەردانی کۆمیسیۆنی ئەوروپای کرد و لەگەڵ رافائیلا یۆدیچی، بەرپرسی بەشی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و کەنەدا و ئاسیا و باکووری ئەفریقا لە بەڕێوەبەرایەتیی پەرەپێدان و هاوکاری نێودەوڵەتیی یەکێتیی ئەوروپا DEVCO و هەروەها بەرپرسی دۆسیەی عێراق کۆبوونەوە. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**



شاخەوان عەبدوڵڵا:

گەڕانەوەی پارتی بۆ کەرکووک سەنگ و قورسایی کورد بۆ شارەکە دەگەڕێنێتەوە

ئەندامی لیژنەی ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک دەڵێت، لەگەڵ حکوومەتی عێراق لە چوارچێوەی گفتوگۆکاندا لەسەر کۆمەڵێک پرس گەیشتوونەتە ڕێککەوتن و دەست بە جێبەجێکردنیان دەکرێت بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**



لوبنان... خۆپیشاندانی سەرتاسەری بەڕێوەدەچێ

لەو خۆپیشاندانانەی لە لوبنان بەڕێوەدەچن 52 کارمەندی ئاسایش برینداربوون، 70 کەسیش کە لە پشێوییەکەدا تێوەگلاون، دەستگیرکراون. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

تا ئێستا 3 هەزار و 56 پەنابەری ڕۆژئاوا هاتوونەتە هەرێمی کوردستان

بەپێی دواین ئامار، لە 9ی ئەم مانگەوە تاوەکو ئێستا، 3 هەزار و 56 پەنابەری ڕۆژئاوای کوردستان هاتوونەتە هەرێمی کوردستان. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

مەکگۆرک:

تاوانی جەنگ ئەنجامدراوە

بڕێت مەکگۆرک ڕەخنەی تووند لە سەرۆکی ئەمەریکا دەگرێت و دەڵێ زانیاریی لەبارەی بارودۆخی سووریا نییە، بەتایبەتی ئەو ناوچانەی لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا شەڕی نێوان هەسەدە و سوپای تورکیایان تێدا بووە. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە وەزیری دەرەوەی فەرەنسا دەکات

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان: هەر پێشهات و گۆڕانکارییەک ببێتە هۆی گۆڕینی دیموگرافی لە ناوچەکەدا رەتیدەکەینەوە

وەزیری دەرەوەی فەرەنسا: بەچاوی خۆم ئازایەتی و قارەمانیەتیی پێشمەرگەم بینیوە



رۆژی هەینی 2019/10/18 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ وەزیری دەرەوەی فەرەنسا جەختیشی لەوە کردەوە کە پێویستە هەموو هەوڵەکان چڕ بکەینەوە لە پێناو ڕێگەگرتن لە دووبارە سەرهەڵدانەوەی داعش کە ئێستا لە چەند ناوچەیەکی عێراق خۆی ڕێکخستووەتەوە و هەڕەشەیە بۆ سەر خەڵکی ئەو ناوچانە.

لە بارەی دۆخی ڕۆژئاوای کوردستان و باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریاش، هەردوولا نیگەرانی خۆیان لە گرژبوونی بارودۆخەکە و دروستبوونی تووندوتیژی دەربڕی کە بووەتە هۆی ئاوارەبوونی زۆری خەڵک لەو ناوچانە و بەشێکیشیان ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە. جەخت لەوە کرایەوە پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هاوکاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان بکات لە یارمەتیدان و لە خۆگرتنی پەنابەر و ئاوارەکان.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دووپاتی کردەوە کە لەگەڵ وەستاندنی شەڕ و دۆزینەوەی چارەسەرێکن کە لە بەرژەوەندیی دانیشتوانی ناوچەکە بێت و هەر پێشهات و گۆڕانکارییەکیش ببێتە هۆی گۆڕینی دیموگرافی لە ناوچەکەدا ڕەتیدەکەینەوە.

بۆ ئەم مەبەستەش چەندین پێشنیازمان خستووەتە ڕوو، بۆیە ئومێدەوارین حکوومەتی فیدراڵیش هەنگاوی زیاتر و جیدیتر بهاوێژێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لە سەر بنەمای دەستوور.

وەزیری دەرەوەی فەرەنسا پشتگیریی وڵاتەکەی بۆ هەرێمی کوردستان دەربڕی و گوتی هاتووم پشتگیریی فەرەنسا بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان دووپات بکەمەوە کە لە شەڕی دژی داعشدا ڕۆڵێکی گەورەی گێڕا و قوربانییەکی زۆریاندا.

گوتیشی من بەچاوی خۆم ئازایەتی و قارەمانیەتی پێشمەرگەم بینیوە.

بەردەوامە لە لاپەڕە ٣

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەردی بناغەی چەند پڕۆژەیەکی لە دهۆک دانا

مەسرور بارزانی: خواستی زۆرمان هەیە بۆ گەشەپێدانی هەرێمی کوردستان و پێشخستنی ژێرخان و سەرخانی ئابووری

ڕەزامەندیمان لە سەر تەرخانکردنی پێنجسەد ملیار دینار داوە بۆ ئەنجامدانی چەند پڕۆژەیەکی گرنگ لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستاندا

چاوەڕوانین حکوومەتی فیدراڵ هەنگاوی زیاتر و جددیتر بهاوێژێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بە پێی دەستوور



ڕۆژی پێنجشەمە 2019/10/17 بە ئامادەبوونی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەردی بناغەی پڕۆژەی ئەندەزیاری شەقامی بارزان لە شاری دهۆک دانرا. سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێوڕەسمی دەستپێکی پڕۆژەکەدا گوتارێکی پێشکەش کرد و ئاماژەی بەوەدا کە یەکێک لە ئەرکە لە پێشینەکانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان گرنگیدانە بە گەشەپێدانی ئابووری و لەم چوارچێوەیەشدا هەبوونی ژێرخانێکی ئابووری لەوانەش ڕێگاوبان زۆر گرنگن بۆ پەرەپێدانی زیاتر لە بواری ئابووریدا.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەروەها گوتی "ئێمە خواستی زۆرمان هەیە بۆ گەشەپێدانی هەرێمی کوردستان و پێشخستنی ژێرخان و سەرخانی ئابووری. لەم چوارچێوەیەشدا ڕەزامەندیمان لە سەر تەرخانکردنی پێنجسەد ملیار دینار داوە بۆ چەند قۆناخێک بۆ ئەنجامدانی چەند پڕۆژەیەکی گرنگ لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستاندا کە کۆی گشتیان زیاتر لە دووسەد پڕۆژە دەبێت لەوانە پڕۆژەی ستراتیجی وەک ڕێگاوبانی نێوان شارەکان، هەروەها چەند سایلۆ و قوتابخانە و هێڵی کارەبا و ئاوو ئاوەڕۆ.

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

زۆر خۆشحاڵم ئەمڕۆ لێرە لەگەڵ ئێوەی بەڕێز لە شاری دهۆکی خۆشەویست بەشدارم لە دانانی بەردی بناغە و دەستپێکردنی چەند پڕۆژەیەکی گرنگ و ستراتیجی وەک پرد و ڕێگاوبان. هیوادارم ئەمە بێتە دەستپێکی کردنەوەی پڕۆژەی زیاتر لە شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان.

ئامادەبوانی بەڕێز...

یەکێک لە ئەرکە لە پێشینەکانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان گرنگیدانە بە گەشەپێدانی ئابووری و لەم چوارچێوەیەشدا هەبوونی ژێرخانێکی ئابووری لەوانەش ڕێگاوبان زۆر گرنگن بۆ پەرەپێدانی زیاتر لە بواری ئابووریدا.

هەربۆیەش ئەمجۆرە پڕۆژانە زۆر گرنگ و پێویستن و ئاسانکارییەکی زۆریش بۆ هاووڵاتیانمان دەکات لە بواری هاتوچۆ و ئاڵوگۆڕی بازرگانیدا.

ئێمە خواستی زۆرمان هەیە بۆ گەشەپێدانی هەرێمی کوردستان و پێشخستنی ژێرخان و سەرخانی ئابووری. لەم چوارچێوەیەشدا ڕەزامەندیمان لە سەر تەرخانکردنی پێنجسەد ملیار دینار داوە بۆ ئەنجامدانی چەند پڕۆژەیەکی گرنگ لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستاندا کە کۆی گشتیان زیاتر لە دووسەد پڕۆژە دەبێت لەوانە پڕۆژەی ستراتیجی وەک ڕێگاوبانی نێوان شارەکان، هەروەها چەند سایلۆ و قوتابخانە و هێڵی کارەبا و ئاوو ئاوەڕۆ.

بێگومان ئەنجامدانی ئەو پڕۆژانە جگە لەوەی هەنگاوێکی دیکە، دۆخی ئابووری بەرەوپێشەوە دەبات. لە هەمانکاتدا هەزاران هەڵی کارکردنیش بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان دابین دەکات. بەڵام ئاشکرایە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ناتوانێت بەتەنیا ئەرکی پەرەپێدانی ئابووری هەرێمی کوردستان ئەنجام بدات. بەڵکو پێویستە کەرتی گەشەپێدانی هەرێمی کوردستان و پێشخستنی ژێرخان و سەرخانی ئابووری تایبەتیش لەم بوارەدا بەرپرسیاریەتی خۆی هەڵبگرێت و هاوکاری حکوومەت بکات لە ئەنجامدانی پڕۆژەی وەبەرهێنان بە پێی پلان و پێداویستییەکانی ناوخۆ.

لەم ڕووەوە هەروەک لە کارنامەی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا ڕامانگەیاند زەمینەیەکی لەبارتر بۆ وەبەرهێنانی ناوخۆیی و بیانی لە هەرێمی کوردستان دەرەخسێنین و هەر ئاسانکارییەک پێویست بێت ئەنجامی دەدەین. بەڵام جەخت لە سەر ئەوە دەکەینەوە کە پڕۆژەکانی وەبەرهێنان دەبێت بەپێی پلانێکی تۆکمە و پێداویستییەکانی هەرێمی کوردستان بن بە شێوەیەک کە لە بەرژەوەندی گشتی هەموو دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بێت و هەموو ناوچەکانی هەرێمیش بگرێتەوە.

بێگومان ئەو خواست و هیوایانەی هەمانە بۆ گەشەپێدانی ئابووری تا ئاستێکی زۆر بەندە بە جێگیربوونی بارودۆخی سیاسی و ئەمنی لە ناوچەکە و باشتربوونی پەیوەندیمان لە گەڵ حکوومەتی فیدراڵی. لەم ڕووەوە پرۆسەی گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا بەردەوامە و بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیش چەندین پێشنیارمان خستووەتەوە ڕوو کە تایبەتن بە نەوت و گاز و بودجە و دارایی ،ناوچە دابڕێنراوەکان، پرسی ئەمنی و بەتایبەتیش بابەتی پێشمەرگە، تێگەیشتنی باش لەلایەن ئەوانەوە هەیە. بەڵام چاوەڕوانین حکوومەتی فیدراڵیش هەنگاوی زیاتر و جیدیتر بهاوێژێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بە پێی دەستوور و ئێمەش دەرگای گفتوگۆمان کراوەیە.

هەروەها نیگەران و دڵگرانین بە شەڕ و تووندتیژی لە ڕۆژئاوا و هیوادارین کۆتاییان پێ بێت و دەرگای ئاشتی و گفتوگۆ بکرێتەوە. چونکە شەڕ لە بەرژەوەندی هیچ لایەکدا نییە و ئێمە هەمومان لێی زیانمەند دەبین. ڕەنگە بە هۆی شەڕیشەوە زۆر خەڵک ئاوارە و دەربەدەر بوونە و پەنایان بۆ هەرێمی کوردستان هێناوە.

لێرەدا جێی خۆیەتی بەتایبەتی سوپاسێکی گەرمی خەڵکی دهۆک و دەوروبەری بکەم کە پێشوازیان لە ئاوارەکان کردووەو هیوادارم لە خزمەتکردنی لێقەوماوان بەردەوام بن.

لە کۆتاییدا جەخت لەوە دەکەمەوە کە پێویستە دەستکەوتەکانی کوردستان بپارێزین کە بە خوێن و قوربانیدانی هەزاران پێشمەرگەی قارەمان هاتووەتە دی. بۆیە ئەرکی ئێمەیە ئەو دەسکەوتانە بپارێزین و بەهای خوێن و قوربانیدانی شەهیدەکانمان بزانین.

جارێکی تریش سوپاسی ئامادەبوونتان دەکەم و هیوادارم پڕۆژەی گرنگتر لە داهاتوودا لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان بکەینەوە.



ڕۆژی هەینی 2019/10/18 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە شاری هەولێر بەشداریی کرد لە پرسەی کەسایەتی ناسراوی دەڤەری خۆشناوەتی سەرداری ئەنوەر بەگی بێتواتە، پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەسوکارە بەڕێزەکەیان کرد.

سەرۆک نێچیرڤان بارزانی و لودریان دۆخی ناوچەکە تاوتوێ دەکەن

نێچیرڤان بارزانی: پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەوڵی جددیی ڕاگرتنی شەڕ و ئاڵۆزییەکان بدات



سەرۆک نێچیرڤان بارزانی دووپاتی کردەوە کە ئاڵۆزییەکانی ناوچەکە دەبێتە هۆی لاچوونی سەرنج لەسەر داعش و سەرهەڵدانەوەی ئەو ڕێکخراوە تیرۆرستییە دەکاتە مەترسییەکی ڕاستەقینە و هەڕەشەیەکی جددی لەسەر ئارامی و ساقامگیریی ناوچەکە، بۆیە بە پێویستی زانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەوڵی جددیی ڕاگرتنی شەڕ و ئاڵۆزییەکان بدات، هەروەها نیگەرانیی خۆی لە بەشداریی گرووپە توندڕەوەکانی ئۆپۆزسیۆنی سووریا لە کرداری سەربازییەکانی ڕۆژهەڵاتی فوراتو دۆخی مرۆیی و ئەگەری ئاوارەبوونی هاوواڵتیانی ناوچەکە نیشان دا.

بەڕێزیان ناوچەکە وەک هەرێمی کوردستان و ژان ئیڤ لودریان وەزیری دەرەوەی فەرەنسا نێتوارەی ڕۆژی پێنجشەممە 2019/10/17 لە کۆبوونەوەیەکدا لە هەولێر، دۆخی ئێستای عێراق و گفتوگۆ و بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکانی هەولێر ـ بەغدا، گرنگیی سەقامگیریی سیاسی و ئەمنی و ئایندەی پرۆسەی سیاسی لە عێراق، پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق لەگەڵ بەرەوپێشبردنیان تاوتوێ کرد، هەروەها بیروڕایان سەبارەت بە دواپێن پێشهات و پەرەسەندنەکانی ناوچەکە بەگشتی و دۆخی سووریا و پێکدادان و ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی ڕۆژهەڵاتی فورات گۆڕییەوە.

هەروەها باسی لە دۆسیەی پەنابەران و ئاوارەکانی سووریا کرا لە هەرێمی کوردستان و هەوڵەکانی بۆ گەڕاندنەوەیان بۆ شوێنە ڕزگارکراوەکانی سووریا و پشتگیریی هەرێمی کوردستان بۆ ئەو هەوڵانە.

لە کۆبوونەوەکەدا کە بەڕێزان جێگرانی سەرۆک و جێگری سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان و باڵیۆزی فەرەنسا لە عێراق و شاندی هەردوولا ئامادەی بوون، سەرۆک نێچیرڤان بارزانی سوپاس و پێزانینی هەرێمی کوردستانی بۆ فەرەنسا و سەرۆک ماکرۆن دووپات کردەوە کە لە کاتە سەختەکاندا هاوکاری و پشتگیریی هەرێمی کوردستانیان کرد، هەروەها ئەم سەردانەی بەڕێز وەزیری دەرەوەی فەرەنسایشی لەم دۆخە ئاڵۆزەی ناوچەکەدا وەک پشتگیری و بایەخ و گرنگیپێدانی فەرەنسا بە هەرێمی کوردستان و ئارامی و سەقامگیری لە عێراق و ناوچەکە بەگشتی لە قەڵەم دا.

وەزیری دەرەوەی فەرەنسا: پەیامی دۆستایەتی و پشتگیریی سەرۆک ماکرۆنم هێناوە

نێچیرڤان بارزانی: بۆ جێگیربوونی ئارامی و سەقامگیری و چارەسەری ئاشتیانە، هەرچییەک بکەوێتە ئەستۆی ئێمە ئامادەین بۆ هەموو هاوکارییەک



دوای کۆبوونەوەی ڕۆژی پێنجشەممە 2019/10/17ی نێوان سەرۆک نێچیرڤان بارزانی و ژان ئیڤ لودریان وەزیری دەرەوەی فەرەنسا لە هەولێر، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا سەرەتا سەرۆک نێچیرڤان بارزانی لە وتەیەکدا گوتی: خۆشحاڵ بووین بە پێشوازیکردن لە بەڕێز جەنابی وەزیری دەرەوەی فەرەنسا و بە گەرمی بەخێرهاتنی دەکەین، ئێمە سەردانی جەنابیان بەتایبەتی لەم دۆخە ئاڵۆزەی ناوچەکەدا، وەک پشتگیری و بایەخدانی فەرەنسا بە هەرێمی کوردستان و عێراق و جێگیربوونی سەقامگیری لە عێراق و ناچەکە بەگشتی، دەبینین. سەبارەت بە ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکەشیان بەڕێزیان گوتی: لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆماندا لەگەڵ بەڕێزیان، باسمان لە بارودۆخی ئێستای عێراق و گفتوگۆ و بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکانی هەرێم و بەغدا کرد، باسمان لە گرنگیی سەقامگیریی سیاسی و ئەمنی و ئایندەی پرۆسەی سیاسی لە وڵاتدا کرد، هەروەها دوایین پێشهات و چوارەمە وەک وەزیری دەرەوە و ئەگەری ئاوارەبوونی دەکەم. من کە سەردانی بەغدا و ئێرەشم کردووە، بۆ ئەوەیە پەیامی دۆستایەتی و پشتگیریی سەرۆک ماکرۆن و فەرەنسا بە جەنابتان و هەروەها هەموو برا کوردەکانمان ڕابگەیەنم.

لە بەشێکی دیکەی وتەکەیدا بەڕێز لودریان گوتی: وەک گوتم حەوت جار هاتووم کە هەندێک جار خۆش بوو و هەندێک جاریش بارودۆخەکە زۆر لەبار نەبووە، ئەمڕۆ دەبێت بڵێم کە بارودۆخەکە بەڕاستی لەبار نییە و دۆخێکی ناخۆشە چ لەڕووی ئەمنییەوە بۆ هەرێمی کوردستان و ئاسایشی عێراق بەگشتی و تەنانەت بۆ سەقامگیریی ئەورووپا و فەرەنساش لەبەر ئەوەی کە هێرشی تورکیا بۆ بەزاندنی سنوور بۆ ناو ڕۆژئاوا و هەروەها پاشەکشێی هێزەکانی ئەمەریکا لە هەمان کاتدا لە سووریا، حاڵەتێک دروست دەکات کە بەڕاستی ناسەقامگیریی ناوچەکەی بەدوای خۆیدا دەهێنێت و مۆڵەت بە داعش دەدات دووبارە هەناسەیەک وەرگرێت و جارێکی دیکە هەڵسێتەوە.

لە بەردەوامیی وتەکەیدا بەڕێزیان گوتی: ئێستا ئێمە لە خۆمان دەپرسین لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا ئەو هەموو هەوڵەی کە داومانە، گەیشتوینەتە کوێ؟ ئێستا گەیشتوینەتە حاڵەتێک کە بەڕاستی زۆر جێگەی نیگەرانیی ئێمەیە و بۆتە هۆی ناسەقامگیری، من ئەمڕۆ هاتووم پێتان بڵێم کە ئێمە پشتگیریتان دەکەین لەم دۆخەدا، هەردوولامان هاوڕاین لەسەر ئەو بیروبۆچوونەی کە داعش بەڕاستی شکستی پێ نەهێناوە و هێشتا لەسەر کارەکانی بەردەوامە. ئێمە بەردەوام دەبین لە دیدارەکانمان و لەگەڵ بەرپرسانی بەغدا هەڵسەنگاندنی دۆخەکەمان کردووە بۆ ئەم بواوە و پێمان وایە کە پێویستە وڵاتانی هاوپەیمان کۆببنەوە تا بزانن لە ئێستادا گەیشتوونەتە چ قۆناغێک، ئێمە سەرەتا 30 وڵات بووین، بەڵام ئەمڕۆ دوو وڵات لەو سی وڵاتە ڕۆڵێک دەبینن کە بەڕاستی جێگای پرسیارە.

هەر لەمبارەیەوە بەڕێز وەزیری دەرەوەی فەرەنسا گوتی: هۆکارەکانی دروستبوونی هاوپەیمانیی دژی داعش وەک خۆیان ماون و پێویستە دووبارە هەڵسەنگاندنی دۆخەکە بکرێت و هیوادارین بە زووترین کات کۆبوونەوەی هەماهەنگیی وڵاتانی هاوپەیمان ئەنجام بدرێت، هەروەها هەر 28 وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپاش پێیان باش بووە کە ئەم کۆبوونەوە هەماهەنگییە ئەنجام بدرێت و تاکو ئەم بابەتانە ببنە تەوەری باس و گفتوگۆ بەتایبەتی تەوەری تیرۆریزم لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا.

هەندێک جار بیرمان دەچێت بڵێین کە زیاتر لە سێزدە هەزار کەس لەوێ لە ئیسلامییە تووندڕەوەکانن و دوو هەزار و دووسەد کەسیان بیانین، ئەگەر ئەندامانی خانەوادەکانیشیان ئەژمار بکەین ئەوا ژمارەکە دەگاتە چل هەزار کەس و ئەمەش بابەتێکی زۆر زۆر گەورەیە و ئەگەر خەڵکی داعش ئەوانەی بە نەهێنی چالاکی ئەنجام دەدەن بهێنینە سەر ئەو هاوکێشەیە، بەڕاستی کارەساتێکی گەورە ڕوودەدات.

بەڕێزیان لە بەردەواميیی وتەکەیدا گوتی: زۆر پێویستە وڵاتانی هاوپەیمان لەسەر چالاکییەکانیان دژی داعش بەردەوام بن و ئەو هەنگاوانەی پێویستە دەرهەق بەو تیرۆرستانە بنرێن کە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا گیراون، ئەوەی وەک هەواڵ پێمان گەیشتووە و تا ئێستاش ئەوەندەی بیستوومانە ئەمنیەتەکە باشە، ئێمە باسی ڕێکارەکانمان کرد تا بگەینە هاوکارییەک لە دادگاکاندا لەڕووی دادوەری بۆ دادگاییکردنی ئەمانە و شێواز میکانزمی دادگاییکردنیان.

بەڕێز لودریان هەر سەبارەت بە ناوەڕۆکی کۆبوونەوە گوتی: باسی ئەوەمان کرد کە دۆخی مرۆیی و ئەو حاڵەتەی ئێستا ڕوویداوە و ئەو کێشانەی ئێمە سەرەتای مانگی ئۆکتۆبەر بینیمان، دوای ئەوەی داعش لەسەر ئەزر نەما، مەترسیی ئاوارەبوونی خەڵک لە ئارادایە. ئەوەی ئێستا لە ئارادایە و ئەوەی پێشبینی دەکرێت ژمارەیەکی زۆری خەڵکی کورد ماڵ و حاڵی خۆیان جێهێشتووە، ئاوارە بۆن و بێن بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق، بۆیە پێویستە هاوکاریی مرۆیی خۆمان بهێنە بکەین و لەمبارەیەوە فەرەنسا دە ملیۆن یۆرۆ تەرخان دەکات تا بتوانین ئەو یارمەتییەی لە دەستمان دێت لە بواری مرۆیی بۆ ئاوارەکان پێشکەشتان بکەین.

لە کۆتایی وتەکەیدا بەڕێز وەزیری دەرەوەی فەرەنسا گوتی: دووبارە دەمەوێ دۆستایەتیی خۆمان بۆ بەڕێز سەرۆک نێچیرڤان بارزانی و لە ڕێگەی جەنابیشتانەوە بۆ تەواوی نەتەوەی کورد دووپات بکەینەوە.

وتارو رایۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن: yasinheja@yahoo.com
www.xebat.net
یەک شەممە 2019/10/20 ژمارە (5852)
خەبات

سەرۆکی چیک: ئەمەریکا و یەکێتی ئەورووپا خیانەتیان لە کورد کرد



سەرۆک کۆماری چیک لەسەر کورد هێرشی توند دەکاتە سەر یەکێتی ئەورووپا و ئەمەریکاو بەخیانەتکردن لەکورد تاوانباریان دەکات، میلۆش زیمان سەرۆک کۆماری چیک لەمیانەی بەشداریکردنی لەبەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا رایگەیاندووە: ئەمەریکا و یەکێتی ئەورووپا خیانەتیان لەکورد کردووە لەسووریادا. هەروەها لەبارەی لێدوانەکانی ئۆردوغانیش کە بەردەوام هێزە کوردییەکانی رۆژئاڤا بەتیرۆرست دەناسێنێت، میلۆش زیمان رایگەیاندووە: من پێچەوانەی بۆچوونەکانی ئۆردوغانم و پێم وایە ئەوە تورکیایە کە لە ناوچەکەدا پردی گەیاندنی یارمەتییە بۆ داعش و پەیوەندییەکی بەهێزیشی لەگەڵ رێکخراوە ئیسلامییە رادیکاڵەکاندا هەیە. سەرۆک کۆماری چیک راشیگەیاندووە: تورکیا تاوانی جەنگی لە باکووری رۆژهەڵاتی سووریا (رۆژئاوای کوردستان)" ئەنجامداوە بەرامبەر بە کورد و هاوکاری تیرۆریستانی کردووە و نابێت ببێتە ئەندام لە یەکێتی ئەورووپا. ئەوەشی گوتووە: کاتێک کارمان پێیان هەبوو بۆ شەڕکردن لە دژی داعش، ڕێزمان دەگرتن، ئێستاش دەستبەردارمان دەبین.

شاخەوان عەبدوڵڵا: ڕێککەوتن کراوە و دەست بە ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک دەکرێت

گەڕانەوەی پارتی بۆ کەرکووک سەنگ و قورسایی کورد بۆ شارەکە دەگەڕێنێتەوە



ئەندامی لیژنەی ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک، شاخەوان عەبدوڵڵا دەڵێت، لەگەڵ حکوومەتی عێراق لە چوارچێوەی گفتوگۆکاندا لەسەر کۆمەڵێک پرس گەیشتوونەتە ڕێککەوتن و دەست بە جێبەجێکردنیان دەکرێت بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک. دەشڵێ، لە یەکەم هەنگاودا، داوا کراوە بارەگاکانی پارتی چۆڵ بکرێن و ڕادەستی ئەو حزبە بکرێنەوە، بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ شارەکە. شاخەوان عەبدوڵڵا، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی ڕاگەیاندووە: ماوەیەکە گفتوگۆ لە نێوان هەرێم و بەغدا دەکرێت لەبارەی ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک و لە ئێستادا لەسەر کۆمەڵێک خاڵ ڕێککەوتووین و ئێستا کاتی کەرکووک، سەنگ و قورسایی کورد بۆ شارەکە دەگەڕێنێتەوە، بۆیە ئومێدەوارین ڕێککەوتنەکان جێبەجێ بکرێن بۆ ئەوەی ئێمەش بگەڕێینەوە. عەبدوڵڵا باسی لەوەش کرد، ئەو گردبوونەوەیەی کراوە بۆ ئەوەی پارتی نەگەڕێتەوە، بۆ ئەوە بوو، کە ترسیان هەیە پارتی بگەڕێتەوە و مەڵەفی گەندەڵی و تاوانی ئەوان هەڵداتەوە، کە کۆمەڵێک کۆنەبەعسی و داعشن، بۆیە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر گەڕانەوەی پارتی بۆ کەرکووک نابێت. دەشڵێ: ئێمە بە مەرج دەگەڕێینەوە بۆ کەرکووک، پێویستە بارەگاکانی ئێمە چۆڵ بکرێن و دەست بە هەنگاوەکانی دیکەی ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک بکرێت، بۆ ئەوەی ئێمەش بگەڕێینەوە بۆ شارەکە.

بارەگاکانی ئێمە ڕادەست بکاتەوە و ئێمە ڕەتمان کردۆتەوە و گرێمان داوە بە ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک، بۆیە ئومێدەوارین دەست بە ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووکیش بکرێت.

ئەو ئەندامەی لیژنەی ئاسییکردنەوەی دۆخی کەرکووک گوتیشی: گەڕانەوەی پارتی بۆ جێبەجێکردنیان هاتووە و حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش فەرمانی بە ئیدارەی کەرکووک کردووە کە بارەگاکانی پارتی چۆڵ بکرێن و ڕادەستی بکەنەوە، کە ئەمەش وەکو یەکەم هەنگاو دەبێت بۆ ئەوەی دۆخی کەرکووک ئاسایی بکرێتەوە، چونکە پێشتریش حکوومەتی عێراق ڕازی بووە

د. دلاوەر ئازگەیی لە کۆمیسیۆنی ئەورووپا پەرەسەندنەکانی هەرێمی کوردستان تاوتوێ دەکات

ڕافائیلا یۆدیچی پشتگیریی خۆی بۆ هەوڵەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دووپاتکردەوە



نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکێتی ئەورووپا لەگەڵ بەرپرسی بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دۆسیەی عێراق تاوتوێی دوایین پەرەسەندنەکانی هەرێمی کوردستان و ناوچەکە و ڕەوشی سووریایان کرد.

د. دلاوەر خالید ئازگەیی، نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکێتیی ئەورووپا (بەلجیکا) سەردانی کۆمیسیۆنی ئەورووپای کرد و لەگەڵ ڕافائیلا یۆدیچی، بەرپرسی بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کەنەدا و ئاسیا و باکووری ئەفریقا لە بەڕێوەبەرایەتیی پەرەپێدان و هاوکاری نێودەوڵەتیی یەکێتیی ئەورووپاDEVCO و هەروەها بەرپرسی دۆسیەی عێراق کۆبوونەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا نوێنەری حکوومەتی هەرێم هەڵوێست و نیگەرانییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەرانبەر دوایین پەرەسەندنەکانی سووریا و کاریگەری لەسەر پرسی مرۆیی و ئاسایشی هەرێمی کوردستان خستەڕوو لەڕووی ئاوارەبوونی هاوواڵتیانی سووریا و ڕەوشی مرۆیی و جوڵەی هێزە میلیشیا تووندڕۆکانی سووریا بۆ ناوچە کوردستانییەکان و لێکەوتەکان و بەرگرتن لە ئامرازەکانی تووندڕۆی و مەترسی گۆڕانی دیمۆگرافی ناوچە کوردنشینەکان و دووبارە سەرهەڵدانەوەی داعشدا. هاوکات داوای لە یەکێتیی ئەورووپا کرد هاوکارییەکانی بۆ هەرێمی کوردستان چڕتر بکاتەوە بۆ دابینکردنی کۆمەکی زیاتری مرۆیی و پاراستنی ئاسایشی ناوچەکە بە گشتی.

هەروەها د. دلاوەر ئازگەیی پلانی فریاکەوتنی مرۆیی بۆ بەهاناوەچوونی شەپۆلی نوێی پەنابەرانی سووریای کە لەلایەن ناوەندی هاوبەشی و هەماهەنگی قەیرانەکانی وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەکراوە، خستەڕوو و باسی لەوەش کرد حکوومەتی هەرێم پێشبینی دەکات نزیکەی 250 هەزار پەنابەری ڕۆژئاوای کوردستان ڕوو لە هەرێمی کوردستان بکەن، ئەمەش گوشارێکی تر دەخاتە سەر هەرێم، بۆیە پێویستمان بە هاوکاری و هەماهەنگی دامەزراوەکانی یەکێتیی ئەورووپا هەیە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو شەپۆلەی پەنابەران. لەلای خۆیەوە، ڕافائیلا یۆدیچی پشتگیری خۆی بۆ هەوڵەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دووپاتکردەوە و ئاماژەی بەوەشدا ئەم بابەتە لە کۆبوونەوەی بااڵی کۆمیسیاری یەکێتیی ئەورووپا تاوتوێ دەکات بۆ ئەوەی میکانیزم و چۆنیەتی هاوکاریکردنی هەرێمی کوردستان بخەنە بەر باسێکی پراکتیکیانەی سەر ئەرزی واقیع.

شاندێکی هەرێمی کوردستان بەشداری کۆنفرانسی دادگا نێودەوڵەتییەکان دەکات



شاندێکی هەرێمی کوردستان کە پێکهاتبوو لە کەنعان خەیلانی سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر و دکتۆر کرمانج یونس عوسمان ڕاوێژکار لە دەستەی مافی مرۆڤ بەشداری کونفرانسی نێودەوڵەتیی دادگا نێودەوڵەتییەکانی نۆرنبێرگ دەکەن. لەو کۆنفرانسەدا100 کەسایەتیی دادوەر و داواکاری گشتی و پارێزەرانی23 دەوڵەت بەشدارن و لەلایەن پارێزگاری نۆرنبێرگەوە بۆ ماوەی دوو ڕۆژی کۆنفرانسەکە میواندارای کراون، کە تایبەتە بە تاوانە نێودەوڵەتییەکان، لەو کۆنفرانسەدا پارێزگاری نۆرنبێرگ هاوسۆزی خۆی دەربڕی بۆ کوردستان بە تایبەتی هەولێری پایتەخت کە ماندووبوونێکی زۆریان کێشا، لەم چەند ساڵە بۆخزمەتکردنی ئاوارەکان و دۆخی کوردان.

تا ئێستا 3 هەزار و 56 پەنابەری ڕۆژئاوا هاتوونەتە هەرێمی کوردستان



دوێنێ شەمە بەڕێوەبەری داتا و زانیارییەکان لە فەرمانگەی هەماهەنگی و قەیرانەکان ڕایگەیاند، بەپێی دوایین ئامار، لە 9ی ئەم مانگەوە تاوەکو ئێستا، 3 هەزار و56 پەنابەری ڕۆژئاوای کوردستان هاتوونەتە هەرێمی کوردستان لە 700 پەنابەر هاتوون، کە پێداویستیی سەرەکییان بۆ دابین کراوە و پێشوازییان لێ کراوە.

عەلی عیسا، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاند، لە 9ی ئۆکتۆبەردوە تاوەکو ئێستا 3 هەزار و 56 پەنابەری ڕۆژئاوای کوردستان ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە، کە لە قەزای بەردەڕەش کەمپمان هەیە و لەوێ نیشتەجێ کراون، چونکە کەمپەکە ئامادەیە و تەنیا هەندێک پێویستی هەبوو، کە ئەوانیشی بۆ دابین کراوە و هاوکارییشمان بۆ دابین کردوون.

بەڕێوەبەری داتا و زانیارییەکان ڕاشیگەیاند: تەنیا شەوی شەممە725 پەنابەر هاتوون بۆ هەرێمی کوردستان، ئەگەر شەڕیش بەردەوام بێت، پەنابەری زیاتر ڕوو لە هەرێمی کوردستان دەکەن. ڕوونیشی کردەوە: پەیوەندیی بەردەوامان لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان هەیە بۆ ئەوەی هاوکاریی پەنابەرەکان بکرێت، چونکە ژمارەی ئاوارەکان زۆرە و پێویستە حکوومەتی عێراق و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان هاوکاریمان بکەن، بەڵێنیشیان داوە هاوکار بن و پێویستە چاوەڕێ بکەین بزانین تا چەند هاوکار دەبن.



لوبنان... خۆپیشاندانی سەرتاسەری بەڕێوەدەچێ

لە خۆپیشاندانەکاندا 52 کارمەندی ئاسایش بریندارببوون و پۆلیسیش 70 خۆپیشاندەری دەستگیر کرد

لەو خۆپیشاندانانەی لە لوبنان بەڕێوەدەچن 52 کارمەندی ئاسایش بریندارببوون،70 کەسیش کە لە پشێوییەکەدا تێوەگلاون، دەستگیرکراون. دوای گوتارەکەی سەرۆکوەزیرانی لوبنان، سەعد ئەلحەریری کە ماوەی72 کاتژمێری دانا بۆ هاوبەشەکانی حکوومەت، لە ناوچە جیاوازەکانی بەیروت پێکدادان لەنێوان خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکان ڕوویدا. بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی لوبنان، لە ڕاگەیەندراوێکدا کە لە هەژماری تویتەر بڵاوی کردووەتەوە، ئاماژەی بەوە کردووە کە لەو خۆپیشاندانانەی لەسەرتاسەری وڵات بەڕێوەدەچن 52 کارمەندی ئاسایش برینداربوون و، 70 کەسیش کە لە پشێویەکاندا تێوەگلاون دەستگیر کراون. وەزیری ناوخۆی لوبنان، رایا حەسەن لە هەژماری خۆی لە تویتەر، داوای لە خۆپیشاندەران کرد زیان بە مالی گشتیی و تایبەت نەگەیەنن.

لە لایەکی دیکەوە، سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی خاچی سووری لوبنان، جۆرج کیتانی لە لێدوانێکیدا باسی لەوە کرد کە 64 بریندار چارەسەریان بۆ کراوە و، 530 کەسیش ڕەوانەی نەخۆشخانە کراون. هەروەها لە شاری سور17 کەسی بیانی گوازراونەتەوە بۆ ناوچەیەکی ئارام. جێی باسە وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر بڕیاری حکوومەتی لوبنان بۆ باج خستنەسەر تۆڕی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بە تایبەتیش واتسئەپ، ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەمەی ڕابردوو خۆپیشاندان دەستیپێکرد.

www.xebat.net
یەک شەمە 2019/10/20 ژمارە (5852) | خەبات

ژنان لەنێو پاسدا دابەزێنراون و لە قەراخ ڕێگەکان کۆژراون

مەکگۆرک: بەداخەوە تاکە بژاردەی شەڕقانان لەگەڵ دیمەشق و ڕووسەکان دایە



رووداو: بڕێت مەکگۆرک ڕەخنەی تووند لە سەرۆکی ئەمەریکا دەگرێت و دەڵێ زانیاری لەبارەی بارودۆخی سووریا نییە، بەتایبەتی ئەو ناوچانەی لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا شەڕی نێوان هەسەدە و سوپای تورکیایان تێدا بووە. نێردەی پێشووی سەرۆکایەتیی ئەمەریکا لە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش بە کەناڵی MSNBCی ئەمەریکی ڕاگەیاندووە: لە ماوەی 10 ڕۆژی ڕابردوودا 160 هەزار کەس ئاوارەبوون و، نیوەی ئەوانیش منداڵ بوون. تاوانی جەنگ ئەنجامدراوە. ژنان لەنێو پاسدا دابەزێنراون و لە قەراخ ڕێگەکان کۆژراون، داعشە زیندانییەکان هەڵاتوون، ئەمەریکییەکان ئەو پێگانەیان بەجێهێشتن کە ماوەیەکی زۆر بوو تێیاندا بوون و ڕادەستی ڕووسەکانیان کردن، یان بۆردوومانیانکردن بۆ ئەوەی نەکەونە دەستی ئۆپۆزیسیۆنی سەر بە تورکیا.

ئەوگوتانەی مەکگۆرک لەکاتێکدان لە 2019/10/9ـەوە تورکیا دەستی بە هێرشکردن کردووە بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان بە یارمەتیی گرووپە چەکدارەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا، دواتر ئەمەریکا و تورکیا ڕێککەوتنێکی 13 خاڵییان واژۆکرد و، بەپێی ڕێککەوتنەکە ماوەی 5 ڕۆژ ئاگربەست دەبێت بۆ ئەوەی هێزە کوردییەکان بەقوواڵیی32 کیلۆمەتر لەسەر سنووری تورکیا (ڕۆژئاوای کوردستان) بکشێنەوە، بەڵام هەسەدە دەڵێ تورکیا بەردەوامە لە هێرشەکانی و ئاگربەستەکەی پێشێل کردووە. مەکگۆرک ئاماژەی بەوەش کردووە "هەندێک لە شارۆچکەکان بەتەواوی گەمارۆدراون، لەوانەش سەرێ کانی کە نزیکەی 45 هەزار کەسی تێدا دەژین و ئێستا لە لایەن ئۆپۆزیسیۆنی سووریای سەر بە تورکیاوە گەمارۆدراوە. ئەوان "شەڕقانان" پێنج ڕۆژیان لەبەردەستە بۆ ئەوەی بچنە دەرەوە، ئەگەرنا تورکیا دەست بە ئۆپەراسیۆنەکەی دەکاتەوە. ئەمەش ئەو تاکتیکە بووە کە بەدرێژایی شەڕی ناوخۆی سووریا لە لایەن بەشار ئەسەدەوە بەکارهێنراوە. تەنیا بژاردەی هەسەدە، بەداخەوە، لەگەڵ دیمەشق و ڕووسەکاندایە.

مەکگۆرک دەشڵێت، ترەمپ وا خۆی دەردەخات بارودۆخەکە لەژێر کۆنترۆڵی دایە، بەڵام بەو جۆرە نییە و چەند ڕۆژێکی دیکەش ئەردۆغان و پووتین لە ڕووسیا کۆدەبنەوە و لەوێ ڕێککەوتنەکان یەکلایی دەکرێنەوە.



نامەی هاوژینی سەربازێکی ئەمەریکا بۆ کورد

منداڵەکانم بە جلوبەرگی نەخشێنراوی کوردییەوە یاریی تۆپی پێ دەکەن

رووداو: هاوژینی سەربازێکی پێشووی ئەمەریکا نامەیەکی پڕ سۆز بۆ کورد دەنێرێت و دەڵێت، "هەموو ئەو 14 ساڵەی سەربازانمان لەگەڵ ئێوە لە شەڕ دژی تیرۆر و ستەم کردیان، بە تویتێک ڕێشت". نامەی ئەو ژنە لە میدیای ئەمەریکیدا دەنگی داوەتەوە، هەرچەندە ناوی ئاشکرا نەکراوە، بەڵام دەڵێت هاوژینەکەی سەرباز بووە لە پرۆسەی ئازادی عێراق، کورد هاوکاری بوونە بۆ گەڕانەوەی بۆ نێو خێزانەکەی بە سەلامەتی، بۆیە وەکو ئەو ژنە دەڵێت تا ماوە سوپاسی کورد دەکات، لەو دۆخەشدا نزا بۆ کورد دەکات کە بەردەوام سەلامەت بن و هیچ هەڕشەیەک لەسەر کورد نەبێت.

ئازیزان سەربازانی کورد...

ئێوە من ناناسن، بەڵام من لەوەتەی پێگەیشتووم ئێوە دەناسم، ڕاستەوخۆ دوای هاوسەرگیری من و هاوژینە سەربازەکەم نێردرا بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بۆ ئەوەی بەشداری لە هێرشی ساڵی 2003ی سەر عێراق بکات، ترسم هەبوو ئەو و هێزە تایبەتییەکانی ئەمەریکا ڕووبەڕووی چی دەبنەوە کاتێک دەگەنە ئەو ناوچەیە.

دەبێت شەڕ چەند سەخت بێت؟ چەند لەوێ دەمێنێتەوە؟ ڕزگاری دەبێت؟ دوای چەندین مانگ گەڕایەوە لام و پێکەوەبوویین باسی ئەزموونی خۆی بۆمن کرد، من پرسیارم لێیکرد، ڕەوشی چۆن بوو لەوێ، بەوشێوەیە وەڵامی دامەوە "هاوکاری کراین، کورد هەبوون هاوکاریان کردین".

ئەو چیرۆکی ئەوەی بۆ گێڕامەوە چۆن کورد لە باکووری عێراق پاڵپشتی سەربازانیان کردووە، ئامۆژگاریان کردوون، لەگەڵیان بوون، شان بەشانی یەکدی شەڕیان کردووە، بوونەتە هاوپەیمان و دۆست، منیش سوپاسگوزاربووم، زۆر سوپاسم کردوون، تا هەتایە ستایش و سوپاستان دەکەم.

لەوکاتەوە وشەی کورد لەماڵەکەم مانایەکی دیکەی هەبوو،مانای هاوپەیمانی و دۆست بوو بۆ من، هەندێک وێنەی هاوژینەکەم و کورد هەبوون پێکەوە، وێنەی ئەو و کورد لە ماڵەکەم هەڵواسرابوو، کوپێکی قاوەم هەبوو کە وێنەی ژنێکی سەربازی کوردی لەسەر بوو، من بە شانازیەوە ئەو کوپەم بۆ بیرهێنانەوەی ئێوە بەکاردێنم، منداڵەکانم بە جلوبەرگی نەخشێنراوی کوردییەوە یاری تۆپی پێ دەکەن .

خەڵکی کوردستان، بێ ناو نین، بێ ڕەنگ نین لە جیهان، ئێوە لەماڵەکەی من جێگەی ڕێز و شکۆن، بۆ من زۆر گرنگە کە بزانن، من زۆر قەرزارتانم، هاوژینەکەم ئەمڕۆ دوای چەندین ساڵ شەڕ، سەلامەتە دەزانم ئێوە هاوکاریتان کرد.

بەڵام ئێستا من هەوالی زۆر ناخۆش دەبیستم، دەبینم پەیمان دەشکێنرێن، پێشکەوتن نامێنێت، ساڵانێک کارکردنی پێکەوەیی و قوربانیدانی بێتوێنە بە تویتێک ڕۆیشت، دەبینم خیانەت لە هاوپەیمانانمان دەکرێت، خیانەت لەو ڕووخسارانە دەکرێت لەنێو چوارچێوەی وێنەکانی ماڵەوەم دان، لەکاتێکدا سەیری تەلەفزیۆن دەکەین، منداڵەکانم ڕووم تێدەکەن و دەپرسن، ئەوانە دۆستی ئێمە نەبوون؟ دەڵێم بەڵێ، دواتر شێواوی لە ڕووخساریان دەبینم.

ناتوانم بیهێنمە بەڕچاوم خێزانەکانتان لە چ دۆخێکدان، ناتوانم پێشبینی بکەم لە چ دۆخێکدان، ناتوانم پێشبینی ئەو شتانە بکەم، چونکە بە دریژایی 17 ساڵی ڕابردوو شەڕتان کرد بۆ هاوکاری ئێمە، بۆ ئەوەی ڕێگەنەدرێت هێرش بکرێتە سەر خاکی ئێمە، دەشزانم ئێستا سەلامەتی ئێوە مەترسی لەسەرە، ئەوە دڵم دەشکێنێت.

من لە کۆی هاتووم، وشەی کەسێک مانایەکی دەبێت، شکۆ و سەروەرێمان هەموو شتێکە، دەزانم بۆ ئێوەش هەروایە، بە خوێندنەوەی ڕۆژنامەکانی جیهان، ئەوەت بۆ دەردەکەوێت، وڵاتەکەم پشتی لە کورد کرد، ئەوەش بەڕاستی ناخهەژێنە.

بڕیاری بەپەلەی هاوشێوە نەک هەر خەڵکی ئێوەی خستووەتە ڕەوشێکی زۆر مەترسیدار، بەڵکو ڕەوشێکی بۆ سەربازانی ئێمەش دروست کردووە لەسەر سنووری تورکیا و سووریا کە زۆر زەحمەتە، هاوژینەکەم لەسەر ئەو سنوورە لەگەڵ ئێوە بوو، زۆر لەمێژ نییە، بۆیە ناتوانم ئەوە بهێنمە پێش چاو سەربازان و خانەوادەکانیان چ هەستێکیان هەیە ئێستا.

پرسەکە تەنیا سەلامەتی نییە، بەڵکو زۆر قورسە خەمڵاندن بۆ هەستی سەربازانی ئەمەریکی بکەین کە چۆن هاوبەش و هاوپەیمانێک داوای هاوکاری دەکات ، ڕێگەیان پێنادرێت وەڵامدەر بن بۆ هاوکاریان، قورسە ئەوە بهێنینە پێش چاو کە ئێوە ڕوو لە پووتین و ڕژێمی ئەسەد دەکەن بۆ پاڵپشتی، چونکە چیدیکە ناتوانن پشت بە بەڵێنەکانی ئەمەریکا ببەستن.

من نیگەرانی سەلامەتی ئێوە و خێزانەکانتانم، نیگەرانی ناسەقامگیری ناوچەکە و داهاتووی ئەو ناوچەیەم کە دەبێت چۆن بێت.

نیگەرانی هەزاران چەکداری داعشم کە زۆر بە زەحمەت توانرا دەستگیربکرێن، نیگەرانی ئەوەم کە ئێوە دەبێت ئەو شۆینانە بەجێبێڵن بۆ بەرگریکردن لە خۆتان، ناتوانم ببهێنمە بەرچاوم کە چۆن هەڕەشە لەسەر هەموومان دروست بووە، سەیری ڕووخساری هاوژینەکەم دەکەم کاتێک سەیری هەواڵەکان دەکات، تەنیا وشەیەک بێتە هزرمان ئەوەیە بڵێین "داوای لێبوردن دەکەین".

من ئەمڕۆ بەناوی خێزانەکەم بۆتان دەنووسم، پێتان دەڵێم سوپاس بۆ هەموو ئەو شتانەی بۆ ئێمەتان کرد، سوپاس بۆ دۆستایەتیتان، سوپاس بۆ بەجێگەیاندنی بەڵێنەکانتان و شەڕکردنتان شان بەشانی ئێمە، بۆ مانەوەتان لەگەڵمان سالّ لە دوای سالّ، ئێوە نزای منتان هەیە ئەمڕۆ، نزا بۆ ئەوە دەکەم کە سەلامەتیتان بۆ بگەڕێتەوە، سوپاس بۆ خێزانەکانتان کە قوربانیان دا لەگەڵ ئێوە، وایان کرد ئەو هاوبەشیە دروست بێت

نزا دەکەم بگەڕێینەوە لای یەکدی ، پاڵپشتی ئێوە بکەین، بۆ ئەوەی بڵێین هەموو ئەوەی کرا بە فیرۆ نەڕۆیشت.

هەمیشە لەگەڵتانم

هاوژینێکی بەوەفا

دوو بەرپرسی باڵای دیموکراتەکان ناڕەزایی بەرامبەر ڕێککەوتنەکەی ئەنکەرە دەردەبڕن

ئەردۆغان دەستی لە هیچ هەڵنەگرتووە و ترەمپیش هەموو شتێکی داوەتێ



دەنگی ئەمەریکا: نانسی پیلۆسی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمەریکا و چەک شومەر سەرۆکی دیموکراتەکان لە ئەنجومەنی سینات پێکەوە ڕاگەیاندنێکیان بڵاوکردەوە سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری سزادانی کاربەدەستانی حکوومەتی تورکیا لەلایەن سەرۆک ترەمپەوە لە پاش ئەو ڕێککەوتنەی دوێنێ پێنجشەممە لە ئەنکەرە پێیگەیشتن.

لە ڕاگەیاندنەکەیاندا دەڵێن: بڕیاری سەرۆک بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو سزایانەی سەر تورکیا سەپێندراون بەهۆی هێرشی دڕاندنەی بۆ سەر هاوبەشە کوردەکانمان، لە بەرامبەر ئاگربەستێکی بە ڕواڵەت، بە شێوەکی مەترسیدار متمانەکردن بە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا دەخاتە ژێر پرسیارەوە، وە پەیامێکی مەترسیدار بە هاوپەیمان و دۆزمانمان دەنێرێت کە ئەویش ئەوەیە ناکرێت متمانە بە قسەکانمان بکرێت. ئەردۆغان دەستی لە هیچ هەڵنەگرتووە و سەرۆک ترەمپ هەموو شتێکی داوەتێ، تورکەکان بە ئاشکرا گوتویانە ' ئەمە ئاگربەست نییە وە بە ڕوونی گوتوویانە بۆ ماوەی 120 کاتژمێر ئۆپەراسیۆنەکە ڕادەگرن هەتا تیرۆرستان دەڕۆن '. کە ئەمە مەبەستیان جەنگاوەرە کوردە قارەمانەکانە ئەوانەی نزیکەی 11 هەزار قوربانییان داوە لە شەڕەکەماندا بۆ شکستهێنان بە داعش. هەروەها ئەم ڕێککەوتنە هیچ سوودی نییە بۆ ڕێگەگرتن لە هەڵهاتنی داعشە زیندانیکراوەکان، وە نیشانی دەدات سەرۆک بە تەواوی هیچ ستراتیژیەتێکی نییە بۆ شکستهێنان بە داعش. ئەو قسەیەی دەڵێن تورکیا و سووریا پاسەوانی زیندانیکراوەکان دەکەن جێی شەرمە و ئاسایشی وڵاتەکەمان دەخاتە بەر مەترسییەوە. هێشتا داعش هەڕەشەیە، وە بێ گومان لە جاران زیاتر سەرۆک ترەمپ گلۆپی سەوزی بۆ ئەردۆغان هەڵکردووە بۆ ئەنجامدانی هێرشی داگیرکاری بۆ سەر سووریا.

سەرۆک ترەمپ ئاژاوە و نائارامییەکی لە سووریا نایەوە کە بووەتە هۆی کۆژرانی دەیان کەسی سیڤیلی بێ تاوان، وە ئاوارەبوونی سەدان هەزار کەسی دیکە و داعش هان دەدات سەرلەنوێ بگەڕێتەوە. تەنیا نەیارانمان سوودمەندن لە سیناریۆکە. هەفتەی داهاتوو، ئەنجومەنی نوێنەران کۆمەڵێک سزای توند پەسەند دەکات کە لەلایەن هەردوو پارتەوە ئامادەکراون بۆ نەهێشتنی ئەو کارەساتە مرۆییەی سەرۆک ترەمپ لە سووریا نایەتەوە.

ئۆپۆزسیۆنی تورکیا خۆی بۆ وەرگرتنی دەسەڵات لە ئەردۆغان ئامادە دەکات

جانان کەفتەنجیئۆغلو: دەسەڵات سیاسەتی دەرەوەی بە شێوەیەکی زۆر پراگماتێک بەڕێوە دەبات



بڕیارە ئەمڕۆ یەکشەممە پارتی گەلی کۆماری لە ئیستەنبوڵ کۆبوونەوەیەکی زۆر گەورە ئەنجام بدات، ئامانجی کۆبوونەوەکەش چۆنیەتیی ئامادەکردنی پارتەکەیانە بۆ وەرگرتنی کورسیی دەسەڵات لە تورکیا، چونکە وەکوو ئەوەی بەرپرسێکی ئەو پارتە ئاماژەی بۆ دەکات، جەهەپە هەنگاوی بەرەو وەرگرتنی دەسەڵات ناوە و ئیدی وەکوو ئۆپۆزسیۆن نامێنێتەوە. جانان کەفتەنجیئۆغلو بەرپرسی لقی جەهەپە لە ئیستەنبوڵ، لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (جومهوریەت)ی تورکی کە دوێنێ شەممە باڵاو کراوەتەوە، باس لە کۆبوونەوەیەکی گەورەی پارتەکەی دەکات لە ئیستەنبوڵ. کەفتەنجیئۆغلو ئاشکرای دەکات، لە کۆبوونەوەکەدا 700 کەسایەتی بەشداری دەکات، کە بەشێکی زۆری ئەو کەسایەتییانە پێشتر بەرپرسیاریەتیان هەبووە لە تورکیا و بڕۆچوون و نەخشەڕێگای چۆنیەتیی چوونە دەسەڵات گفتوگۆی سەرەکی ئەو کۆبوونەوەیەدا دەبێت.

ئەو بەرپرسەی جەهەپە ئاماژەی بەوەش داوە: جەهەپە هەنگاو بەرەو چۆنیەتیی وەرگرتنی کورسیی دەسەڵات دەنێت لە تورکیا، چونکە ئاستی جەماوەریی ئەو پارتە بەردەوام لە هەڵکشانە و بیرکردنەوە لە چۆنیەتیی وەرگرتنی دەسەڵات گرنگە و پێویستیشیان بە پێشنیاری شارەزایان هەیە.

ئەو لەبارەی هێرشی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان گوتی: دەسەڵات سیاسەتی دەرەوەی بە شێوەیەکی زۆر پراگماتێک بەڕێوە دەبات، ئەمەشی تەنیا بۆ کاریگەریی خۆیەتی لەسەر سیاسەتی ناوخۆ. ئاکەپە لە پشتەوەی دەرگا ڕێککەوتنی زۆر نهێنیی ئەنجام دەدات کە کەس ئاگای لێی نییە و بڕیارەکانیش بەردەوام بە تەنیا دەدات و ئێمە بەردەوام گوتوومانە پێویستە تورکیا لەگەڵ ڕژێمی بەشار ئەسەد ڕاستەوخۆ گفتوگۆ بکات نەک لەگەڵ لایەنی دەرەوەی ئەسەد.

بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییەکانی پارتی بە جیا پێشوازی لە شاندێکی یونامی و پارتی بونیادی دیموکراتی کوردستان دەکات




عەلی حسێن بەڕێوەبەری پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان بەئامادەبونی ئەندامانی مەکتەب، پێشوازی لە مانوج ماسیو بەڕێوبەری کاروباری سیاسی یونامی لە عێراق و فرانس ڕیفالتوو لاناو ڕاوێژکاری سیاسی و سەردەستەی تیم لە نوسینگەی هەرێمایەتی یونامی لە هەولێر و شیرزاد جەوهەر ڕاوێژکار لە نوسینگەی یونامی لە هەولێر کرد.

لە دیدارێکدا، ڕەوشی سیاسی عێراق و هەرێمی کوردستان و پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو حکومەت و چارەسەرییەکان بۆ گەیشتن بەتەواوی کێشەکان گفتوگۆی لەسەر کرا، هاوکات هێرشی تورکیاو بارودۆخی ناجێگیری ڕۆژئاوای کوردستان و کاریگەرییەکانی بەسەر ڕەوشی ناوچەکە و هەرێمی کوردستان و ئاوارەبوونی دەیان هەزار خەڵکی سڤیل بەگرنگی باسی لێوە کرا. هەرلەو دیدارەدا عەلی حسێن داوای کرد یونامی و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ڕۆڵی زیاترو کاریگەرتر ببینن بۆ ڕێگرتن لە جەنگ و هێنانەکایەی ئارامی و ئاشتی و جێگیربوونی ئاسایش بۆ ڕۆژئاواو ڕێگریکردن لە دوو بارە سەر هەڵدانەوەی داعش لە ناوچەکە.

لە لایەکی دیکەوە، بەرپرسی فرسەت سۆفی پاریزگاری هەولێر سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی لێژنەی بەرگرتن لە ئەگەری دروست بوونی لافاوی پاریزگاری هەولێری کرد. لە کۆبوونەوەکەدا باس لە ئامادەکارییەکانی ڕووداتی لافاو لە سنووری پاریزگای هەولێر لە وەرزی باران و زستان کرا و تیکڕای داموددەزگاکان بە ئەرکی خۆیان هەڵبستن و چارەسەری کەم و کوڕی و شوێنە پێشبینیکراوەکان بکەن کە ڕەنگە لافاویان تێدا ڕووبدات.

هەروەها ئامادەکاری تەواویش ڕاگەیندرا بۆ بەشداریی تیمەکانی فریاگوزاری و شارەوانی و بەرگری شارستانی لەکاتی ڕووداتی هەر لافاوێک بۆ ئەوەی بە کەمترین زیان مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی پێشوازی لە شاندێکی پارتی بونیادی دیموکراتی کوردستان لە هەولێر کرد، کە پێکهاتبون لە شێخ عەبدوڵڵا ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتی و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی بونیادی دیموکراتی. لە دیدارێکدا خەباتی سیاسی و نەتەوەیی و نیشتمانی و خزمەتکردن بە پرسە دیموکراتیەکان و بەردەوامی هەماهەنگییەکان نێوان هەردوولاو پارت و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان لەپێناو سەرخستنی ئامانجەکانی گەلی کوردستان تیشکی خرایەسەر.

پاڕێزگای هەولێر ئامادەکاری پێشوەختە بۆ وەرزی باران و ئەگەرەکانی لافاو دەکات



لەڕاگەیاندراوێکدا وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزاری هەرێمی کوردستان بڵاوی کردەوە، کە کارکردن لە شەقامی 150 مەتریی هەولێر بەردەوامە، پرۆژەی شەقامی 150 مەتریی هەولێر بە پێنج قۆناغ جێبەجێ دەکرێت.

ڕاشیدەگەیەنن، قۆناغی یەکەم 14 کیلۆمەتری تەواو دەکرێت، کە ڕێگەی بەحرکە بە ڕێگەی کۆیە دەگەیەنێت. وەزارەتی شارەوانی دەشڵێت، شەقامی 150 مەتری لە هەولێر، درێژییەکەی 70 کیلۆمەترە، هەر ئاراستەیەکی نزیکەی 20 مەتر پانە و پێنج ئۆتۆمبێل دەتوانن بە تەنیشت یەکەوە لەسەری ڕێبکەن.

کارکردن لە شەقامی 150 مەتری هەولێر بەردەوامە و پرۆژەکە بە 5 قۆناغ جێبەجێ دەکرێت



بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییەکانی پارتی بە جیا پێشوازی لە شاندێکی یونامی و پارتی بونیادی دیموکراتی کوردستان دەکات

عەلی حسێن بەڕێوەبەری پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان بەئامادەبونی ئەندامانی مەکتەب، پێشوازی لە مانوج ماسیو بەڕێوبەری کاروباری سیاسی یونامی لە عێراق و فرانس ڕیفالتوو لاناو ڕاوێژکاری سیاسی و سەردەستەی تیم لە نوسینگەی هەرێمایەتی یونامی لە هەولێر و شیرزاد جەوهەر ڕاوێژکار لە نوسینگەی یونامی لە هەولێر کرد.

لە دیدارێکدا، ڕەوشی سیاسی عێراق و هەرێمی کوردستان و پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو حکومەت و چارەسەرییەکان بۆ گەیشتن بەتەواوی کێشەکان گفتوگۆی لەسەر کرا، هاوکات هێرشی تورکیاو بارودۆخی ناجێگیری ڕۆژئاوای کوردستان و کاریگەرییەکانی بەسەر ڕەوشی ناوچەکە و هەرێمی کوردستان و ئاوارەبوونی دەیان هەزار خەڵکی سڤیل بەگرنگی باسی لێوە کرا. هەرلەو دیدارەدا عەلی حسێن داوای کرد یونامی و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ڕۆڵی زیاترو کاریگەرتر ببینن بۆ ڕێگرتن لە جەنگ و هێنانەکایەی ئارامی و ئاشتی و جێگیربوونی ئاسایش بۆ ڕۆژئاواو ڕێگریکردن لە دوو بارە سەر هەڵدانەوەی داعش لە ناوچەکە.

لە لایەکی دیکەوە، بەرپرسی فرسەت سۆفی پاریزگاری هەولێر سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی لێژنەی بەرگرتن لە ئەگەری دروست بوونی لافاوی پاریزگاری هەولێری کرد. لە کۆبوونەوەکەدا باس لە ئامادەکارییەکانی ڕووداتی لافاو لە سنووری پاریزگای هەولێر لە وەرزی باران و زستان کرا و تیکڕای داموددەزگاکان بە ئەرکی خۆیان هەڵبستن و چارەسەری کەم و کوڕی و شوێنە پێشبینیکراوەکان بکەن کە ڕەنگە لافاویان تێدا ڕووبدات.

هەروەها ئامادەکاری تەواویش ڕاگەیندرا بۆ بەشداریی تیمەکانی فریاگوزاری و شارەوانی و بەرگری شارستانی لەکاتی ڕووداتی هەر لافاوێک بۆ ئەوەی بە کەمترین زیان تێبپەڕێت، لەو پێناوەش ئامێر و ستافەکان و دانانی ژووری عەمەلیاتی فریاگوزاری بۆ هەر حاڵەتێکی کە پێویست بە فریا گوزاری و چارەسەر کردنی کەم و کوڕییەکان بکات.

جێی باسە تاهیر عەبدوڵا جێگری پاریزگار و نەبەز عەبدولحەمید قایمقامی قەزای ناوەندی و ژمارەیەک بەڕێوبەری پەیوەست ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون.

بەڕێوبەرایەتی پەیوەندییەکانی پارتی بە جیا پێشوازی لە شاندێکی یونامی و پارتی بونیادی دیموکراتی کوردستان دەکات

عەلی حسێن بەڕێوەبەری پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان بەئامادەبونی ئەندامانی مەکتەب، پێشوازی لە مانوج ماسیو بەڕێوبەری کاروباری سیاسی یونامی لە عێراق و فرانس ڕیفالتوو لاناو ڕاوێژکاری سیاسی و سەردەستەی تیم لە نوسینگەی هەرێمایەتی یونامی لە هەولێر و شیرزاد جەوهەر ڕاوێژکار لە نوسینگەی یونامی لە هەولێر کرد.

لە دیدارێکدا، ڕەوشی سیاسی عێراق و هەرێمی کوردستان و پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو حکومەت و چارەسەرییەکان بۆ گەیشتن بەتەواوی کێشەکان گفتوگۆی لەسەر کرا، هاوکات هێرشی تورکیاو بارودۆخی ناجێگیری ڕۆژئاوای کوردستان و کاریگەرییەکانی بەسەر ڕەوشی ناوچەکە و هەرێمی کوردستان و ئاوارەبوونی دەیان هەزار خەڵکی سڤیل بەگرنگی باسی لێوە کرا. هەرلەو دیدارەدا عەلی حسێن داوای کرد یونامی و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ڕۆڵی زیاترو کاریگەرتر ببینن بۆ ڕێگرتن لە جەنگ و هێنانەکایەی ئارامی و ئاشتی و جێگیربوونی ئاسایش بۆ ڕۆژئاواو ڕێگریکردن لە دوو بارە سەر هەڵدانەوەی داعش لە ناوچەکە.

لە لایەکی دیکەوە، بەرپرسی فرسەت سۆفی پاریزگاری هەولێر سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی لێژنەی بەرگرتن لە ئەگەری دروست بوونی لافاوی پاریزگاری هەولێری کرد. لە کۆبوونەوەکەدا باس لە ئامادەکارییەکانی ڕووداتی لافاو لە سنووری پاریزگای هەولێر لە وەرزی باران و زستان کرا و تیکڕای داموددەزگاکان بە ئەرکی خۆیان هەڵبستن و چارەسەری کەم و کوڕی و شوێنە پێشبینیکراوەکان بکەن کە ڕەنگە لافاویان تێدا ڕووبدات.

هەروەها ئامادەکاری تەواویش ڕاگەیندرا بۆ بەشداریی تیمەکانی فریاگوزاری و شارەوانی و بەرگری شارستانی لەکاتی ڕووداتی هەر لافاوێک بۆ ئەوەی بە کەمترین زیان تێبپەڕێت، لەو پێناوەش ئامێر و ستافەکان و دانانی ژووری عەمەلیاتی فریاگوزاری بۆ هەر حاڵەتێکی کە پێویست بە فریا گوزاری و چارەسەر کردنی کەم و کوڕییەکان بکات.

جێی باسە تاهیر عەبدوڵا جێگری پاریزگار و نەبەز عەبدولحەمید قایمقامی قەزای ناوەندی و ژمارەیەک بەڕێوبەری پەیوەست ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون.

بەڕێوە

بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا تا چەند کاریگەریان لەسەر پێشوەبردنی ڕۆڵی ئافرەت هەبووە؟


د. ئەکرەم فەرەیدون: بەدەستهێنانی بڕوانامە بەبێ پاشخانی فیکری و باش مامەڵەنەکردن تەنها کاغەزێکە




باران محەمەد: ئێستا لە زۆرینەی بوارەکان ئافرەت لە پاڵ پیاوەکان کار دەکەن و ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن

ڕاپۆرت: پەریها عومەر

گرنگی بڕوانامە بالاکانی وەک ماستەر و دکتۆرا بۆ ئافرەت چییە، ئەو ئافرەتانەی بڕوانامەی بەرزیان هەیە تاچەند توانیوویانە لەبوارەکەی خۆیاندا سەرکەوتووبن؟ لەم ڕاپۆرتەدا ئەم پرسە دەخەینە بەردەم چەند مامۆستایەکی زانکۆ:


د.ئەکرەم


باران محەمەد


تانیا نوردین

تانیا نوردین مامۆستای زانکۆ دەڵێت: بەڕوچوونی من ئافرەت ڕۆڵێکی کاریگەرو زۆر باشی هەیە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ حەزی ئافرەتان لە پیشەی مامۆستایەتی بە تایبەتی مومارەسەکردنی ئەو پیشەیە لە ئاستێکی بەرزتری وەک زانکۆ ڕۆڵەکەیان کاریگەرتر دەبێت لەو بوارە.

دکتۆر ئەکرەم فەرەیدوون لەزانکۆی سەلاحەدین بەشی ڕاگەیاندن لەم بارەیەوە دەڵێت: بوونی بڕوانامە بۆ هەردوو ڕەگەز گرنگە و بە گرنگ تەماشا دەکرێت لە هەر پسپۆرییەکدا بێت، ئەمەش لە ڕەگەزی مێینەدا گرنگتر و دەبێت زیاتر هانبدرێت. وەرگرتنی هەر بڕوانامەیەک لەدوای بەکالۆریۆس پێویستی بە ماندووبوون و شەونخونی و زیاتر ماندبوون و هەست بە بەرپرسیارێتی لە کایەکانی ژیاندا هەیە، ئەمە لەلایەک و پاش وەرگرتنی ئەو بڕوانامانە و چۆنیەتی مامەڵەکردندیان لەگەڵ خود و چواردەوردا لەلایەکی ترەوە.

دکتۆر ئەکرەم گوتیشی: پێویستبوون و بەدەستهێنانی بڕوانامە بەبێ پاشخانی فیکری و باش مامەڵەنەکردن تەنها کاغەزێکە و بە دەیت.

گوتیشی: بڕوانامە لەهەموو پسپۆرییەکاندا زۆر گرنگە هەڵواسینیشی ڕێگەگرتنێکی جوان نابێت لە ژووەرکاندا، بۆیە بەدەستخستن و ڕۆڵ بینین و گرتنەبەری ڕێگەیەکی پرۆفیشناڵانە لە پسپۆریدا دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ئەو ڕێگایانەی کە دەبێ بەشێوەیەکی زانستیانە بیانبڕیت و هەوڵیان بۆ دەدیت.

گوتیشی: بڕوانامە لەهەموو پسپۆرییەکاندا زۆر گرنگە بەتایبەتی ڕۆڵی خۆی دەبێ لە گۆڕین و فەراهەمکردنی جوانییەکانی ژیان بۆیە دەبێ زۆر هەوڵی بۆ بدرێت و ڕێگای کردنەوەی ئەو گرێکوێرانەی کە لەبەردەمی بەدەستهێنانی ئەو پلە زانستیانەدا هەن دەبێ بکرێنەوەو ئاسانکاری بکرێت بۆ گەیشتن پێیان. ئافرەتانیش وەک بەشێکی هەرە گرنگی ناو کۆمەڵگەی کوردەواری دەبێ سەرمەشقبن لە ڕۆڵ بینین و وەرگرتنی ئەو پلە زانستیانەی کە پێویستن بۆ خزمەت بە نەوەکانی داهاتوو. ئەمەش وەک پێویستیەکی زۆر دەبێ ڕەچاو بکرێت و هانبدرێن تا هەنگاوەکان زیاتر و زیاتر بەرەوپێش بڕۆن. کەمبوونی هەر پسپۆرییەک هەموو تاکەکان بەڕپرسیارن بەهەردوو ڕەگەزەوە و هەر یەکەیان بەپێی کەم و زۆریان ئەو ئازارەیان بەردەکەوێت کە نەیانتوانیوە بەبنە هۆکارێک بۆ هەڵکردنی ئەو ڕووناکیەکی کە هەمووان چاوەڕوانی دەکەن ڕێگا سەختەکانیان بۆ ڕۆشن بکەنەوە.

باران محەمەد مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین بەشی ڕاگەیاندن دەڵێت: ئافرەت لە هەر بوارێکی کارکردن بە هۆکاری پێشکەوتنەکانی سەردەم و کرانەوەی ئەقلەکان ڕۆڵی زیاتر بووە ئێستا لە زۆرینەی بوارەکان ئافرەت لە پاڵ پیاوەکان کار دەکەن و ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن، سەبارەت بە ڕۆڵی ئافرەت لە بەدەستهێنانی بڕوانامە و پلەی بالاتر لەسەر ئاستی ئەکادیمی لە ئێستادا ئەوەی بەرچاوە ڕێژەیەکی باشە، بەڵام بوونی ئافرەت تەنها ناکرێ لە زیادبوونی ڕێژە و ژمارە بوەستێت. ئافرەتان توانیویانە تا ئاستێک بڕن بە سیمبولێک لە بواری خوێندن قوتابیانی تری کچ زیاتر هانبدرێن بۆ کارکردن و درێژەدان بە خوێندن، هەرچی سەبارەت بەوەی ڕێژەی ئافرەت ڕەنگە بەرامبەر نەبێ بە پیاو، چونکە بۆ ئافرەت ئەو ماوەیەی کە کرانەوەی ئەقلەکان دروست بووە ڕەنگە زۆر نەبێت کە لە زووەوە ئافرەتان لەو بوارە چانسی زیاتریان هەبێ.

هەڵەبجە.. پێشانگای ساڵانەی بەروبوومە کشتوکاڵییەکان کرایەوە

بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەڵەبجە پێشانگای ساڵانەی خۆی بۆ بەروبوومە کشتوکاڵییەکانی ناوچەکە لەژێر ناونیشانی (پاییزی هەڵەبجە) کردەوە



خەبات: هەڵەبجە

ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو لە شاری هەڵەبجە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەڵەبجە پێشانگای ساڵانەی خۆی بۆ بەروبوومە کشتوکاڵییەکانی لەژێر ناونیشانی (پاییزی هەڵەبجە) کردەوە .

لە پێشانگاکەدا چەندین بەروبومی کشتوکاڵی ناوخۆیی و بەرهەمەکانیان نمایش کرابوون، دیارترینیان هەنار و گوێز بوو کە ناوچەکە لەو دوو بەرهەمەدا ناوبانگی خۆی هەیە و هەنار و گوێزی هەڵەبجە و هەورامان ڕەوانەی شارەکانی تری هەرێمی کوردستان و عێراقیش دەکرێت.

وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بێگەرد تاڵەبانی کە لە کردنەوەی پێشانگاکەدا ئامادەبوو، باسی لە گرنگی کردنەوەی ئەم جۆرە پێشانگایانە کرد بۆ ساغکردنەوەی بەروبومی جووتیاران لە هەرێمی کوردستان.

بێگەرد تاڵەبانی لە گوتەیەکدا بۆ بەشداربووانی پێشانگاکە گوتی: سیاسەتی وەزارەتی کشتوکاڵ ئەوەیە بازاڕی میللی لە هەموو شارەکان دروست بکەین و ئێستا خەریکی ئەوەین تاوەکو بتوانین ئەوە بکەینە نەریتێکی بەردەوام و پاڵپشتیکردنی جووتیارانی هەرێم ، ئەم پارێزگایەش دەڵەمەندە بە کۆمەڵێک بەروبومی کشتوکاڵی لە دیارترینیان هەنار و گوێزی هەورامانە.

تاڵەبانی ئاماژەی بەوەش کرد، ساغکردنەوەی بەروبومی کشتوکاڵی ئەرکی وەزارەتی کشتوکاڵە و ستراتیجمان ئەوەیە هەرێمی کوردستان بکەینە ناوەندێک بۆ هەناردەکردنی بەروبومە کشتوکاڵییەکان.

سەرپەرشتیارانی پێشانگاکە ئامانجی کردنەوەی ئەو پێشانگایانە دەگێڕنەوە بۆ نیشاندان و نمایشکردنی بەروبومی جووتیارانی ناوچەکە و هەوڵی ساغکردنەوەی ڕاستەوخۆی ئەو بەروبومانەیە بە کرێکاران.

بەختیار فەریق بەڕێوەبەری لاوانی هەولێر بۆ «خەبات»:

تا ئێستا توانیوومانە زیاتر لە 250 قوتابی دابڕاو بۆ پرۆسەی خوێندن بگەڕێنینەوە

ئا: سەرهەنگ ئەحمەدین



هەموو ساڵێک بەڕێوەبەرایەتی لاوانی هەولێر بەڕێوەبەرایەتی گشتی لاوان چەندین جۆرە چالاکیی لەڕێگەی بنکەکانی سنووری پارێزگاری هەولێر بۆ لاوان و ئارەزوومەندان ساز دەکات، لەگەڵ دەستبەکاربوونی بەختیار فەریق وەک بەڕێوەبەری لاوانی هەولێر چەندین گۆڕانکاری گرینگی لەسێکتەری بنەکەکانی لاوان ئەنجام دا بەمەبەستی پێشخستنی ئاست و توانی سەرجەم بنکەکان لەهەموو ڕوویەکەوە، لەهەموشیان گرینگتر بەڕێوەبەرایەتی لاوانی هەولێر بەسەرپەرشتی ئەو بەڕێوەبەرە لیژنەتووە گرێبەستێکی گرنگی لەگەڵ ڕێکخراوی نێو دەوڵەتی یونیسێف ئیمزا کرد بۆ بەڕێوەبردنی چالاکییانی وەرزشیی و هونەرییەکانی نێو بنکەکانی لاوانی سنووری پارێزگای هەولێر.

بۆ تیشک خستنەسەر چەند تەوێکی گرینگ سەبارەت بەو گرێبەستەی نێوان بەڕێوەبەرایەتی لاوانی هەولێر و ڕێکخراوی یونیسێف لەگەڵ بەڕێز بەختیار فەریق کۆرتە دیمانەیەکمان ڕێکخست و ناوبراو لەمبارەیەوە بۆ خەبات ڕاگەیاند: بێگومان ئێمە وەک بەڕێوەبەرایەتی لاوانی هەولێر هەڵساین بەئەنجامدانی گرێبەستێک لەگەڵ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی یونیسێف بەناونی (هەڵمەتێک بەڕەو گەڕانەوە بۆ خوێندن) ،ئەو ناونیشانە تەوێکی گرینگە بۆ سەرجەم قوتابیان و ئەوانەی کەلەخوێندن ماوەیەکی زۆرە دابڕاون جابەهەر هۆکارێک بێت، بۆیە بەباشمانزانی هەڵمەتێک بۆماوەی 50 ڕۆژ ڕابگەیەنین و بەبەردەوامی لەم ماوە دیاریکراوەدا بەهەردوولا بتوانین قوتابیەکان و چینی لاوان و هەرزەکاران ئەوانەی لەپرۆسەی خوێندن دوور کەوتوونەتەوە ئەو هەڵمەتە ڕابگەیەنین بەمەبەستی گەڕانەوەیان بۆ باوەشی قوتابخانەو دەست بەپرۆسەی خوێندن بکەن وەک قوتابیان و هاوڕێیەکانی خۆیان لەنێو قوتابخانەکاندا. بەختیار فەریق لەدرێژەی قسەکانیدا هێمای بۆ تەوێکی گرینگ کرد گوتی: لیژنەیەکمان لە 20تیم پێکهێناوە هەر تیمێک دوو کەس لەخۆ دەگرێت لەهەردوو ڕەگەزی کوڕ وکچ،لەڕێگەی ئەو تیمەوە هەوڵ دەدەین زیاتر لە 1000 منداڵ بۆ پرۆسەی خوێندن بگەڕێنینەوە و لەخوێندن و قوتابخانەکان دانەبڕێن، بێگومان نەمسال بەفەرمی ڕێکەوتین لەگەڵ پەروەردەی گشتی هەولێر و ڕێکخراوی یونیسێف لەپێنج شوێنی جیاواز هەڵمەتی گەڕانەوە بەڕەو خوێندن ڕابگەیەنین ، ئەو پێنج شوێنەش بریتین لە قوشتەپە ،بەحرکە، دارەتوو، بنەسلاوە، خەبات، لەماوەی 50 ڕۆژدا هەوڵ دەدەین لەم پێنج شوێنە زیاتر لە1000 منداڵ بەڕەو پرۆسەی خوێندن بگەڕێنینەوە و ماف خوراو نەبن لەپرۆسەی خوێندن، ئەگەرچی لەماوە کورتەدا بەهاوکاری هەموولایەک توانیمان زیاتر لە 250 قوتابی بەڕەو پرۆسەی خوێندن بگەڕێنینەوە و وەک قوتابیانی دیکەی ئاسایی نێو قوتابخانەکان دەست بەخوێندن و تەواو کردنی قۆناغی خوێندن بکەن ، ئەم هەڵمەتە بەهەڵمەتێکی زۆر گرینگ و مێژووی دائەنێم لەکارو چالاکیی بەڕێوەبەرتیەکەمان، بۆ بەرژەوەندی هەموو قوتابیانی دابراوی شارو شارۆچکەکان ئەم هەڵمەتمان ڕاگەیاندن و تالەتوانامانداوە بێت لەم ماوە دیاریکراوەدا ڕێژەیەکی زۆری قوتابیانی دابراو بگەڕێنینەوە بەڕەو باوەشی پرۆسەی خوێندن.



مەعروف حەمەد سەعید، بەڕێوەبەری پەروەردەی خەبات:

دۆخی میلاک لە قوتابخانەکانمان لە ئاستێکی خراپدایە

خەبات: تریفە ئازاد

سنووری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی خەبات جیا لە سەنتەری قەزای خەبات چەندین ناحیە و کۆمەڵگا و گوند لەخۆوە دەگرێت کە لەڕووی کایەی پەروەردە و فێرکردنەوە ڕووبەرێکی فراوان لە ڕۆژئاوا و باکووری ڕۆژئاوای هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان پێکدەهێنێت. ژمارەی قوتابخانەکانی پەروەردەی خەبات بە باخچەی منداڵان و قۆناغی بنەڕەتی و ئامادەیی و دواناوەندی بریتیە لە (**141**) قوتابخانە. بەڕ لەماوەیەکی کەم پرۆسەی ئالوگۆڕکردنی پۆستی بەڕێوەبەری پەروەردەی خەبات ئەنجامدار و مامۆستا (مەعروف حەمەد سەعید) وەکو بەڕێوەبەری نوێی ئەو پەروەردەیە دەستبەکار بوو.. ئەو لەبارەی کێشە و گیروگرفتەکانی دەبنە ئاستەنگ لەبەردەم بزافی پەروەردە و فێرکردن لەو دەڤەرە بۆ ڕۆژنامەی خەبات دوا.

بەڕێی ڕێنماییەکان هەشتا مامۆستا گواستنەوە دەیانگرێتەوە



بۆ باشکردنی میلاکی قوتابخانەکان چارەنووسی قوتابیانمان بەلاوە گرینگترە لە گلەییەکان

لەڕووی پرسی گواستنەوەی مامۆستایان مامۆستا مەعروف حەمەد سەعید، بەڕێوەبەری نوێی پەروەردەی خەبات باسی لەوە کرد کە: (ئەمساڵ ژمارەیەکی زۆری مامۆستایان داوای گواستنەوەیان کردووە و بەپێی ڕێنماییەکان هەشتا مامۆستا گواستنەوە دەیانگرێتەوە). لەلایەکی دیکەشەوە سەبارەت بە کاریگەری گواستنەوەی مامۆستایان لەسەر کێشەی کەمی میلاکی قوتابخانەکان، گوتی: (پارسااڵ نزیکەی **720** وانەبێژ لە قوتابخانەکانی سەر بە پەروەردەی خەبات وانەیان دەگوتەوە، لە ئێستاشدا میلاکی قوتابخانەکانمان لە ئاستێکی خراپدایە و بۆ باشترکردن و دابین کردنی مامۆستا بۆ قوتابخانەکان هەوڵی تەواوی خۆمان دەدەین و ئەو پرسە دەگەیەنێنیە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر و وەزارەتی پەروەردە).

(بۆ نەهێشتنی بۆشایی و لاوازی لە میلاکی قوتابخانەکان، پێویستیمان بە شەش سەد تاکو شەش سەد و پەنجا مامۆستا هەیە، ئێمە دەرک بەو بارە قورسە دەکەین کە لە قۆناغێکی وەکو ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان سەختە بەپێی حەز و خواستی ئێمە میلاکمان بۆ دەستبەر بکرێ... بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەموو ڕێگایەک دەگرینە بەر کە ئەو پرسە کاریگەری لەسەر ئاستی فێرکردنی قوتابییە چاوگەشەکانمان نەبێت و ئومێدمان زۆرە کە وەزارەتی پەروەردە لە ئێمە پەرۆشترن بۆ تۆکمە کردنی میلاکی قوتابخانەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی قوتابیان و زامنکردنی پاشەڕۆژێکی ڕۆشن بۆ نەوەکان)، بۆ پێداویستی پەروەردەکەیان و دیاری کردنی ژمارەی مامۆستایان مامۆستا بەڕێوەبەری پەروەردەی خەبات وەهای گوت.

لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا، مامۆستا مەعروف حەمەد تیشکی خستە سەر ڕێگەچارەی هێنانی مامۆستا و پڕکردنەوەی ئەو کەلێن و بۆشاییەی لەدەرەنجامی گواستنەوەی مامۆستایان دروست دەبێت. ئەو باسی لەوە کرد کە هەوڵ دەدەن ژمارەی پێویست لە مامۆستایان لەڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر و لە قوتابخانەکانی سەر بە پەروەردەی خەبات بۆ بکرێت و لە هیواشی خواست پەروەردەی گشتی هەولێر یارمەتیدەر و هاوکار بن تاکو بزافی پەروەردە لە سنوورەکەیان باشتر بەڕێوە بچێت.

(گرینگی و بایەخی حکوومەتی هەرێم بە بواری پەروەردە خۆی لە بایەخدان بە دەنگی خواستی وانەبێژان بگەیەنێتە سەرووی خۆی، ئەو پێی وابوو کە بە ئەنجام گەیشتنی ئەو هەوڵە سوودی زۆری بۆ پڕکردنەوەی کەمی لە میلاکی قوتابخانەکان دەبێت.

دواجار مامۆستا مەعروف حەمەد سەعید وەکو بەڕێوەبەری نوێی دەستبەکاربوو لە پەروەردەی خەبات ئاماژەی بەوە کرد کە دەستی بە سەردانی قوتابخانەکان کردووە و لەسەر ئەوە بەردەوام دەبێت تاکو ئاگاداری کێشە و گرفت و پێداویستییەکان بێت، ئەو بناسی لەوەش کرد کە کۆمەڵێک لەداواکاری کارگێڕی قوتابخانەکانی لەلای خۆی تۆمار کردووە و کاریان لەسەر دەکات و ڕاشیگەیاند کە ئەو داواکارییانەی لەلای خۆیان و لەڕێگەی یەکەی ئیدارە لە قەزا و ناحیەکان و شارەوانی و دامودەزگا خزمەتگوزارییەکانی ئەو سنوورە جێبەجێ بکرێ ئەوا جێبەجێی دەکەن، ئەوانی دیکەش بە نووسراو ئاراستەی بەڕێوەبەراتی گشتی پەروەردەی هەولێرو وەزارەتی پەروەردە دەکرێت.

مامۆستا مەعروف حەمەد سەعید بەڕێوەبەری پەروەردەی خەبات نیگەرانی خۆیشی دەربڕی لەوەی کە سەرەڕای ئەو مامۆستایانەی کە گواستنەوە دەیانگرێتەوە ژمارەیەکی زۆرتر داوای گواستنەوە دەکەن. ئەو نەبشارەدەوە کە لەڕێگەی جیاجیاوە هەوڵی ئەوە دەدەن گوشار بکەن تاکو بگوازرێنەوە. بەڵام ئەو دڵنیایی دایە بەڕێوەبەری قوتابخانەکان و مالباتی قوتابیان کە چارەنووسی قوتابیانی لە گلەییەکان بەلاوە گرینگترە، لەمڕووەوە گوتیشی: (ئەو مامۆستایانەی سااڵنی خزمەتیان لەسنوورەکەمان تەواو نەبووە و ڕێنماییەکان نایانگرێتەوە و داوای گواستنەوە دەکەن دەبێ ڕەچاوی ئەوە بکەن کە دۆخی میلاک لە قوتابخانەکانمان لە ئاستێکی خراپدایە، پێویستە ئەوانیش هەست بە بەرپرسیارەتی بکەن کە لە دەرەنجامی گواستنەوەیان زیان وبەر قوتابییەکانیان دەکەوێت).

لەلایەکی دیکەشەوە لەبارەی دامەزراندنی وانبێژان بەشێوەی گرێبەست بەڵێنی ئەوەی دا کە قوتابی و بەرزکردنەوەی ئاستی فێرکردنیان دەبینێتەوە، بۆیە پێویستە هەموو هەوڵ و کۆششەکان لەپێناو ئەو ئامانجە بااڵیە بێت)، ئەمە دید و تێڕوانینی بەڕێوەبەری پەروەردەی خەبات بوو سەبارەت بە کایەی پەروەردە و فێرکردن بەشێوەیەکی گشتی کە بۆ ڕۆژنامەی خەبات ئاشکرای کرد. هەر سەبارەت بە کرداری گواستنەوەی مامۆستایان، بەڕێوەبەری پەروەردەی خەبات میکانیزمەکەی خستەڕوو کە زیاتر لە هەشتا مامۆستای قۆناغی بنەڕەتی و ئامادەیی لەلایەن لێژنەی گواستنەوەوە بەدواداچوون بۆ سااڵنی خزمەت و خاڵەکانیان کراوە و ڕێنماییەکانی گواستنەوە دەیانگرێتەوە. ئەوان ناوەکانیان بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر نارددووە و چاوەڕێی وەاڵم و ڕەزامەندی پەروەردەی گشتین تاکو کۆتایی بە کاروباری گواستنەوەیان بێت و بەڕێ بکرێن.

پەروەردە و فێرکرن بەرەف کیڤە؟

عدان محمد تاهر زێباری

پێشکەفتنا هەر کومەلگەهەکێ د هەمی سکتەران دا هەبونا پەروەردە و فێرکرنەکا دروستە ، ئەڤەش پێتڤیە ژ هەر تاکەکێ بهێت دەست پێکرن ، ب جورەکێ کە ناخ و دل و دەرونێ وان بهێت گوهارتن . پەروەردە و فێرکردنەک ب جورەکێ کە پر بیت زانست ، ڕەوشەنبیری ، داهێنان ، ڕەوشت بەرزی ، ڤیانا خاک و نشتیمان ، گیانێ پێکڤە ژیانێ .....هتد ، ئەڤەش هەمی کەڤیت خزمەت مروڤایەتی دا.. ڤێت قوتابخانە و زانکو و هەمی جهێن پەروەردە و فێرکرنێ مروف بگوهرن بەرەف باشتر و باشترین . ئەڤرو هەرێما کوردستان تا ئاستەکێ زوور باش فێرکرن بەرەف پێش چوون خو دیتیە بەراورد دگەل سااڵنێن بوری ، هەرێما کوردستان بەراورد دگەل زوور وەاڵتان هەتا دگەل عێراقێ جوداهیەکا بەرچاڤ هەیە ، ئەڤ جوداهیە ڕەنگڤەدانەکا ئاشکرا دیار کریە ، لێ ئەڤە بەس نیە پێتڤیە پتر بهێت پێشخستن ، چونکی جیهان گورانکاری دایە ، ڤان گورانکاریا پێتڤیێن مروف پتر دبن. پەروەردە و فێرکرن ب تنێ ئەرکێ ماموستایی نیە بەلکی ئەرکێ هەر کومەلگەهەک بێ ڕەوشتی و شەر و دزی کەڤیت ناف دا دێ تیشی هەرفین هێت ، وی دەمی دا خودان باورنامەیێن بێ پەروەردە مفا نابیت ، ڕەنگە حکومەت ب هێزا خوە و یاساییێن خوە نەشێت تمامی کونترولا ڕەوشێ بکەتن.

ئایا هیچ جیاوازیەک هەیە لەنێوان کۆلێژی ئەندازیاری زانکۆ تەکنۆلۆجی و تەکنیکیەکان لەگەڵ زانکۆ کلاسیکەکان؟

هێرش محەمەد

زۆر جار ئەو پرسیارە دەکرێ ئایا هیچ جیاوازیەک هەیە لەنێوان کۆلێژی ئەندازیاری زانکۆ کلاسیکەکان بۆڤونە زانکۆی سلێمانی ، زانکۆی سەلاحەدین یان زانکۆی جیهان لەگەڵ کۆلێژە ئەندازیاریەکانی زانکۆ تەکنۆلۆجیەکان و زانکۆ تەکنیکیەکان وەک زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، زانکۆی تەکنۆلۆجیای بەغدا یان زانکۆی تەکنۆلۆجی چیکی-لە هەولێر ؟ وە ئەگەر جیاوازی هەیە ئایا کامەیان باشترە؟ لە وەاڵتانی دونیا ئەمە چۆنە؟

بۆ وەاڵمی ئەو پرسیارە سەرەتا پێویستە بەکورتی پێناسەی هەریەک لە زانست، ئەندازیاری، تەکنۆلۆجیا بکەین پاشان بۆ زیاتر ڕونکردنەوەو تێگەیشتن چەندین بەڵگە دەخەینە بەردەستان کە هەموو کەسێک بتوانێت بەدواداچونی بۆ بکات، هەرچەندە پێناسەی ئەو چەمکانە بەکورتکراوەیی شتێکی ئاسان نیە:

زانست: بریتیە لە بەدواداچونێکی سیستەماتیک بۆ ئەو ڕووداوە سروشتیانەی لەدەوروبەرمان ڕوودەدەن بۆئەوەی لێیان تێبگەین هەروەها هاوکێشەو یاسای تایبەتیان بۆ دابڕێژین، لە ئەنجامی ئەو بەدواداچونانەدا هەیەکەلێکی کەڵەکەبوو دروست دەبێت کا قابیلە بۆ ئەوەی تێست بکرێ هەروەها لە بواری جیاجیا بەکاربهێنرێ. بۆڤونە (سەدان ساڵە بەشێوەیەکی سیستەماتیک مرۆڤ هەوڵدەدات لە کارلێکی مادەکان بکۆڵێتەوەو زانیاری نوێ لەبارەیان دەدۆزێتەوەو کەڵەکەیان دەکات کە ئەمەش زانستی کیمیایە) لقەکانی زانست وەکو کیمیا، بایۆلۆجی، ماتماتیک ...هتد.

ئەندازیاری: بریتیە لە ئەپلیکەیشنێک کە بنیاتنراوە لەسەر ئەساسی زانست بۆ دروستکردن و پێشخستنی بیناو ئامێرو ڕێگاوبانەکان مەبەستی ئەندازیاری ئەوەیە دونیایەکی نوێ دروستبکات کە لەگەڵ خواست و پێداویستی مرۆڤ بگونجێ. بۆ نمونە (لە بواری ئەندازیاری بیناکاریدا ئەگەر بمانەوێت خانوبەکی دروستبکەین ئەوا ئەپلیکەیشنێکمان هەیە کە هەمو هاوکێشەو زانیاری پێویستی تێدایە بۆ دروستکردنی خانوەکە، سەدان ساڵە ئەو ئەپلیکەیشنانە لە دوتوێی کتێبێکدا چاپدەکرێن، ئەندازیاران بەبەکارهێنان و سود وەرگرتن لەو هاوکێشانە دەتوانن دیزاینی پێویست بۆ خانوەکە بکەن و لە کۆتایدا دروستی بکەن ئەوە پێی دەوترێت زانستی ئەندازیاری بیناکاری).

تەکنۆلۆجیا: بریتیە لە پرۆسەیەک کە ئەپلیکەیشنەکانی ئەندازیاری هەروەها زانیاریە کاڵەکەبوەکانی زانست بەکاردەهێنێ و بەڕێوەیان دەبات لە کۆتاییدا بە کاتێکی کەمتر وە بە دقەیەکی زیاتر ئەنجامی کارەکەمان پێدەدات.

مەبەست لە تەکنۆلۆجیا هەمان مەبەستی ئەندازیاریە بەاڵم هێزی تەکنۆلۆجیا زیاترە لە هێزی ئەندازیاری. بۆڤونە (لەبواری ئەندازیاری بیناکاریدا پڕۆگرامێک هەیە بەناوی ئیتابس، ئەو پڕۆگرامە دروستکراوە بەسود وەرگرتن لە زانیاریەکانی زانست هەروەها هاوکێشە ئەندازیاریەکان، پڕۆگرامەکە لە توانایدایە دیزاینی پڕۆژەی زۆر گەورەبکات لە کاتێکی زۆر کەم وە بە دیقەیەکی خەیاڵی کە بە زانستی کلاسیکی ئەندازیاری ئەنجامی لەو شێوەیە مەحاڵە، کە ئەمە نمونەیەکی جوانە بۆ تێگەیشتن لە تەکنۆلۆجیا).

سەرەتا پێش هەمو شتێک دەرچوانی هەردوو جۆری زانکۆکان دەبنە ئەندازیارو ناسنامەی سەندیکای ئەندازیاران وەردەگرن هەم لە وەاڵتانی دونیا وە هەم لێرەش هەمان شتە. بەاڵم لە هەمان کاتدا جیاوازیەکی سەرەکی هەیە لەنێوان خوێندنی ئەو دوو جۆرە کۆلێژانە جیاوازیەکەش ئەوەیە لە کۆلێژی ئەندازیاری زانکۆ تەکنۆلۆجیو تەکنیکیەکان گرنگیەکی زیاتر بە لایەنی پراکتیکی دەدرێت و هەوڵدەدرێت خوێندکاران ئەو دەرسانەی بە تیۆری وەریانگرتوون لە مەیدانی عەمەلی بیانبینن ئەمەش پێویستی بە تاقیگەی پێشکەوتوو هەیە کە لەوانەیە زۆر جار کولفەیان بگاتە ملیۆنان دۆلار بەاڵم لە زانکۆ کلاسیکەکان ئەو گرنگیە بە لایەنی پراکتیکی نادرێت.



ونە و کۆمێنت

قوتابخانەیەک لە پەروەردەی مەخمور

دووەم ساڵیادی داستانی پردێ

داستانی پردێ... رۆژی گەڕاندنەوەی شکۆمەندیی گەلێک بوو





کاروان محەمەد سینۆ

خیانەتی رۆژی 16ی ئۆکتۆبەری 2017 لەسەر دەستی تاقمێکی خیانەتکار و کاڵفام و خاک فرۆش بەڕادەست کردنی کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، بووە ئەگەری شکاندیی شکۆمەندی تەواوی خەڵکی کوردستان و تەواو ئەزموونی هەرێمی کوردستانیان خستە ژێر رکێفی رژێمی داگیرکەر و عەقڵیەتی شۆڤینی تایفەگەری و میلیشیا و چەکدارانی سەر بە ئەجندا ئەقلیمییەکان. هەڵبەت ئەگەر ئەو رێکەوتنەی تاقمی خیانەتکار و کاڵفام و خاک فرۆش نەبوایە، هەرگیز رژێمی عێراق و ئەجندای داگیرکەران جورئەتی ئەوەیان نەدەبوو هێرش بکەنەسەر کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و ئەوسا دۆستانی خەڵکی کوردستانیش پشتگیرییان لە ریفراندۆم و هەڵوێست و ئیرادە و بڕیاری خەڵکی کوردستانیان دەکرد.

پاش خیانەتکاری 16ی ئۆکتۆبەر، لە 20ی10ی 2017 (واتا دوای چوار رۆژ لە خیانەتکارییەکە)، خەبات و فیداکاری و بەرخودانی پێشمەرگە قارەمانەکانی پارتی و بارزانی لەشەڕ و داستانێکی کەم وێنەدا کە شەڕی مان و نەمان بوو هاوشێوەی شەڕ و داستانەکانی (زۆزک و هەندرین، گەلی زاویتە و قەنتارا،لۆمان و کۆڕێ و..و..و..هتد) کە بەدرێژایی مێژوو لەسەر دەستی پێشمەرگەکانی پارتی و بارزانی تۆمار کراون. شەڕی(پردێ)ش بووە رۆژی داستانی گەراندنەوەی شکۆمەندی خەڵکی کوردستان و لە تۆماری مێژووی خەباتی بزاڤی رزگاری خوازی کوردستان و پارتی و بارزانی بۆ هەتا هەتا تۆمارکرا .

خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەری 2017 تەنها خیانەت و فرۆشتنی کەرکووک نەبوو، بەڵکو 16ی ئۆکتۆبەر خیانەت بوو لە خەباتی سەدساڵەی بزاڤی رزگاری خوازی کوردستان لە هەموو پارچەکانی کوردستان، چونکە تەواوی خەڵکی کوردستان لە باکور و باشور و رۆژهەڵات و رۆژئاوا، بە چاوییکی پڕ لە هیوا و ئاوات و نزیک بوونەوە دەیان ڕوانییە هاتنەدی خەونی سەربەخۆیی کوردستان. کەچی ئەوتاقمە کاڵفام و خاکفرۆش و خیانەتکارە، لە کوردستان سەنگەری شەرەف و کەرامەتیان لە شارۆچکەی پردێ باکووری کەرکووک داکوتا و بەدروشمی "کوردستان یان نەمان" سینگی خۆیان کردە قەڵغانی ژمارەیەکی زۆری چەکدار و میلیشیا و چەتەی شۆڤینی و تایفەگەری بەشداری هێرشەکەبوون. پاش چەندین هێرش و هەوڵی داگیرکەرانە، بەڵام داگیرکەران هەموجار





ڕێکەوتنێکی خیانەتکارانەدا شەقیان هەڵدا لە هەموو هیواو ئاواتەکانی خەڵکی کوردستان. ئەوەبوو رۆژی 16ی ئۆکتۆبەری 2017 کاژمێر 8ی سەرلەبەیانی، چەکدار و میلیشیا شۆڤینی و تایفەگەرییەکانی رژێمی عێراق و بیانی بە هاوکاری ئەو تاقمە خیانەتکارە هاتنە نێو کەرکووکی دڵی کوردستان و لەوێشەوە بڕیار و پلانیان وابوو شارەکانی دیکەی کوردستان داگیر بکەن و کۆتایی بە ئەزموونی هەرێمی کوردستان بهێنن. بەڵام وەکو هەموجارێک پێشمەرگەی راستەقینەی کوردستان و ڕۆڵە بەئەمەکەکانی پارتی و بارزانی و خودی جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی و نێچیرڤانی بارزانی و هەموو مەسروور بارزانی و هەموو سواچاکەکانی دیکەی بنەماڵەی بارزانی، شێرئاسا هاتنەدەنگ و چەکی شەرەف و کەرامەتیان کردەشان و لە پێشڕەوی هێزی پێشمەرگە گیان لەسەردەستەکانی پێشمەرگەی راستەقینەکانی کوردستان و پارتی و بارزانی، لەلایەکی دیکەوە ڕووبەڕووی قەڵغانی تووکمە و پۆڵایینی بەرگری پێشمەرگە دەبوونەوە و شکست دوای شکستایان دەخوار. لە بەرگری و پاریزگاری خاک و خەڵکی کوردستان و بڕیاراندا بەهەر نرخێک بێت هەرێمی کوردستان بپارێزن.

شەڕی بەرگری و پاریزگاری لە کوردستان (داستانی پردێ)، بەرەبەریانی رۆژی 20ی ئۆکتۆبەری 2017 لە باکووری کەرکووک لە شارۆچکەی "پردێ" بە گوڕ و تینێکی زۆرەوە دەستی پێکرد بە بەکارهێنانی قورسترین چەک کە لەدەستی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی هەبوو، وەکو (دەبابەی ئەمریکی لە جۆری "ئەبرامز" و هەمەر و کاتیۆشا و تۆپ و هاوەن و دۆشکە ...هتد، بە پشتیوانی چاودێری سوپای وڵاتێکی ئەقلیم هەژموندار لە عێراق. ئینجا پاش شەڕێکی دەستەو یەخە و قورس و بەهێزدا کە هەموو چەکێکی قورسی و بەهێزی سەردەمیانە تێیدا بەکارهات لە (دەبابە و زرێپۆش هامڤی و تۆپ خانە و کاتیۆشای (وڵاتێکی ئەقلیمی)، وێرای سوپای و پۆلیسی عێراق، ئەنجامدا هێزەکانی داگیرکەر زەرە و زیانێکی زۆری مادیی و گیانییان لێکەوت کە لە پێشبینی و مەزندە ئەواندا نەبوو. دەبابەی پێشکەوتووی سوپای عێراق دەسکردی ئەمریکا لە جۆری (ئەبرامز) کە ئەمریکا بە سوپای عێراقی بەخشیبوو ،لەسەر دەستی پێشمەرگەکانی پارتی و بارزانی سوتێنرا و ژمارەیەکی زۆری زرێپۆش و هەمەر و هەڵگری کاتیۆشا تێکشکان و ژمارەیەکی زۆری کوژرا و شەڕەکە بە سەرکەوتنی پێشمەرگە گیانفیداکانی کوردستان کۆتایی پێهات.

لەم داستانەدا بڕوابەخۆبوون و قارەمانێتی و لێهاتووی پێشمەرگە و سەرداری خودی جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی لە شەڕەکەدا، ئەگەر و هۆکاری سەرەکی بوون لە سەرکەوتنی پێشمەرگە و شکاندنی داگیرکەر و میلیشیاکان و شکاندن و لەگۆڕنانی رێکەوتنی بەدەستهێدانی کوردستان کە کوردستان بە رێنمایی و چاودێری راستەوخۆی خودی جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی، بووە ئەگەری گەڕاندنەوەی شکۆمەندی خەڵکی کوردستان و پاراستنی ئەزموونی حکومەتی هەرێمی کوردستان. لە بەرامبەردا پاش ئەو شکستەی لە داستانی شەڕی پردێ دووچاری هێزی داگیرکەر بووەوە، ناچاری کردن کەبەخۆدا بچنەوە و ملکەچی هێز و نەعرەتی شێرانەی پێشمەرگە بن و هێرشەکەیان بەرینداریان لێ کەوت. لە ئێوارەی هەمان رۆژ داگیرکەران ناچار دانیانا بە شکستەکەی خۆیان هێنا و پێشمەرگە راستەقینەکانی کوردستان و پارتی و بارزانی، لەلایەکی دیکەوە ڕووبەڕووی شەڕەکە بوونەوە و بە ئەگەری شکاندیی شکۆمەندی تەواوی خەڵکی کوردستان و تەواو ئەزموونی هەرێمی کوردستانیان خستە ژێر رکێفی رژێمی داگیرکەر و عەقڵیەتی شۆڤینی تایفەگەری و میلیشیا و چەکدارانی سەر بە ئەجندا ئەقلیمییەکان. هەڵبەت ئەگەر ئەو رێکەوتنەی تاقمی خیانەتکار و کاڵفام و خاک فرۆش نەبوایە، هەرگیز رژێمی عێراق و ئەجندای داگیرکەران جورئەتی ئەوەیان نەدەبوو هێرش بکەنەسەر کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و ئەوسا دۆستانی خەڵکی کوردستانیش پشتگیرییان لە ریفراندۆم و هەڵوێست و ئیرادە و بڕیاری خەڵکی کوردستانیان دەکرد.

پێشمەرگە قارەمانەکانی پارتی و بارزانی لەشەڕ و داستانێکی کەم وێنەدا کە شەڕی مان و نەمان بوو هاوشێوەی شەڕ و داستانەکانی (زۆزک و هەندرین، گەلی زاویتە و قەنتارا،لۆمان و کۆڕێ و..و..و..هتد) کە بەدرێژایی مێژوو لەسەر دەستی پێشمەرگەکانی پارتی و بارزانی تۆمار کراون. شەڕی(پردێ)ش بووە رۆژی داستانی گەراندنەوەی شکۆمەندی خەڵکی کوردستان و لە تۆماری مێژووی خەباتی بزاڤی رزگاری خوازی کوردستان و پارتی و بارزانی بۆ هەتا هەتا تۆمارکرا .

خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەری 2017 تەنها خیانەت و فرۆشتنی کەرکووک نەبوو، بەڵکو 16ی ئۆکتۆبەر خیانەت بوو لە خەباتی سەدساڵەی بزاڤی رزگاری خوازی کوردستان لە هەموو پارچەکانی کوردستان، چونکە تەواوی خەڵکی کوردستان لە باکور و باشور و رۆژهەڵات و رۆژئاوا، بە چاوییکی پڕ لە هیوا و ئاوات و نزیک بوونەوە دەیان ڕوانییە هاتنەدی خەونی سەربەخۆیی کوردستان. کەچی ئەوتاقمە کاڵفام و خاکفرۆش و خیانەتکارە، لە کوردستان سەنگەری شەرەف و کەرامەتیان لە شارۆچکەی پردێ باکووری کەرکووک داکوتا و بەدروشمی "کوردستان یان نەمان" سینگی خۆیان کردە قەڵغانی ژمارەیەکی زۆری چەکدار و میلیشیا و چەتەی شۆڤینی و تایفەگەری بەشداری هێرشەکەبوون. پاش چەندین هێرش و هەوڵی داگیرکەرانە، بەڵام داگیرکەران هەموجار



وون بوون

ناسنامەی وەزارەتی پلاندانان/ پۆلین کردن کۆمپانیاکان ژمارەی ناسنامە ٢٤٤ بەروار ٢٠١٤/١٠/٣٠ بەناوی کۆمپانیای میللەت وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بێگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

ون بوون

بڕوانامەی پۆلی (٩) بەڕەتی خوێندنگای دەرسیم ی نێواران سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کۆیە، بەناوی(ولید خالید فتح اللە) ون بووە، هەرکەسێك دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی (٠٧٥٠٨٦٥٦٩٨٠)

***

مديرية الجنسية و الاحوال المدنية لمحافظة اربيل الواقعات

رقم:١٥٣٧٧

تاريخ: ٢٠١٩/١٠/١٥

اعلان

قدم المواطن (عبدالمحسن عبدالله احمد) دعوى فى هذه مديريه تسجيل اللقب (گەردى) فمن لدية اعتراض مراجعه هذه المديريه خلال ١٠ ايام من تاريخ نشره فى الجريده و بعكسه فسوف تنظر هذه المديريه فى المدعوى وفق احكام الماده ٢٤ من قانون البطاقه الوطنيه رقم ٣ لسنه ٢٠١٦.

اللواء الحقوقي/ نشأت ابراهيم شلال

مدير الاحوال المدنية و الجوازات و الاقامة/ وكالة

***

زانکۆی هەولێر پزیشکی

بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی

ئاگاداری کەمکردنەوە/ بۆ جاری سێیەم

ژمارە (١٠)

سەرۆکایەتی زانکۆی هەولێر پزیشکی بانگهێشتی گشت کۆمپانیاکان دەکات بۆ بەشداری کردن لە کەم کردنەوەی نهێنی بۆ مەبەستی پرۆژەی (پاککردنەوەی کۆلێژی پزیشکی ددان و بەشەناوەخوێیەکان)ی سەر بە زانکۆکەمان کە نرخی کڕینی تەندەر (٥٠,٠٠٠) پەنجا هەزار دینارى عیراقیە کە ئاگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی وە کڕێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردچێت.

* فرۆشتنی تەندەرەکان لە رۆژی بڵاوکردنەوەی ئەو ئاگادارییە دەست پێدەکات.

* دواکات بۆ گەراندنەوەی تەندەرەکان ماوەی (١٥) رۆژ دوای بڵاوکردنەوەی ئەو ئاگادارییە دەبێت تا کاتژمێر (١٠) بەیانی.

مەرجەکانی بەشداری کردن:

١- پێشکەش کردنی بەڵگەنامەی دامەزراندنی کۆمپانیا.

٢- پێشکەش کردنی پاکانەی بەڕێوەبەرایەتی باجی دەرامەت.

٣- دەبێت کۆمپانیا پابەندبێت بە بواری پاککردنەوە.

٤- ماوەی گرێبەست (لەڕێکەوتی گرێبەست کردنەوە دەبێت تاوەکو (٢٠٢٠/٧/١)

٥- سزای دواکەوتنی ڕۆژانە بەپێی برگەی (سێیەم)ی ماددەی (٨٢) لە ڕێنمایی ژمارە (٢) ساڵی ٢٠١٦ ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە حکومیەکان دیاری دەکرێت.

٦- دەبێت کۆمپانیا پابەندبێت بە بەڵێننامەی نووسراو بۆ دەستە بەرکردنی تەندەر (التعهد الخطى) لەگەڵ زانکۆکەمان.

٧- ئەو کۆمپانیایانەی لە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارى بێنێت لەلایەن (بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانیەوە)

٨- سەرۆکایەتی زانکۆکەمان پابەند نییە بەکەمترین نرخ.

٩- سەرۆکایەتی زانکۆکەمان بۆی هەیە ئەو تەندەرە الغاء بکاتەوە پێش دەرچوونی نووسراوی سپاردنی کارەکە.

١٠- ماوەی بەسەرچوونی تەندەر (٩٠) ڕۆژی تەقویمیە لەبەرواری داخستنی تەندەر.

١١- هیچ تەندەرێك دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و صندوقی تەندەر دادەخرێت.

١٢- گەڕاندنەوەی تەندەر لە دابنرێت لەبەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان وەزارەت وە دواکاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢) ی نیوەڕۆ ڕۆژی (چوار شەممە) ڕێکەوتی ٢٠١٩/١١/٦ دەبێت.

وە مەرج نییە وەزارەتمان بەکەمترین نرخی تەندەر ڕازی بێت وە کرێی بڵاوکردنەوەی ئاگاداری دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.

مەرجەکانی وەرگرتنی تەندەر:

١- کۆمپانیا تایبەت مەند بێت بەدابین کردنی جل و بەرگی سەربازی.

٢- فرۆشتنی تەندەر بەبری ٢٠٠,٠٠٠ دوو سەد هەزار دینارە کە گەرانەوەی بۆ نییە.

٣- فرۆشتنی تەندەر ڕۆژانە لەکاتژمێر (٩)ی بەیانی تاکو (١)ی دوای نیوەڕۆ دەبێت.

ڕێبەر احمد/ وەزیری ناوخۆ

***

وەزارەتی ناوخۆ

بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان

بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان

ژمارە: ١٨٠٥٩

ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/١٧

ئاگاداری ژمارە (١٢)ی ٢٠١٩

کەمکردنەوەی نهێنی

وەزارەتی ناوخۆ/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان/ کەم کردنەوەی نهێنی پرۆژەی (دابین کردن هینان و دانانی پێداویستی بینای نوێی بەڕێوەبەرایەتی نشینگەی هەولێر) دەکات هەر بەڵێندەر و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان لە دیوانی وەزارەتی ناوخۆ بکات بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لە تەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پرۆژەی سەرەوە و لەکاتی گەراندنەوەی تەندەر دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو بێت وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسراوێت و لە ناو صندوقی تەندەرەکان دابنرێت لەبەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان لەدیوانی وەزارەت وە دواکاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢) ی نیوەڕۆ ڕۆژی (چوار شەممە) ڕێکەوتی ٢٠١٩/١١/٦ دەبێت.

وە مەرج نییە وەزارەتمان بەکەمترین نرخی تەندەر ڕازی بێت وە کرێی بڵاوکردنەوەی ئاگاداری دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.

مەرجەکانی وەرگرتنی تەندەر:

١- کۆمپانیا تایبەت مەند بێت بەدابین کردنی جل و بەرگی سەربازی.

٢- فرۆشتنی تەندەر بەبری ٢٠٠,٠٠٠ دوو سەد هەزار دینارە کە گەرانەوەی بۆ نییە.

٣- فرۆشتنی تەندەر ڕۆژانە لەکاتژمێر (٩)ی بەیانی تاکو (١)ی دوای نیوەڕۆ دەبێت.

ڕێبەر احمد/ وەزیری ناوخۆ

***

وەزارەتی ناوخۆ

بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان

بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان

ژمارە: ١٨٠٥٨

ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/١٧

ئاگاداری ژمارە (١١)ی ٢٠١٩

کەمکردنەوەی نهێنی

وەزارەتی ناوخۆ/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان/ کەم کردنەوەی نهێنی پرۆژەی (دابین کردن هینان و دانانی پێداویستی بینای نوێی بەڕێوەبەرایەتی نشینگەی هەولێر) دەکات هەر بەڵێندەر و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان لە دیوانی وەزارەتی ناوخۆ بکات بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لە تەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پرۆژەی سەرەوە و لەکاتی گەراندنەوەی تەندەر دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو بێت وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسراوێت و لە ناو صندوقی تەندەرەکان دابنرێت لەبەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان لەدیوانی وەزارەت وە دواکاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢) ی نیوەڕۆ ڕۆژی (چوار شەممە) ڕێکەوتی ٢٠١٩/١١/٤ دەبێت.

وە مەرج نییە وەزارەتمان بەکەمترین نرخی تەندەر ڕازی بێت وە کرێی بڵاوکردنەوەی ئاگاداری دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.

مەرجەکانی وەرگرتنی تەندەر:

١- کۆمپانیا تایبەت مەند بێت بەدابین کردنی جل و بەرگی سەربازی.

٢- فرۆشتنی تەندەر بەبری ٢٠٠,٠٠٠ دوو سەد هەزار دینارە کە گەرانەوەی بۆ نییە.

٣- فرۆشتنی تەندەر ڕۆژانە لەکاتژمێر (٩)ی بەیانی تاکو (١)ی دوای نیوەڕۆ دەبێت.

ڕێبەر احمد/ وەزیری ناوخۆ

***

وەزارەتی ناوخۆ

بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان

بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان

ژمارە: ١٨٠٥٨

ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/١٧

ئاگاداری ژمارە (١٠)

سەرۆکایەتی زانکۆی هەولێر پزیشکی بانگهێشتی گشت کۆمپانیاکان دەکات بۆ بەشداری کردن لە کەم کردنەوەی نهێنی بۆ مەبەستی پرۆژەی (پاککردنەوەی کۆلێژی پزیشکی ددان و بەشەناوەخوێیەکان)ی سەر بە زانکۆکەمان کە نرخی کڕینی تەندەر (٥٠,٠٠٠) پەنجا هەزار دینارى عیراقیە کە ئاگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی وە کڕێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردچێت.

* فرۆشتنی تەندەرەکان لە رۆژی بڵاوکردنەوەی ئەو ئاگادارییە دەست پێدەکات.

* دواکات بۆ گەراندنەوەی تەندەرەکان ماوەی (١٥) رۆژ دوای بڵاوکردنەوەی ئەو ئاگادارییە دەبێت تا کاتژمێر (١٠) بەیانی.

مەرجەکانی بەشداری کردن:

١- پێشکەش کردنی بەڵگەنامەی دامەزراندنی کۆمپانیا.

٢- پێشکەش کردنی پاکانەی بەڕێوەبەرایەتی باجی دەرامەت.

٣- دەبێت کۆمپانیا پابەندبێت بە بواری پاککردنەوە.

٤- ماوەی گرێبەست (لەڕێکەوتی گرێبەست کردنەوە دەبێت تاوەکو (٢٠٢٠/٧/١)

٥- سزای دواکەوتنی ڕۆژانە بەپێی برگەی (سێیەم)ی ماددەی (٨٢) لە ڕێنمایی ژمارە (٢) ساڵی ٢٠١٦ ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە حکومیەکان دیاری دەکرێت.

٦- دەبێت کۆمپانیا پابەندبێت بە بەڵێننامەی نووسراو بۆ دەستە بەرکردنی تەندەر (التعهد الخطى) لەگەڵ زانکۆکەمان.

٧- ئەو کۆمپانیایانەی لە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارى بێنێت لەلایەن (بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانیەوە)

٨- سەرۆکایەتی زانکۆکەمان پابەند نییە بەکەمترین نرخ.

٩- سەرۆکایەتی زانکۆکەمان بۆی هەیە ئەو تەندەرە الغاء بکاتەوە پێش دەرچوونی نووسراوی سپاردنی کارەکە.

١٠- ماوەی بەسەرچوونی تەندەر (٩٠) ڕۆژی تەقویمیە لەبەرواری داخستنی تەندەر.

١١- هیچ تەندەرێك دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و صندوقی تەندەر دادەخرێت.

١٢- گەڕاندنەوەی تەندەر لە دابنرێت لەبەڕێوەبەرایەتی یاسایی دەبێت و لەناو زەرفێکی داخراو کە ناوی مۆری کۆمپانیای لەسەر بێت لەگەڵ دیاری کردنی ناوی کە مگر یە کە .

تێبینی/ بەڵێندەر دەتوانێ هەردوو تەندەر بکڕێت.

ب. کاروباریی یاسایی

***

وەزارەتی ناوخۆ

بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان

بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان

ژمارە: ١٨٠٦٠

ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/١٧

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (هێند) بۆ (تاواندنەوە و بەرهەمهێنانی ئاسن و بەرهەمهێنان و بازرگانی ئۆکسجین و نایترۆجین و ارغون/ سنوردار) بریاری گۆرینی (ناوی)ی کۆمپانیای داوە لە کۆمپانیای (هێند) بۆ کۆمپانیای (هێند ستیل)، بۆیە هەر کەسێك نارەزایی یان مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ڕوونکرن :-

ژمارە وجە :- (٤٥٩/٣٠) کەرتی ٤٣ عین سفنی الغربیە)

ڕەگەز وجۆر :- خانیێ ئاکنجییونێ یە دوو تابقە یی ئەردی کوگەهە ویێ ئێکێ دوو شوقە نە

ڕووبەر :- (٢٥٠ م٢)

بهایێ هاتیە دانان :- (٦٠٠٠٠٠٠) شیست ملیون دینارێ عیراقی

جێ بەجێ کاری داد / ریبر سلمان خالد

***

دادگەها بەرایی ل سێمێلێ

ژمارە / ٢٤٦/ب/٢٠١٩

ڕێکەوت/١٦/١٠/٢٠١٩

ئاگەهداری

بۆ/داوالێکەراو ان (١- ناهدە حازم مهدی ٢- حلیمە حازم مهدی ٣- منیرە حازم مهدی) شوێنی دانیشتنا هەوە نەدیارە

ئەم دادگایە بریاریدا لە ڕوژی ٢٠١٩/٩/١٩ لە داوای ژمارە ٢٤٦/ب/٢٠١٩ ب نەهیشتنی کوبەشی (ازالە الشیوم) زەفیا ژمارە (٥٩٩١/١) کەرتێ ٤١ کری بانی) ب فروتنێ ودابەشکرنا بهایێ زەفیێ لسەر کوبەشا هەریەك بەرامبەر پشکێت خو لدیف دابەشناما شەرعی یا ژمارە ٢٠١٨/٧٩ ل ٢٠١٨/٤/١٩ یا دادگەها باری کەسایەتی ل سرسنك ژبەر نەشتەجیبوونا هەوە نەدیارە بەپێی نیشعاری موختاری گوندێ نیروە ل تەناهی ل ڕوژا ٢٠١٩/١٠/٣ بۆیە دادگا بریاری دا کە بریارەکەت پێ ڕابگەیەنێت بە هۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆ ڕوژانە کە لە هەرێمێ کوردستان دەردەچیت وهەوە مافێ نەرازیبونێ وتێهەلچوونێ وپێداچوونەوە هەیە لە ماوەی یاسایی دا وبە پێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبروبر دەکریت بەپێی یاسا

دادوەر / ابراهیم خشمان گرگری

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك

ژمارە / ٦٨٧/ ٢٠١٢

ڕێکەوت/ ١٦/ ١٠/ ٢٠١٩

ڕاگەهاندن

بریار هاتە دان ب فروتنا مولکێ ژمارە (٦٠٦/١) کەرتێ (٤٥/ماسیك) کو دکەڤیتە (دهۆك) وتومار کریە بناڤێ قەردار (طیار موسی موسی) وهاتیە دەستەسەرکرن لدیڤ داخازا قەردەر (مصرف جیهان) بکوژمێ (١٣٠٠٠٠٠٠٠) سەد وسیە ملیون دینار هەر کەسێ بڤێت بکریت سەرەدانا ڕێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (١٥/پازدە) ڕوژادە کو دەست پێ دکەت ژ ڕوژا پشتی ڕاگەهاندنێ وتەئمیناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت بریژا (١٠٪) ژ کوژمێ خەملاندی کو دبیتە (٢٠٤٠٠٠٠٠٠) دوو سەد وچار ملیون دینار دگەل رەگەزناما عیراقیی بو زانین رە سمێ تومارکرنێ ودەلالیەت لسەر بکری یە

سالوخەت : جە وژمارە دهۆك مولکێ ژمارە (٦٠٦/١) کەرتێ (٤٥/ماسیك) جور پێك هاتیە ژ خانیێ ئاکنجییونێ سنور وسالوخەت پێك دهێت ژ دوو قاتان قاتێ ئەردی پێك دهێت ژ هۆل داخلی ژۆرا پێشوازیێ ودوو ژۆرێت نڤستنێ ولێنانگەە وپێك هاتێن ساخلەمیێ قاتی ئێکێ پێك دهێت ژ هۆل داخلی ژۆرا پێشوازیێ ودوو ژۆرێت نڤستنێ ولێنانگەە وپێك هاتێن ساخلەمیێ دکەڤیتە سەر شارعێ فەرعی (١٥م) واجیهە شەرق ڕوبەر (٢٠٠) م٢ کوژمێ خەملاندی (٢٠٤٠٠٠٠٠٠) دوو سەد وچار ملیون دینار

هلات عبدالکریم محمد /(جێ بەجێ کاری داد)

***

دادگای باری کەسایەتی لە دهوك

ژمارە/ ١٣١٢ /ش/٢٠١٩

ڕێکەفت/ ١٤/ ١٠/ ٢٠١٩

ڕاگەهاندن

بو/داوالێکری (ریبر یونس مراد) ل دویڤ داخازیا داواکاران (رڤین عبدالجبار سلیمان) وکێشا ژمارا وێ ل سەری دیار کری تێدا داخازا لێك جودابونێ ژ تە کریە ژبەر نەدیار بونا جهێ ئاکنجی بونا تە بو دادگەهێ ل دویڤ نڤیسارا بەریژارێ تاخنێ سپیریز/ هەرێمداریا زاخو ل ڕێکەفتی ٢٠١٩/١٠/٧ ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕۆژنامێت ڕوژانە دا ئامادەبی ل ڕوژا ٢٠١٩/١٠/٢٧ یان بریکارەکێ پێش خوڤە ئامادەبکە وبەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن

دادوەر/ زیرڤان احمد حسین

***

ڕێڤەبەریا کۆمەڵگەها دەروازێ ئیبراهیم خەلیل نێڤدەوڵەتی بەشی یاسایی

ژمارە: ٢٥٧٨

ڕێکەفت: ٢٠١٩/١٠/١٦

کۆمەڵگەها دەروازێ نێڤدەوڵەتی ئیبراهیم خەلیل رادەگەهینیت کو سەر ئێك زێدەکرنا ناشکرا یا هەی ژ بو کرێدانا هەرسێ کافتریا (هاتنێ و چوونێ و مەنافیستێ) دەناف کۆمەڵگەهێ دا ل جهێ ئامازەکری بو ماوێ ئێك سالا هەر کەسێ بڤێت پشکداری یێ دڤێ سەر ئێك زێدەکرنێدا بکەت بلا داخوازێت خو دگەڵ دابنیکرنێ کو کێمتر نەبیت ب ڕێژا (٢٠٪) ژ بهایێ خەملاندنێ پێشکێشی ڕێڤەبەریا کومەڵگەهێ بکەت دماوێ (١٥) پانزە ڕۆژان دا ژ بەلاڤەکرنا ڤێ ئاگەهداریا د ڕوژنامێ دا و ئەڤ زێدەکرنە ل ڕێکەفتی ٢٠١٩/١٠/٣١ ل دەم ژمێر (١١) یازدەی نیڤڕۆ دێ هێتە کرن ل دەروازی، هەر کەسێ بو بکەڤیت دێ بهایێ ئاگەهداری یێ و هەمی خەرجییێت پێتڤی دێ کەڤنە ستوی وی و بو پتر وەرگرتنا پێزانینا سەردانا ڕێڤەبەریا دەروازێ ل بەشی یاسایی بکەن.

ج.حمید عدلی ئیبراهیم

سەرپەرشتێ کۆمەڵگەهێ

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر

ژمارە: ٢٥٣١/ ٢٠١٤

ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/١٥

ئاگاداری

بۆ/ قەرزار (بەختیار احمد محمد) لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێتان و نیشتنی هەمیشەیی و کاتی بۆ پێ ڕاگەیاندنتان بۆیە لەڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارتان دەکەین بە مەبەستی ئاگاداریتان بەخەملاندنی لەموڵکی ژمارە ١/٢٠٤٩ ك ٩٥ کسزان بڕی ٥٤٠٠٠٠٠٠ ملیون دینار خەملێندراوە.

جێبەجێکاری داد/ ئاری فیصل دەباغ

***

دادگای تاوانەکانی سلێمانی/١

ژمارە: ٣٣٠/ت/٢٠١٩

بەروار: ٢٠١٩/١٠/٧

بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: پشتیوان محمد ڕمضان

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (١٤) لەیاسای (مخدرات) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی (ئاسایشی قەلادزێ) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/١٢/٣٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر / قادر سعید محمود

***

دادگای بەرایی سلێمانی/١

ژمارە: ١٦٧٦/ب/٢٠١٣

بەروار: ٢٠١٧/٦/٤

ئاگاداری

داواکار/ وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن

سەرەڕای کارەکەی بریکارەکەیان پارێزەران

هوشمەن محمود نادر و عثمان صدیق خالد

بۆ داوا لەسەرکراو/ بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای BSCP سەرەڕای کارەکەی

ئەم دادگایە لەبەروارى ٢٠١٥/١٢/٣٠ بڕیارێکی دەرکردووە بەپابەندکردنت بەپێدانی بڕی (٤٠٣٨٤٦٥٥) چل ملیۆن و سێ سەدو هەشتاو چوار هەزار و شەش سەد و پەنجا و پێنج دۆلاری ئەمریکی لەئەنجامی بەجێ هێشتنی پرۆژەیەکی نیشتەجێ لە سێیەك و زرگوێز بەژمارەی (٣٠٠٠) سێ هەزار یەکەی نیشتەجێ وە لەبەر ئەوەی نێستا تۆ شوێنی دانیشتنت نادیارە ئاگادارت ئەکەینەوە لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆ کە لەماوەی یاسایی ناڕەزامەندی و تێهەلچوونەوە و پێداچوونەوە بگرێت لەم بڕیارە بەپێچەوانەوە ئەم بڕیارە پلەی کۆتایی وەردەگرێت.

دادوەری یەکەم/ عبدالله اسماعیل امین

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك

ژمارە / ٢٥٤٦ / ٢٠١٩

ڕێکەوت/ ١٧/ ١٠/ ٢٠١٩

پێراگەهاندن

بۆ / قەردار (علاءالدین حسین علی)

ژبەر نەزانین نەدیاریا جهێ ئاکنجییونا تە لەورا لدیف ماددیا (٢٧)یا یاسایا جێ بەجێ کرنێ بریار هاتە دان بە ڕێیا دوو ڕوژنامێن نافخۆ ئاگەهداریا تە بکەین بۆ ماوێ (١٥/ پازدە) ڕۆژا ژ ڕۆژا بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ ئامادەبی لڕێڤەبەریا مە بۆ ئەنجامدانا ڕێکارێن جێ بەجێ کرنێ (الاجراءات التنفیذیە) وبەروڤاژی دێ نەچاری ڕێکێن یاسایی بێین (الاجراءات القانونیة الجبریة) بین هاریڤان ایوب عبدالله / (جێ بەجێ کاری داد)

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (اسماعیل صابر کامران) بۆ (بازرگانی گشتی و هاوردەکردنی مۆلیدە و کەل و پەلی کشتوکاڵ و چاککردنەوەی مۆلیدە/ تاك) بریاری گۆرینی (ناوی)ی کۆمپانیای داوە لە کۆمپانیای (اسماعیل صابر کامران) بۆ کۆمپانیای (قەلای دوشنبە)، بۆیە هەر کەسێك نارەزایی یان مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

وێنەیەیەک مێژوویێکی گەشی گەڕانەوەی بارزانیی نەمر بۆ نیشتمان دەردەخات

وێنەکە کاتی خۆی لە بۆنەیەکی گەورەی مێژوویی لە شاری سلێمانی چرکێندراوە

کاروان عوسمان: هەرکات بچوومایە ئەو ماڵەی وێنەکەی لێ بوو، سەرنجی قوواڵم بۆی دەچوو



حاجی کەریم ڕەزاخان



ئاپۆرای جەماوەری سلێمانی



کاروان عوسمان عەلی

خەبات-ساسان دەروێش

61 ساڵ لەمەوبەر عەبدولکەریم قاسم و ژمارەیەک ئەفسەر کودەتایەکی سەربازیان بەسەر ڕژێمی پاشایەتیی کرد و کۆتاییان پێهێنان لە 14ی تەمووزی ساڵی 1958 ئەو دەمە باوکی ڕۆحی کورد و نەتەوەییمان بارزانیی نەمر لەگەڵ زیاتر لە 500 پێشمەرگە و هەڤاڵانی لە یەکێتیی سۆڤێتیی جاران بوون، کە لە دوای کۆتایی هاتنی کۆمارە ساواکەی مەهاباد، ڕێگای درێژ و سەختی ئاوی ئاراس پەڕینەوەیان بڕی بەنێو شەڕ و بەرگریکردن لەخۆ بۆ یەکێتیی سۆڤێت.

لە دوای سەرکەوتنی کودەتای **14**ی تەمووز، پاش دوانزە ساڵ لە ژیانی ئاوارەیی و دوور لە کوردستان، بارزانیی نەمر و هەڤاڵەکانی وەک پاڵەوان گەڕانەوە بۆ نیشتمان و پێشوازییەکی بێ وێنەیان لێکرا، لەلایەن جەماوەری کورد و عەرەب لە مابەینی گەڕانەوەی بارزانی بۆ نیشتمان پێشوازی گەرمی ڕۆژانەی نیشتمانپەروەران لە کورد و عەرەب و تامەزرۆی بینینی مستەفا بارزانیی نەمر، سلێمانیش بەشێکی ئەو سەروەرییەی بەرکەوت کە لە بەغدا سەرۆک بارزانی ببینن وەک شاندی سلێمانی، بارزانیی نەمر زۆر خۆشحاڵ دەبێت بە بینینی جەماوەری کوردستان و بەڵێنی بە خەڵکی سلێمانی و شاندەکەیانی دابوو کە لە نزیکەوە بیانبینێ لە سلێمانی، وەک وەفایەک بۆ ئەو پێشوازییە گەرمە و هاتنی ئەو شاندەی نوێنەرانی خەڵکی سلێمانی و هەم بۆ ئەو چەند ساڵەی کە خۆی و کەسوکارەکەی دەستبەسەربوون، لە شاری سلێمانی، ئەم یادەوەرییانە، گەڕانەوەی بارزانیی نەمر لە سۆڤیەت لە **1958/10/6** بۆ نیشتمان و هێنانەوەی تەرمی نەمران بۆ خاکی کوردستان لە گوندی لانکەی شێرانی بارزان لە **1993/10/6** وەک پەیامێک بە هەموو دنیان ڕاگەیاند کە هەمیشە پارێزەر و پێشمەرگەی پاراستنی دەستکەوتەکانی کوردستان دەبن، لەم بابەتەدا تیشک دەخەینە سەر مێژوویێکی لە بیرکراو لە شاری سلێمانی کە مێژوویەکەی دەگەڕێتەوە، بۆ هەمان کات و ساتی گەڕانەوەی بارزانی بۆ نیشتمان.

کاروان عوسمان عەلی کچەزای حاجی کەریم ڕەزاخان، لە خستنەڕووی وێنەیەک یادەوەرییەکەی گرنگ و مێژوویی دەگێڕێتەوە کە تایبەتە بە گەڕانەوەی بارزانیی نەمر و هەڤاڵانی بۆ نیشتمان بە تایبەتی هاتنی لوقمان بارزانی بۆ شاری سلێمانی بە نوێنەرایەتی بنەماڵەی بارزان.

وێنەیەک و مێژوویەکی لەبیرکراو

کاروان عوسمان عەلی، کچەزای حاجی کەریم ڕەزاخان، لەبارەی یادەوەرییەکەی بەمشێوەیە بۆ خەبات گوتی: لە ماڵی باپیرم وێنەیەکی پارێزراو هەڵواسرابوو لە پشتییەوە مێژوویێکی لەبیرکراو نهێنی هەبوو، بەهۆی بارودۆخی کوردستان و باس نەکردنی ڕووی ڕاستی وێنەکە بۆ من و ئەو نەوە نوێیەی نێو خانەوادەکەمان، بە نهێنی لای گەورەکانمان مابووە، هەمیشە بچوومایە بۆ ئەو ماڵە، سەرنجی قوواڵم بۆ ئەو وێنەیە دەچوو، ئەوکاتە منداڵ بووم و ئاستی هۆشیاریم هێندە نەبوو، هیچ لێکدانەوەیەک بۆ ئەو وێنەیە بکەم، بۆچی ئەو هەموو خەڵکە لەسەربانی ماڵی باپیرم وەستاون و ئاڵای کۆماری عێراق لەسەری هەڵکراوە، تامەزرۆی ئەوە بووم کە لە حیکمەتی ئەو وێنەیە تێبگەم، لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی **1991** و ئاشکراکردنی هەموو ڕاستییەکانی پشتی شۆڕش و ڕووداوەکانی، کاتێکیش وەک مێردمندانێک گەیشتمە ئەو ئاستەی کە پرسیار بکەم، لەبارەی ئەو وێنەیە کە سالانێکە جێی سەرنج و خولیای من بووە لێی تێبگەم، دوای گەڕان و پرسیار لە خاڵەکانم و تەواوی بنەماڵەکەمان، بەمشێوەیە گوتیان ئەم وێنەیە دەگمەنە و لامان پیرۆزە و پارێزراوە، وێنەکە کاتی خۆیی لەلایەن عەبدوڵڵا و حەبیب دوو برا و وێنەگربوون لە سلێمانی چرکاندوویانە لە بۆنەیەکی گەورەی مێژوویی لە سلێمانی، بە ماوەیەکی کەم لە دوای شۆڕشی **14**ی تەمووزی ساڵی **1958** ئەو زانیارییانەی لە باپیرم خۆی و ئەو کەسانەی لە ژیاندا ماون و لە ڕووداوەکاندابوون هەموویان دەڵێن: ئەم وێنەیە دوولایەنی جوانی تیادا دەبینرێت یەکەم، سەروەرییەک بۆ بنەماڵەی حاجی کەریم ڕەزاخان و دووهەم، زیندووڕاگرتنی مێژوویێکی جوانی شاری سلێمانی لە پێشوازیکردنی شاندێکی میوان، لە دوای هاتنەوەی بارزانیی نەمر و هەڤاڵانی بۆ نیشتمان و بینینی عەبدولکەریم قاسم ئەو پێشوازییە گەرمەی کە لێیان کرا وەک پاڵەوان و شۆڕشگێڕ، بڕیاردرا یەکەمین کۆبوونەوەی جەماوەری و سەردانی حکوومەت بۆ سلێمانی بێت، چونکە ئەوکات سلێمانی بە ڕۆحی کوردایەتی و نیشتمانپەروەری و خۆشەویستییان بۆ بارزانیی نەمر بوو، بۆیە عەبدولسەلام عارف کە جێگری سەرۆک عەبدولکەریم قاسم بوو، ڕاسپێردرا بچێتە سلێمانی، لەگەڵ چەند وەزیرێک و ئەفسەرانی ئازادیخواز کە یەکێکیان کورد بوون، پێی دەگوترا ڕەئیس مستەفا (مستەفا ئەحمەد بانەیی)، خوالێخۆشبوو لوقمانی مەلا مستەفا نوێنەرایەتیی بارزانی دەکرد و هەروەها شێخ لەتیف شێخ مەحمودی حەفیدی لەگەڵ بوو، نوێنەرایەتی لایەنی کوردی بوون .

-وێنەکە چیرۆکی ڕووداوێک دەگێڕێتەوە هەروەها کاروان عوسمان دەربارەی باپیری و ڕووداوی وێنەکە گوتی: باپیرم پیاوێکی بازرگان بوو، چوار شانەی باڵا بەرزبووەوە، تاکە وەکیلی چای ئەزمەڕ بووە لە کوردستان، وێنەی لەسەر قۆری عەجەم هەیە تا ئێستا لە زۆربەی ماڵ قۆریەکە ماوە و پارێزگاری لێ دەکەن، بەدەر لە کار و کاسبی و سەرمایەکی زۆر، ڕۆحی نیشتمانپەروەری لە ڕۆحیدا گوزەری دەکرد کە هەمیشە کۆمەکی شۆڕشی کردووە هەر لە سەردەمی شێخی نەمر و شۆڕشەکانی و تا شۆڕشی مەزنی ئەیلوول، وەک پیاوچاکێک ناسراوە و خۆشەویستی خەڵکی سلێمانی بووە و ڕێزی هەبووە لەلایەن کەسایەتییەکانی نێو شۆڕشەکان، بۆیە شێخ لەتیف ئاگاداری دەکات و دەڵێت خەمانە جێگری سەرۆککۆماری عێراق و شاندەکەی دێنە سلێمانی و خەڵکی شار بە تامەزرۆییەوە چاوەڕوانیانن، شۆڕشی وانییە جێگای ئەم هەموو خەڵکەی تێدا بێتەوە، باپیرم پێشنیاری مانی خۆیان دەکات، شێخ لەتیف پەسەندی دەکات و بە پارێزگاری سلێمانی دەڵێت: ئامادەسازی بکەن، ئاڵای نوێی کۆماری عێراق دادەندرێت لەسەربانی خانووەکەی ماڵی باپیرم، لەگەڵ هەموو ئامادەکارییەکی دانانی کورسی و ئەمنییەتی شۆنەکە، پێشهاتنیان، ماڵی باپیرم لە چواریاخ بووە سەر و یاریگای ئێستای سلێمانی کە ئەوسا نەبوو، ئەوکاتە ئەم گەڕەکە هیچ ماڵێکی بەو شێوە گەورەیە و فراوان و بە کۆنکرێت دروستکراو نەبوو، بەردەمەکەی چۆڵەوانی بوو لە خوار ئینزیباتخانە (تەمەڵخانە) بۆیە پەنابرا بۆ ئەم خانووە کە کۆبوونەوەکەی لەبەردەمدا لێ بکرێت، پێش ئەمە هەموو کۆبوونەوەکان لە بەردەکی سەرای سلێمانی و سانەوی سلێمانی کراوە، شۆنێنی خەڵکی ئاماەبووی شاری تیا نەبوونەتەوە بۆ کۆبوونەوە و خۆپێشاندانەکان، لە کات و ساتی کۆبوونەوەی جەماوەری سلێمانی و لەبەردەم و سەربانی ماڵی باپیرم، ئاپۆرایەک لە خەڵکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر لە پێشوازیکردنی میوانەکاندا بوون، ئەو ڕۆژە مێژوویییە لە بیرەوەری خەڵکانی شۆڕشگێڕی ئەوکاتە هەر بەزیندوویی ماوەتەوە و باسی لێوە دەکەن، کە تێیدا لوقمان بارزانی و شێخ لەتیف وتاریان پێشکەشی ئامادەبووان کرد و سوپاسیان کردن بۆ ئەو پێشوازییە گەرمەیان.

-ڕۆژنامەی ژین هەواڵی هاتنی لوقمان بارزانی بۆ سلێمانی دەخاتەڕوو

61 ساڵ لەمەوبەر لە ڕۆژنامەی ژین لە ژمارە **1407**ی بەرواری **1958/9/4** لە شاری سلێمانی لە ڕێگای ڕۆژنامەنووس مامۆستا مستەفا سالح کەریم دیمانەیەکی لەگەڵ لوقمانی ژنەڕاڵ مستەفا بارزانی سازدەکات، کە لەگەڵ شاندێکی یاوەری بە سەرۆکایەتیی محەمەد خالید شێخ ئەحمەد بارزان بەناوی بنەماڵەی بارزانەوە سەردانی شاری سلێمانی دەکەن و بەبۆنەی ئازادکردنی شێخ لەتیف شێخ مەحمود حەفید زادە دەچنە لای ئەو تێکۆشەرە، هەمان دەقی ئەو دیمانەیە لە ڕێگای ڕۆژنامەنووسی گەنج و لێهاتوو زانیار سەردار قڕگەیی جارێکیتر لە ڕۆژنامەی خەبات لە **2018/12/24** بڵاوکراوەتەوە، بۆ ئەوەی نەوەی نوێ ئاشنابن بەم مێژووە گەشەی سلێمانی، ڕۆژنامەنووس مستەفا سالح دەڵێت: پێش ئەوەی پرسیار بکەم لوقمان بارزانی گوتی: ئێمە زۆر شادمانین کە لە شارە قارەمانەکەی کوردستان واتە شاری سلێمانی، ڕۆژنامەیەکی وا خۆشەویست هەبێت وەک ڕۆژنامەی ژین کە هەمیشە دەنگی ئازادیخوازان بگەیەنێت بە کوردانی هەموو جیهان، گومانم نییە لە هەر شوێنێک (ژین) بخوێندرێتەوە کوردان دڵیان پێیگەش ئەبێتەوە، جا لەبەر ئەوە خۆم بە بەختیار دەزانم لەگەڵ تاقانە ڕۆژنامەی کوردستان بکەوینە گفتوگۆوە، لە یەکێک لە پرسیارەکانی (ڕۆژنامەی ژین) بۆ لوقمان بارزانی دەڵێت: هەستت بەچی کرد کە ئەم بەپیرەوەهاتنەی دانیشتووانی شاری سلێمانیت دیت؟ لە وەڵامدا لوقمان بارزانی دەڵێت: بەڕاستی زۆرمان لەسەر مەردایەتی خەڵکی سلێمانی بیستووە و شارەزای تێکۆشان و گیانبەختکردنیان بووین بە باسکردن، بەڵام ئەمەی بە چاوی خۆمان دیان شتێکی مێژوویی بوو، نیشانەی خۆشەویستی گەل بەرانبەر بەشێخ لەتیف و میوانەکانی کە ئێمەبووین و بڕواناکەم بتوانم بە سوپاس ئەو چاکەیە یان بدەمەوە، تەنیا ئەوەندە هەیە کە دەڵێم سەرومااڵم پێشکەش بێت بە ڕێگای ئازادی .

ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی لێکۆڵینەوە لە هێرشی کیمیایی بۆ سەر ڕۆژئاوا دەکات

فەرماندەیەکی پێشووی سوپای بەریتانیا: جۆری برین و سووتانەکان دەریدەخەن چەکی کیمیایی و فسفۆڕی لە دژی کوردەکان بەکارهاتووە



ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی لێکۆڵینەوە لەو ڕاپۆرتانە دەکات، کە باس لە بەکارهاتنی چەکی کیمیایی لە لایەن سوپای تورکیا و چەکدارانی ئۆپۆزسیۆنی سووریا لە دژی هاووڵاتیانی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان، دەکەن.

سەرچاوەیەک لە ڕێکخراوی قەدەغەکردنی چەکی کیمیایی بە ڕۆژنامەی گاریانی بەریتانی ڕاگەیاندووە ڕێکخراوەکە گرتەی ڤیدیۆیی بەرکەوتنی ژمارەیەک هاووڵاتی بە تایبەت منداڵ، بە چەکی کیمیایی، دەست کەوتووە. سەرچاوەکە ئاشکراشی کردووە، کە ئەوان وەک ڕێکخراوی قەدەغەکردنی چەکی کیمیایی لەسەر ئەم بابەتە دەوستن و لێکۆڵینەوە لە بەکارهاتنی هەر جۆرە چەکێکی کیمیایی لە ڕۆژئاوای کوردستان، دەکەن. هەروەها بەرپرسێکی باڵای حکوومەتی ئەمەریکا لە لیدوانێکدا بۆ ماڵپەڕی فۆرین پۆلیسی بەناوباگ بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن سوپای تورکیاوە پشتڕاست دەکاتەوە.

هەر لەو بارەیەوە، فەرماندەیەکی پێشووی سوپای بەریتانیا لە یەکەی بەرەنگاربوونەوە چەکی کیمیایی و بایەلۆجی، بە ڕۆژنامەی تایمزی وڵاتەکەی ڕاگەیاندووە، جۆری برین و سووتانەکان، کە لە وێنە و ڤیدیۆکان بە جەستەی منداڵەکانەوە دەردەکەون، دەریدەخەن چەکی کیمیایی و فسفۆڕی لە دژی ڕۆژئاوای کوردستان بەکارهاتووە. جێی باسە ڕۆژی 2019/10/9 بە سەرپەرشتیی ئەردۆغانی سەرکۆماری تورکیا، هێرشی زەمینی و ئاسمانیی سوپای تورکیا و گرووپە تۆندڕەوەکانی بەناو ئۆپۆزیسیۆنی سووریا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان، دەستپێکرد.

ڕێکخراو لێیوردنی نێودەوڵەتی:

بە بەڵگەی حاشاهەڵنەگرەوە سوپای تورکیاو میلیشیا چەکدارەکانی تاوانی جەنگیان ئەنجام داوە

تا/ خالید گەردی: ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی لەسەر ئەو زانیارییانەی دەستی کەوتوون دەرکەوتووە بە شێوەیەکی حاشا هەڵنەگر سوپای تورکیاو چەکدارە بەکرێگیراوەکان بە شێوەیەکی هەڕەمەکیانە ماڵ و قوتابخانەو شوێنە نیشتەجێکانیان بۆردومان کردووە، هەروەها وردەکاری چۆنیەتی کوشتنی بەئەنقەست و دڕندانەی هەفرین خەلەفی سیاستمەداریان بۆ ڕوون بۆتەوە کە لەلایەن ئەوانەی بە سوپای نیشتیمانی ناونراون، ئەو سوپایەی لە کۆمەڵە گرووپێکی بەکرێگیراو پێکهاتوون و لەلایەن تورکیاوە پڕ چەک و پشتیوانیان لێدەکرێت.

کومی نایدۆی ئەمیندارى گشتى ڕێکخراوى لێبووردنى نێودەوڵەتى ئاماژەى بەوەشداوە کە پەلامارەکانى ئەم دواییەى سوپاى تورکیا بۆ سەر باکوورو ڕۆژهەڵاتى سووریا بۆتە هۆکارى تێکدانى ژیانى خەڵکى سڤیل، بە هۆى ئەو پەلامارە هەرەمەکیانە جارێکى دیکە ناچارکران ماڵ و حاڵى خۆیان جێبهێڵن و ئاواره بن و بە بەردەوامى لە کەشێکى پڕ لەترس و دڵەڕاوکێ و ژمارەیەک بەڵگەنامەى پزیشکى و کورتە فیدیۆ کردووە، بە پێى کۆمەڵە ڕاپۆرتێکى لەسەر هەڵسوکەوت ور دەفتارەکانى سوپاى تورکیاو چەکدارە بەکرێگیراوەکانى دەرهەق خەڵکانى مەدەنى لە میانەى هێرش و پەلامارەکانیان بۆ سەر ڕۆژئاواى کوردستان بڵاوکردۆتەوە، ڕێکخراوەکە لە ڕاپۆرتەکەیدا نیگەرانى خۆى دەرهەق ئەو پێشێلکارییانە دەربڕیوە کە سوپاى تورکیاو چەکدارانى سەر بە تورکیا ئەنجامیان داوە، وەک ئازاردان و کوشتنى بە ئەنقەست و ئەنجامدانى هێرشى نایاسایى کە بەهۆى ئەو پەلامارانەوە ژمارەیەکى زۆر لە خەڵکى مەدەنى کوژراون و بریندار بوونە.

ڕێکخراوەکە لە ماوەى نێوان ڕۆژانى 12 تا 16ى تشرینى یەکەم گەواهى لە 17 کەس وەرگرتووە لەوانەى لە بوارى پزیشکى و فریاگوزارى و ڕۆژنامەنووسى و ئەوانەى لەبوارى مرۆیى لەسەر ئاستى ناوخۆیى و نێودەوڵەتى کار دەکەن و لێکۆڵینەوەشى لەسەر کولەمەرگیدا بژین.

کومى نایدۆ ئەمیندارى گشتى ڕێکخراوەکە تەواوى بەرپرسیارێتى هەڵسوکەوتە دڕندانەکەى سوورییە بەکرێ گیراوەکان کە تورکیا چەکیان پێ دەدات و ئاراستەیان دەکات دەخاتە ئەستۆى حکوومەتى تورکیا بەو پێیەى تورکیا ئەو چەکدارە بەکرێگیراوانەى لە ئەنجامدانى تاوانى ترسناک سەرپشک کردووە وەک ئەو تاوانانەى لە عەفرین و ناوچەکانى دیکە لەدژى خەڵکى مەدەنى ئەنجامیان داوە.

لە کۆتاییشدا ڕێکخراوى لێبووردنى نێودەوڵەتى جارێکى دیکە داواى لە تورکیا کردەوە ئاستێک بۆ پێشێلکارییەکان دابنێت و سزاى ئەوانەش بدات تاوان لە دژى خەڵکانى مەدەنى ژێر دەسەڵاتیان ئەنجام دەدەن، چونکە تورکیا ناتوانێت خۆى لەبەرپرسیارێتى ئەو تاوانانە بدزێتەوە کە لەلایەن خەڵکانى دەرەکیى سەر بە ئەوانەوە ئەنجام دەدرێت.

سەرچاوە:
hawarnews.com

دوای ئاگربەستێ





زانا تۆفیق بەگ

بێگومان جێبەجێکردنی ئەو ئاگربەستەی نێوان (مایک پێنس و ئەردوگان) تا چ ئەندازەیەک لە بەرژەوەندی کوردەکانی ڕۆژئاوا دایە؟ ئەمە ئەو پرسیارە جدیەیە کە پێویستە لەخۆمانی بکەین ، بۆ وەڵامدانەوەی ڕەهەندەکانی پشت ئەم پرسیارە پێویستیمان بە لایەنە شاراوەکانی ئەم ڕێککەوتنەی نێوان تورکیا و ئەمەریکا وە گەنگەشەکردن و وردەکاریی جێکەوتەکانی دوای کشانەوەی هێزەکانی (هەسەدە) بۆ سەر سنوری ڕۆژئاوا و دروستکردنی پشتێنەیەکی ئەمنی بە درێژی 32کم لە ناو قوواڵایی ئەو ناوچانەی کە دەکەوێتە ئیدارەی خۆسەری ڕۆژئاوا وە چی کاریگەریەکی خراپی بۆسەر پرۆسەی بەڕێوەبردنی ئەو ناوچانەی دەبێت کە ئێستا (هەدەپە) و کورد بەشێوەیەکی گشتی حاکمی ڕەهان تێیدا.

بەداخەوە هەموو ئاماژەکان وای دەردەخەن کە پشتی ئەم ڕێککەوتنەی نێوان تورکەکان و ئەمەریکا خاڵی لاوازی بریتییە لە پاشەکشەی هێزە کوردیەکان کە لە ماوەی ڕابردوودا خاڵی ناکۆکی نێوان تورکیا و ئەمەریکا بووە. بەتایبەتی لە چەککردنی هێزەکانی سوریای دیموکرات و ڕادەستکردنی چەکەکانیان بە هێزەکانی تورکیا و لەباربردنی ئەو کانتۆنانەی کە بۆ بەڕێوەبردنی ناوەخۆی ئیداری دروست کرابوون . لەدوای دەستپێکردنی ئۆپراسیونی هێزەکانی تورکیا بۆ ئەو ناوچانەی کە هێزە کوردیەکانی لێیە ئەوەی لە ماوەی ڕابردوودا لە دانیشتنە نهێنی و ئاشکراکانی نێوان تورکیا و ئەمەریکا بەدەستی نەهێنا بوو ، تورکیا لەم ئاگربەستەدا بەدەستی هێنا. بە تایبەتی کشانەوەی هێزە کوردییەکان بۆ سەر سنوور، دروستکردنی ناوچەی ئارام بە سەرکردایەتی هێزەکانی تورکیا بەبێ لەبەر چاوگرتنی هێزە کوردیەکان . تەنها دەستکەوتێک بۆ هێزە کوردییەکان بریتیە لە ڕاگرتنی ئۆپراسیۆنەکە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو کە ئەویش 5ڕۆژە بەبێ ئەوەی لە بەرامبەر ئەم پاشەکشەی هێزەکانی (هەسەدە) هیچ دەستکەوتێکی سیاسی بۆ داهاتووی کورد بەرجەستە کرابێت ئەوەی من دەیبینم بریتییە لە جۆرێک لە خۆبەدەستەوەدانی هێزە کوردیەکان ئەگەر رازی بوون بە ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکەی تورکیا و ئەمەریکا .

هەندێ لە چاودێرە سیاسیەکان دەڵێن سیناریۆی دووهەم لە دوای ڕێککەوتنەکە بە جۆرێکی تر دە بێت دەڵێن لە دوای پاشەکشێی هێزەکانی (یەپەژە) جارێکی تر ڕۆڵێکی گەورەتر ئەدرێتەوە بە هێزە کوردیەکان وە هاوکاری سیاسی لەلایەن ئەمەریکاوە بەردەوام دەبێت چونکە زیاتر لە جارێک (مایک پێنس) لە لێدوانەکەی دا ئەمەی دووپات کردەوە هاوکات سەرۆک (ترەمپ) ئەو ڕێککەوتنەی بە دەستکەوتێکی مرۆڤایەتی لەقەڵەم دا پێ دەچێت بە شێوەیەکی ناراستەخۆ ترەمپ گۆڕانکاری بەسەر بڕیارەیەکی خۆیدا هێنابێت بیەوێت جارێکی تر جۆرێک لە متمانە و باوەڕ لەگەڵ هێزە کوردیەکان دروست بکاتەوە لە داهاتوودا. تابلۆی سێیەم زۆر لە شرۆڤەکاران لەسەری کۆکن دەڵێن لە دوای پاشەکشەی هێزە کوردیەکان بۆ ئەو ناوچانەی کە بۆیان دیارکراوە ڕووسیا داوا لە هێزەکانی تورکیا دەکات بۆ چوونە دەرەوەیان لە سنوورەکانی سووریا بە هاوبەشی دەوڵەتی سووریا وە شوێن گرتنەوە هێزەکانی سووریا لەو ناوچانەی کە دەسەڵاتی خۆسەری ڕۆژئاوای تێدایە وە گەڕانەوەی هێزەکانی (یەپەژە) لەناو یەکە سەربازیەکانی حکوومەتی سووریا بە سەرپەرشتی ڕووسیا هەرچەندە ئەم بۆچوونەیان زۆربەی چاودێرانی سیاسی لەسەری کۆکن بەڵام ئەگەر سەیرێکی میژوویی داگیرکاری هێزەکانی تورکیا بکەین لەهەر شوێنێک بەنیازی داگیرکاری مۆنۆپۆلیان کردبێت لەدوایدا بە شێوەیەکی ترسناک بەجێیان هێشتووە یان بەردەوام لەو شوێنانە ماونەتەوە باشترین نموونە (قبروس) لەگەڵ (هەرێمی کوردستان) کە هەتا ئێستا بە بیانوو مەترسی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا بەردەوام شەرعیەتیان بەخۆیان داوە بۆ مانەوە واتە دەمەوێت بڵێم من وای نابینم تورکیا بەو شێوە خێرا و ئاسانە ئەو ناوچانە بگەڕێنێتەوە بۆ دەوڵەتی سووریا بە ئامادەگی هێزە کوردییەکان.

ئەگەرچی هەموو ئەم ڕووداوانە کە لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا ڕوویان دا کۆمەڵێ مانا و دەلالەتی گەورەی دا بەدەستەوە بۆ بڕیارمان لە ڕۆژئاوا تەنانەت هێزە کوردیەکانی هەرێم کوردستان پێویستە ئەم هێزانە جارێکی تر مراجەعەیەکی گەورە لەسەر جۆری پەیوەندیەکان و شێوازی بەکار هێنانی میکانزمی دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ لایەنی بەرامبەردا بگۆڕن ، بتوانن لە کارتێکی گوشارەوە ببنە هاوپەیمانێکی ستراتیژی بەهێز لەسەر نەخشەی سیاسی وە خوێندنەوەی واقیعی کەلتووری سیاسی وڵاتی بەرامبەریان هەبێت بۆ ئەوەی لە هاوبەشێکی سەربازی ببنە بەشێک لە دروستکردنی بڕیار سیاسی لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش چونکە ئەگەر هێزە کوردیەکان بە هەمان نۆرمی پێشتر بەشداری هەر کارێکی سیاسی بکەن ئەوا جگە لە بەکارهێنانیان وەکو سوودی تاک لایەن لە ئەنجامدا هیچ سوود و نرخێکی بۆ کورد نابێت.

ئەمڕۆ لە مێژوودا



سالی 1827:
شەڕی ناڤارینی دەریایی لە نێوان کەشتیگەلی میسری و عوسمانی و جەزائیری لەلایەک و لە نێوان کەشتیگەلی بەریتانیا و فەرەنسا ڕووسیا ڕوویدا .



سالی 1941:
سەربازانی ئەڵمانیای نازی لە سربیا کۆمەڵکوژیی کراگویفاتسیان ئەنجام دا .



سالی 1977:
لە تایلاند کودەتایەکی سەربازی ڕوویدا و کۆتایی بە کاری حکوومەتی مەدەنی هێنا .



سالی 2011:
ئەنجوومەنی نیشتمانی ئینتیقالی لیبیا هەواڵی کوژرانی قەزافی ڕاگەیاند .




سالی 2017:
داعش دوو تەقینەوەی لە دوو مزگەوتی کابۆڵ و غۆزی ئەفغانستان ئەنجام دا و 76کەس گیانیان لەدەست دا.



سالی 2018:
لە لەندەن و بەمەبەستی داواکردنی ئەنجامدانی ڕاپرسی دەربارەی بڕێکزت ، 700 هەزار کەس خۆپیشاندانێکیان ئەنجام دا .

کاریکاتێر



www.xebat.net
یەک شەممە 2019/10/20 ژمارە (5852)



کورد..
ئەو میللەتەی هەمیشە زەرەرمەندی یاری گەلان بووە



د. خەتار ئەبودیاب*

بڕیارەکەی سەرۆکی ئەمەریکا تیشک دەخاتە سەر ئەو زنجیرە بڕیارە مێژوویییانەی ڕەگەکەیان بۆ سەرەتای کۆتایی هاتنی شەڕی یەکەمی جیهان دەگەڕێتەوە، کە بڕیاریان تیا داوە نەتەوەی کورد هەمیشە لە یارییە نێونەتەوەییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دۆڕاو بن. بەجۆرێک وادیارە هاوپەیمانی پیرۆزی هەرێمایەتی لە دژی کورد سەر لەنوێ خەونی کورد، دوای شکستپێهێنانی ڕاپرسی لە کوردستان عێراق، خەونی کورد لە دامەزراندنی ناوچەی خۆسەر هەتا ئەگەر لە چوارچێوەی سووریاش دابێت لەگۆڕ بنرێت، چارەنووسی یەپەگەو هەسەدە دوای شەڕێکی دوورو درێژو تێچوویەکی زۆر لە دژی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش بەم دەردە بڕێت.وادیارە واشنتۆن و مۆسکۆ دەستبالآیی ولاتە هەرێمییە کاریگەرەکانیان مەبەستەو ڕۆلی ئەووروپاش لە ڕۆژهەلاتدا بەرتەسک بۆتەوە.

ئەم بە بەردەوامی پشت لەکورد کردنە، ڕێگا لەبەردەم تێکچوونی سەقامگیری جیهانی عەرەبیش خۆش دەکات، تورکیاو ئێرانیش کێبڕکێ لە سەر بەرفراوانکردنی ناوچەکانی ژێر دەسەلاتیان لە ناوچەکەدا دەکەن. ئیسرائیلییەکانیش لە هەوڵی بەرفراوانترکردنی دەستکەوتەکانیانن، ئەمەش پەیامێکی هۆشداری دەرە کە دواتر ڕووبەڕووبوونەوەو مساوەمەت نەک تەنیا لەسەر حیسابی کورد کە بەبەردەوامی کراونەتە قوربانی سیاسەتی جوگرافیا لە نێوان تورک و فارس و عەرەبدا، بەڵکو لەسەر ئایندەی عەرەب و دەوڵەتە عەرەبییەکانیش ڕوودەدا، دوای تێپەڕبوونی هەشت ساڵ و نیو بەسەر هەڵگیرسانی شەڕی نێو سووریا، پێش گەیشتن بە ڕەوشی کۆتایی سووریا لەژێر چەتری ئەستانە هەر لە ساڵی 2016ەو ڕووبەڕووبوونەوەو یەکلایی کردنەوە بەردەوامەو دەست بالآیی بەسەر ناوچەکان بۆتە واقیع کە دیارتینیان ناوچەی ژێر دەسەلاتی مۆسکۆ- تاران - دیمەشقە، دوای ئەویش ناوچەی ڕۆژهەلاتی فوراتە کەلەژێر کۆنترۆڵی واشنتۆن و هێزەکانی سووریای دیموکراتە دوا ناوچەش ئەو ناوچەیە کە تورکیا لە دوای ئەنجامدانی هەردوو ئۆپراسیۆنی (دەرعی فورات و لقی زەیتون) کەوتە ژێر دەستیان.

ململانێی ئیرادە لە بارەی ڕۆژهەلاتی فورات و داواکاری دروستکردنی ناوچەی ئارام، خۆی لە ستراتیژیەتی تورکیا بۆ بەرفراوانکردنی دەسەلاتی لە باکووری سووریا دەبینێتەوە، (هەروەک لە باکووری عێراقیش شان بە شانی دەسەلاتەکەی جارانی سەردەمی عوسمانییەکان لە هەردوو ولایەتی حەلەب و موسڵ) تا تورکیا بتوانێت بە شێوەیەکی چالاکتر بەشداری لە بارەی ئایندەی سووریا بکات. دەربارەی قسەوباسی دروستکردنی پەناگایەک بەدرێژایی سنوور لەگەڵ ناوچە کوردییەکان بۆ گەڕاندنەوەی ئاوارە سوریییەکان بیانووەکی پەسندە لای ڕای گشتی تورکیا، دوای شکستهێنانی لە هەڵبژاردنەکانی ئەستەمبول کە حزبی دادوەری و گەشەپێدانی هەژاند، ئەردۆگان (سولتان)ی نوێی تورکیا گەڕەکیەتی بەم کارەی سەر لەنو سۆزی نەتەوەیی تورکەکان بۆخۆی ڕاکێشێت.بە کردەوەش زیاتر کردنی مەینەتی و ناسۆرییەکانی سوریا هەلی بۆ ئەردۆگان ڕەخساند تا پێگەی خۆی لە ناوخۆ بەهێزتر بکات، لە ڕابەڕایەتی کردنی سیاسەتی دەرەوەش، بێ ئەوەی دەستبەرداری هاوپەیمانی ئەتلەسی و پەیوندییەکانی لەگەڵ ئەورووپا بێت بەرەو روسیا بایداوە.لێرەدا ئەوەی بە ناوی (کانی ئاشتی) ناونراوە لە چوارچێوەی بازاڕی سیاسەتی نێودەوڵەتی بەهێزکردنی پێگەی تورکیا لە تەرازووی هێزە نێودەوڵەتییەکان، هیچ کامێکیان نایانەوێت تورکیایەک کە ململانێی ڕۆژهەلاتی و ئەورو-ئاسیای تیادا لە گەشەکردنایە لەدەست بدات.هەر ئەمەشە لێکدانەوەیەکی واقیعیانە بۆ هەڵوێستی ئەمریکاو پشتکردنی لە کارتی کوردی، ئەمە جگە لە هۆکارە ناوخۆییەکانی ئەمەریکا، کە تەرمپ هەموو هەوڵەکانی بۆ جێبەجێ کردنی ئەو بەڵێنانەی کاتی هەڵبژاردنی دابوو، کە ئەویش کشانەوە بوو لە شەڕەکان کە ئەو بە شەڕی بێ کۆتا ناوی بردبوون، هەربۆیە سیاسەتێکی یەکگری دەردەوە لە سەردەمی تەرمپ بوونی نییە بە ئاراستەی کەمتر بایەخدانی بە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و هەڵدانەوەی لایەڕەیەکی نوێیە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی ئەمەریکا.تەرمپ پێشتر لە مانگی دیسەمبەری 2018 بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکای دابوو، بەڵام لەژێر گوشارو ڕەتکردنەوەی لە لایەن هەردوو حزبی کۆماری و دیموکراتی ناچاربوو جێبەجێ کردنەکەی دوابخات، ئەمەش ئەوە دەردەخات کەوا پێشنیارەکەی تەرمپ بۆ میانگیری کردن لە نێوان تورکیاو کورد، تەنیا بۆ خۆڵ لە چاوکردن بووە هیچی تر، بە تایبەتیش دوای لێدوانە سەیرو سەمەرەکەی لە مەڕ کورد جا بە ڕاستی بێت یا گاڵتە، گوایە کورد بەشداری شەڕیان لەگەڵ ئەمەریکا لە سەردەمی شەڕی دووەمی جیهانیدا نەکردووە.

کەڵەکەبوونی کێشەکان وایکرد بوتین و تەرمپ گلۆپی پورتوقالی بۆ ئەردۆگان هەڵبکەن تا پرۆسە سەربازییەکەی لە ناوچەکە دەست پێبکات، بەم کارەشیان لە پشتەوە خەنجەریان لە گەلی کورد دا.

ڕووداو و واقیعەکەی ئێستا، ڕێک قۆناغەکانی سەردەمی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیمان بیر دێنێتەوە، کە هەر چەندە ئەو کات تومەز وودرو ولسونی سەرۆکی ئەو کاتی ئەمەریکا دروشمی (مافی چارەنووسی بۆ گەلان) لە نێوشیاندا گەلی کورد بەرزکردبۆوە پەیمانی دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆیان پێ دابوون. بەڵام ئەوانەی لە دوای ئەو هاتن چاوپۆشییان لەو مافە کرد، هەر چەندە نەتەوەی کورد لە ڕووی ژمارەوە یەکێکە لە گەورەترین نەتەوەکان تا ئێستا لەسەر ئاستی جیهاندا دەوڵەتێکیان نییە تا کۆیان کاتەوە. ئەوان لە نێوان تورکیا و سووریاو عێراق و ئێران و ئازربایجان و ئەرمینیاو جۆرجیا ماوەیەکی زۆرە بڵاوبوونەتەوە. ئەوەی کورد لەسەردەمی سەرۆکی بەناوبانگی ئەمەریکا بەسەریدا هات،، هەمان ڕەفتاریان لەگەڵ سەرۆکی بەناوبانگی سۆڤیەتی جاران لە دوای جەنگی دوومە جیهان بەسەر هاتەوە کاتێ جوزیف ستالین لەبەرامبەر بەدەستهێنانی بەشێکی گەورە لە نەوتی ئێران، پشتی لە (دەوڵەتی مەهاباد) کرد.لەسەروبەندی شەڕی ساردو مللملانێ هەرێمایەتییەکان، سەرلەنوێ کورد هاتەوە مەیدان، لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو کوردی عێراق دەستپێکی بە (ئاگا) هاتنەوە بوون، بەڵام یەکێتی سۆڤیەتی جاران بە خێرایی پشتی لە سەرکردەی کوردی هاوپەیمانیان بارزانیی نەمر کرد، هنری کیسنجەری وەزیرەکەی نیکسۆنیش ڕۆڵی لەم پیلانەدا گێڕا تا کورد بەو ئاکامە بگات.بەڵام کورد ڕابردوویان لەیاد نەما. ڕەنگە زروفەکەشیان یا ویست ئاواتەکانیان ناچاری کردبن سەر لەنوێ کار لەگەڵ ئەمەریکییەکان لەسەردەمی ئۆباماو تەرمپدا بکەن. بەڵام مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە، ئەوە تۆمار دەکات ئەوانەی بەناوی کەسانی دیکەو بەرگریکردن لە مرۆڤایەتی شەڕی داعشیان کرد، سەرلەنوێ پشت لە کورد کرا!.



* مامۆستای زانستە سیاسییەکان، بنکەی نێودەوڵەتی بۆ جیوپۆلیتیک- پاریس
سەرچاوە: ڕۆژنامەی ئەلعەرەب
ئا:خالید گەردی

مانشێت



سکای نیوز:
بڕیار وایە هەزاران کەس لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا خۆپیشاندانێکی گەورە ئەنجام بدەن و داوای ئەنجامدانی ڕاپرسیەکی تازە بکەن سەبارەت بە بڕێکزت .



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
خۆپیشاندەران لە کەتەلۆنیا سنووری وڵاتەکەیان لەگەڵ فەرەنسا داخست و لەگەڵ ڕاستڕەوەکان ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە .



ئەی ئێف پی:
لە ڕۆژهەلاتی ئەفغانستان تەقینەوەیەک لەنێو مزگەوتێک ڕوویدا و لانی کەم 62 کەس گیانیان لەدەست دا.



ئیلاف :
حکوومەتی ژاپۆن ڕایگەیاند کە لە هیچ هاوپەیمانیەک بەشدار نابێ بەڵام بە مەبەستی پاراستنی هاتوچۆی دەریایی ژمارەیەک کەشتی و فڕۆکە ڕەوانەی ناوچەی کەنداو دەکات .




فرانس 24:
بە مەبەستی دەربڕینی ناڕەزایی بەرامبەر تەنگژەی ئابووری و سەپاندنی باجی زیاتر بەسەر هاوڵاتیان، لە بەیروت هەزاران کەس ڕژانە سەر شەقام .



کەنالی ئار تی :
دەسەلاتدارانی ئەمەریکا کەسێکی سودانیان لە ئەمەریکا دەرکرد کە پلانی تەقاندنەوەی بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکانی داڕشتبوو .

کامێرا نەبێ پەنجەکان بەتەنیا ناتوانن شێوەکاری هونەرەکان لەچرکەیەکدا تۆماربکەن







دیمانە: هێمن ئاری

ڕۆژنامەنووس و فۆتۆگرافەر ڕزگارسیان ، لە ساڵی 1965 لە گەڕەگی سەعدونـاوە لەشاری هەولێر لەدایکبووە. وەک خۆی لەم دیمانەی ڕۆژنامەی خەبات ئاماژەی پێدەکات لەمنـاڵیەمەوە ئارەزووی هونەری فۆتۆگرافەری هەبووە و بەکامیرای سەرشەقامەکان کە ڕەش و سپی بووە دەستی پێکردووە،لەتەمەنی حەوت ساڵیدا هەستی وێنەگری هەبووە و دەستی بەکاری وێنەگرتن کردووە. دەڵێت: لە ساڵی 1979 کامیرای کۆداک فەوریم بە کارهێنا وێنەی ئەو سەردەمم گرتووە. ئەندامی کۆمەڵەی وێنەگرانی کورستان و ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتییە. هەروەها بەرپرسی ڕێکخراوی زوومە بۆ پەرەپێدانی هونەری و کەلتووری ،بەشداری لەدەیان کاروچالاکی ڕێکخراوەکانی مەدەنی کردووە ، بەشداری دووەمین ڤیستڤالی شیعری کوردی کردووە لە ساڵی 1985، لەپێشانگای هاوبەشی فۆتۆگرافی بەشداربووە لەوڵاتی ئەڵمانیا پێشانگای تایبەتی کردۆتەوە، لە هەولێرو شارۆچکەکان پێشانگای کردۆتەوە، دەڵێت:هەر لەساڵی 1979 بە دووواوە من هەم بەدەنگ و ڕەنگ ئەرشیفێکی زۆری هەیە لەهی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و هونەری و....هتد

هەروەها باسی لە چۆنیەتی وێنەی سروشتی کوردستان دەدات. هەتا ئەو وێنـانـەی لەسـەردەمی شـاخ و پێشـمەرگایەتی گرتووە هەمووی بەکـامـیـراکـەی خۆی وەک میژوو تۆمـاریـکـردوون هـەم گـونـدە ڕووخاوەکان و سەربردەی ئەنفال و شۆڕشەکان و ...

هەروەها پەیامنێری ئەسوشیەتد پرێس بـووە بۆ گـواسـتـنـەوەی هـەواڵ و بۆردومـانـەکـانی کـوردسـتـان ،، پـەیـامـنـێـری زۆربـەی ڕۆژنـامـە و گۆڤارەکانی کوردستان بووە.

چۆن بـواری هـونـەری فۆتۆگـرافـەرت هەڵبژارد؟

لە تەمەنی هەرزەکاریەوە کە چوومە ناو بـارودۆخێـکـی سـیـاسـی و کۆمـەڵایـەتـی توانیم باوەڕبەخۆبوونم بکەم ئەوکاتیش بۆ تۆمارکردنی ڕووداوەکان و گەشتەکانم حەزم چوو کامیرا بکەمە هەگبەی ئەو میژوو و ئەرشیفـانـەی کە لەتەمـەنـا تێدەپەڕێ.

دیـمـەن و سـروشـتـی کـوردسـتـان تـا چ ئاستێک گـونجاوە بۆ ئەوەی فۆتۆگرافەر بـتـوانێت بۆ زۆمی کـامـیـراکـەی سـوودی لێوەربگرێت؟

سـرووشـتی کوردستان کەسەردەکەوی بۆ بەرزی شاخەکانی هەتاسەیەکی پاک، دیمەنێک جـیـاواز کـە بـەکـراوەیی چاوی خۆت و کـامـیـراکـەت، نـیـشـتـیـمـانـت وێنادەکەیت لەهەموو ئەو باڵندە و درەخت و ژیانی سادەیی ماڵە ڕەوەندەکان و لە کەلی شاخەکـانـیش ئـاسۆی بـەیـانی و خۆرئـابـوون دەبـیـنـی کـە سـرووشـتـێـکـی ڕاستەقینەی مرۆڤایەتین. وا هەستەکەیت بۆ ئەوە دروستکراون وێنـەیـان بـگـریت کەهێندە سەرەنج ڕاکێشە دیمەنەکانی..

لەکوردسـتـان تـا چ ئـاسـتـێـک بـایـەخ بـە هـونـەری فـۆتـۆگـرافـەر دراوە بـەبـەراورد لەگەڵ بوارەکانی دیکەی هونەر؟

بـایـەخ بـە هـونـەری فۆتۆگرافی دراوە ، حەزی گـەنجەکانمان زۆر بووە و کامیرای پێـشـکـەوتـوو و لێـنـزە نـایـابـەکـان بەدەستیانەوەیە. بەڵام ناتوانین بەهەموو کـامێـرا بـەدەسـتـێـک بـدێـیـن فۆتۆگرافەر،چونکە ئەویش هونەرێکی گەورەیە، ئەزموونی فۆتۆگرافی لای من پێویستی بەماندووبوون و ڕاوکردنێکی لێزانانە هەیە تا بتوانی ئەو وێنەی کە پێکـاوە بۆ جـوانـیـیـەکـەی، یـادەبێـتـە چیرۆکێک و ئەرشیفێکی میژوویی کە لە داهـاتـوو بۆ ڕابـردوو دەمـانـگـێڕێـتـەوە ، بەداخەوە لە کوردستان کـامـیـرەوانی سەرشەقام و فۆتۆگرافەری ڕاستەقینە جـیـانـاکـرێـتـەوە ، هـونـەری شـێـوەکـاری دیمەنەکانیان زۆر شاراوەن کۆمەڵگای ئـێـمـە زمـان و شـاکـاری سـادەو تێگەیشتنێکی خێرای دەوێ، چونکە ڕەنگەکان زۆر ئاڵۆزن بۆ ڕوونکردنەوە یـان درەنگ دەکـەوێ .هـونـەری شێوەکاریش ئەو تابلۆیانەی لایەنی کـەلـتـووری کـوردەواری و سروشتی ژیانی لادێی تێدا بەرجەستە دەکەن گوزارشت لە میژووی کورد دەکەن.

جیاوازی هونەری فۆتۆگرافەر لەگەڵ هونەرەکانی دیکە چییە؟

هـونـەری فۆتۆگـرافـەر لـەهـەمـوو هونەرەکانی تر جیاوازترە، چونکە هەموو تۆمارێکی هونەری لە چاوی کـامـیـراو مـانـدووبـوونی فۆتۆگرافەرەکەوە هەڵدەگیرێ . کامیرا نە بێ پەنجەکان بەتەنیا ناتوانن شێوەکاری هونەرەکان لە چرکەیەکدا تۆمار بکەن .

دروست مامەڵەکردن لەگەڵ تەکنەلۆژیا



ئەندازیار/ کێوان حەسەن

گەر لەخۆمان بپرسین چۆن بەدروستی تەکنەلۆژیا بەکاربهێنین؟ ئەمانە و دەیان پرسیاری تر کە دەبێت هەر یەکێک لە ئێمە لەخۆی بکات، بۆ ئەوەی بتوانێت لەم ڕۆژانەدا ڕێگای خۆی بدۆزێتەوە. هەر کەسێک بیەوێت لە ژیان سەرکەوتوو بێت هەر لە سەرەتاوە دەبێت بڕیاری ئەوە بدات هەموو کاتێک ڕێگا ڕاستەکە بگرێتە بەر بێ گوێدانە زەحمەتی و دڕێژی ڕێگاکە. بابەتەکە زۆر لە خۆ دەگرێت من نامەوێت بچمە قوڵایی بابەتەکە بەڵکو تەنها چەند خاڵێک دەوروژێنم کە ببیری داگیرکردووم.خوێندن بۆ ئەوە نیە تۆ تەنها ساڵانە قۆناغەکان بە سەرکەوتوویی ببڕیت و شـتـێـکی ئەوتۆش بۆ خەرمانی زانیاریەکانت زیاد نەکەیت، ئاستی تێگەیشتن و ڕۆشنبیریت بەرز نەکەیتەوە. لەو سەردەمەی ئێستاش تەکنەلۆژیا کاریگەری زۆر لەسەر مرۆڤەکان داناوە و بواری خوێندنیش پشکی شێری بەرکەوتووە، ئەگەر تۆ وابزانیت تەکنەلۆژیا دەبێت لە خزمەت خوێندن بێت، ئەوا تۆ هەڵەی پێچەوانەکەشی هەر هەڵەیە! هەردووکیان دەبێت لە خزمەت یەکتر دابن. بۆچی؟ بێنە پێش چاوی خۆت قوتابی ئێستا لە قۆناغی سەرەتایی ئەگەر تەکنەلۆژیا لە خزمەتی نەبێت ئەوا چۆن ئەو قوتابیە بتوانێت پێبگات و خزمەتی بواری تەکنەلۆژیا لە دواڕۆژ بکات؟ئەی ئێستا چۆن تەکنەلۆژیا بتوانێت خزمەتی قوتابی بکات؟ کە ئەو نەزانێت چیە و چۆن بەکاردێت، خوێندرانی خۆشەویست ئێمە دەبێت بزانین هەموو شتێک دەبێت لە خزمەت مرۆڤایەتیدا بێت، مرۆڤیش دەبێت بەردەوام لە خزمەت بوونی خۆی بێت. شتەکان پێویستە ڕێڕەوی خۆیان بگرن، مرۆڤەکان زۆر جار ڕاستیەکەش دەزانن بەڵام ئامادە نین جێبەجێی بکەن، هەرگیز نابێت ڕێگایەکی هەڵە بگـریـتـە بـەر بۆ بـە دەست هێنانی شتێکی ڕاست! تا ئێرە بە ناڕاستەوخۆ قسەم کردووە و نامەوێت زۆر دڕێژی بکەمەوە، ئەوەی ویستم گوتم، تکایە ئەگەر تۆ دەتەوێت سەرکەوتوو بیت لە هەر قۆناغێک و بواڕێک، هەوڵبدە تەنها سەرکەوتنی سەر کاغەز ئامانجت نەبێت بەڵکو دەبێت بەڕاستی ئەو قۆنـاغـە بـبڕیت و هـەمـوو ئـەو زانیارییانەی وەرت گرتووە بتوانیت لە ژیانی ئێستا و داهاتووت بەکاری بهێنیت و بە تەواوی لە ناخت جێگیر بووبێت. بۆ ئەوەی بەیانی بتوانیت لە ڕێگا سەختەکەی ژیانت بەکاری بهێنیت و بتوانیت دەستی کەسانی تـری پێ بـگـریـت و شـانـازی بـە زانـسـتـەکـەتـەوە بـکـەیـت، لـە مـرۆڤ بوونی خۆت ڕازی بیت.تەکنەلۆژیاش هـەمـوو کـات لـەخـزمـەت ئـەو شـتـە بەکاری بهێنە کە دەتەوێت، بە دەستی بهێنیت بەڵام بە ڕێگا ڕاستەکەی. هەر کاتێکیش تۆ گەیشتیتە ئەو ئاستەی تۆ دەستت هەبێت لە پێشخستنی تەکنەلۆژیا ئەو کات بە هەموو توانات دەبێت داهێنان لە تەکنەلۆژیا بکەیت و خزمەتی ئەو بواڕە بکەیت، نەوەک چاوت لەوە بێت تا مردن ئەو خزمەتت بکات. چونکە ئەگەر ئێمە پێشی نەخەین ئەوا بێگومان ئەو پاشمان دەخات.ئێستا بۆمان ڕوون بۆوە ئەو . شتە دژیەک نین و نابێ بڵێین: تەکنەلۆژیا VS خوێندن. بەڵکو دەبێت بڵێین: تەکنەلۆژیا و خوێندن لەخزمەت یەکتردان.

ئەنجامدانی وەرزشی ڕێک و پێک ڕێگە لە جەڵتەی مێشک دەگرێت

لەڕاپۆرتێکی ئاژانسی یونایتدپرێسدا هاتووە ،ئەنجامی دواینی توێژینەوەی زانایانی زانکۆی هلسینکی لە وڵاتی فینلەندا پیشانی داوە کە ئەنجامدانی وەرزش هەتا بە ڕێژەیەکی کەم ، ئەگەر تووشبوون بە جەڵتەی مێشک کەم دەکاتەوە . جەڵتەی مێشک بە هۆی پچڕانێکی کورد لە نێو ڕێرەویی خوێن لە مێشکدا دروست دەبێ. لەو حاڵەتەدا ئۆکسیژن و گەیشتنی باقی مادەو خۆراکییەکان بۆ مێشک کەم دەبنەوە و بەشێک لە مێشک زیانی بەردەکەوێت ، بۆ جەڵتە لە چەند بەشێکی جیاوازی مێشک کاریگەری دادەنێت .بە ووتەی توێژەران، جگەرەکێشان ، گـشـاری خوێنی بەرز بـەگـرنـگـتـرین هۆکـارەکـانی تووشبوون بە جەڵتەی مێشک دەزانن ، بۆ ئەو مەبەستە زانیاری پزیـکـشی پـەیـوەست بە 70هەزار نەخۆشیان لە وڵاتی فینلەندا تاوتوێکرد . ئەنجامی توێژینەوەکان پیشانی دا ، ئەنجامدانی ڕاهێنانی وەرزش سووک لە ماوەی هەفتەدا ،ئەگەر تووشبوون بە جەڵتە بەڕێژەی 5لەسەدا کەم دەکاتەوە و هەروەها هەرچەندە ڕێژەی وەرزشکردن زیاتر بێ، ئەوا ئەگەری وەرزشکردن کەمتـر دەبێتـەوە .ئـەو تـوێژیـنـەوەیە پـیـشـانـی داوە ، 30خولەک پیادەڕۆیشتن یا پاسکیلسواری بۆ ماوەی چوار ڕۆژ لە هەفتەیەکدا ، ئەگەری تووشبوون بە جەڵتەی مێشک بەڕێژەی 20لە سەدا کەم دەکاتەوە، هەروەها وەرزشکردن دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی هەوکردنی خوێنبەرەکان و کەمکردنەوەی جەڵتەی مێشک .

مەعروف سەلیم: ئامانجی سەرەکیمان لە ڕێکخراوی گوڵ و سروشت گەڕاندنەوەی ناوی ڕەسەنی کوردیە بۆ گوڵ و گیای کوردستان



دیمانە: موسلیم دزلەمەری/ بارزان

سروشتی کوردستان بە گشتی و دەڤەری بارزان بە تایبەتی خاوەنی سەدان جۆری گوڵ و گیای جۆراو جۆرن چ ئەوانەی بۆ خواردن بە کاردێن یان ئەوانەی کە دەشت و دۆڵ چیاکانی کوردستانیان ڕازاندۆتەوە, بەڵام ئەوەی جێگەی داخە بە دەیان گوڵ و گـیـا هـەن کـە نـاوی ڕەسـەنی کـوردیـان ونکردووەو ناوە بیانیەکانی دەوروبەرمان بەسەریاندا زاڵبوونە بەڵام ئێستا ڕێکخراوی گوڵ و سروشت لە دەڤەری بارزان لە هەوڵ و تێکۆشانـدایـە بۆ گـەڕانـدنـەوەی نـاوی ڕەسـەنی کـوردی بۆ گـوڵ و گـیـاکـانی کوردستان بۆ زیـاتـر زانـیـاری مـەعـروف سەلیم زوردگڤانی بەمشێوەیە بۆ (خەبات) دواو گوتی:

ڕێکخراوەکەمان ناوی گوڵ و سروشتە کە بە شێوەیەکی فەرمی مۆڵەتمان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرگرتووەو کار لەسەر بەرنامەکانمان دەکەین.

سەبارەت بە ئەندامانی ڕێکخراوەکەو ئەندامبوون لە ڕێکخراو گوتی:ئێستا ئێمە تـەنـهـا پێـنـج ئـەنـدامـی سـەرەکـین لـە ڕێکخراوەکەمان کە سێیان ڕەگەزی نێرو دووشـیـان ڕەگـەزی مێن وەکـو دەسـتـەی کارگێڕی ڕێکخراوەکەمان و سەبارەت بە ئەندامبوون لە ڕێکخراوەکەمان مەرجی سەرەکیمان ئەوەیە دەبێت وێنەگربێت یان ئارەزووی وێنەگرتنی هەبێت بە تایبەتی لە بواری گوڵ و گیادا

سەبارەت بە سنووری چالاکیەکانیان گوتی : چالاکیەکانمان سنووردار نین بەپێی تواناممان لە تەواوی کوردستان کەپێویست بێت چالاکی و گەڕان بە دوای دۆزینەوەی گوڵ و گـیـای دەگـمـەن ئـەنجـامـدەدەین و لێکۆڵینەوەش لەجۆرەکانیان و ناوەکانیان دەکەین کە تاکو ئێستا زیاتر لە 100 جۆری گوڵی جوان و دەگمەنمان تۆمارکردووە بەڵام گرفتی سەرەکیمان دۆزینەوەی ناوی ڕەسەنی کوردیە بۆ گوڵەکان چونکە هەر شوێنێک ناوی تایبەتی و جیاوازی هەیە بۆ گوڵەکان کە ناوی یەکگرتوومان زۆر کەمە.

سـەبـارەت بـە ئـامـانـجی سـەرەکی ڕێکخراوەکەیان گوتی : ئامانجی سەرەکی ڕێکخراوەکەمان ناساندنی گوڵی خۆرسکی کوردسـتـانـەو دۆزیـنـەوەی نـاوی ڕەسـەنی کوردیە بۆ گوڵ و گیاکانی کوردستان بە گشتی و دەڤەری بارزان بە تایبەتی

سـەبـارەت بـە کـردنـەوەی پێـشـانـگـاو چالاکیەکانی تریان گوتی : بەڵێ ئێمە بەردەوامین لە گەڕان و ئەنجامدانی چالاکی جۆراو جۆرو هەروەها تاکو ئێستا ژمارەیەک لە پێـشـانـگـای جۆری گـوڵ و گـیـامـان کردۆتـەوە لـە چـەنـد نـاوچـەیـەکی جـیـای کوردستان و ئینشائەڵڵا بەردەوامیش دەبین لە کردنەوەی پێشانگای ترو خستنە ڕووی گـوڵی دەگـمـەن و نـاوی ڕەسـەنی کـوردی گوڵەکان بۆ کوردستانیانمان.

لەکۆتاییدا گوتی : هیوادارین کوردستانیان هاوکارمان بن لە دۆزینەوە یان وێنەگرتنی گوڵ و گیای دەکـمـەن و دۆزیـنـەوەی نـاوی ڕەسـەنی کوردی بۆ گوڵ و گیاکان و هەروەها داواکـارین لـە لایـەنـی پـەیـوەنـدار کـە هاوکارمان بن بۆ ئەوەی بتـوانـین زیـاتـر خزمەت بە ژینگەی کوردستان و زمانی ڕەسەنی کوردیمان بکەین.

ئەلیسا بەیەکجاری دنیای هونەر بەجێ دەهێڵێت



ماوە ماوە ئەستێرەی شۆخی لوبنانی ئەلیسا دەربارەی ژیانی تایبەتی خۆی هەواڵی سەرنج ڕاکێش بڵاو دەکاتەوە، ئەمجارەش لە دواین لێدوانیدا وەک گۆڤاری هونەری لەیالینا بڵاوی کردۆتەوە گۆزانبێژی لوبنانی ئەلیسا لە دوای بڵاو کردنەوەی ئەلبۆمە نوێکەی خۆی ڕایگەیاند کە بەیەکجاری دنیای هونەری بەجێ دەهێڵێت و خۆی سەرقاڵی کاری دیکە دەکات. ئەم هەواڵەش هەواداڕانی ئەلیسای تووشی شۆک کردووەو پرسیاری ئەوەیان لەلا دروست بووە کە ئایا ئەلیسا دووبارە دوچاری شیرپەنجەی مەمک بۆتەوە، یان هەواڵێکە بۆ چەواشەکاری ...؟!

راهێنەری پێشووی یانەی دوبەی لە دیداریێکی (خەباتد)دا

پیترا کیزاری سلۆڤینی: هەر زوو درکم بەوەکرد شەترەنج لە زۆر رووەوە سوودی هەیە بۆیە بەردەوام بووم لەسەری



دیانە: هاوار مورتکەیی

پیترا کیزار Petra Kejzar خانمە شەترەنجزانی ولاتی سلۆڤینیایە و هەڵگری بڕوانامەی مامۆستای شەترەنجی ئافرەتانە (WIM) بەدەست دەهینیت دوای ئەوەی لە پاڵەوانێتی شەترەنجی ئەوروپا لە یاریزانیکی خاوەن هەڵگری بڕوانامەی گراند ماستەر دەباتەوە و کاتێک تەمەنی 13 ساڵان دەبێت بەشداری پاڵەوانێتی ئەوروپا دەکات بۆ خوار 16 ساڵی پلەی دووەم بەدەست دەهێنێت، پیترا لە دیمانەیەکی لاپەڕەی وەرزشی رۆژنامە خەبات باس لە ژیانی وەرزشی و ئەو قۆناغانەی دەکات کە تا ئێستا پێی تێپەڕیون.

پلەی دووەم لەسەر ئاستی ئەوروپا

پیترا کە لە 17ی حوزەیرانی 1996لە شاری کرانی سلۆڤینی لەدایک بووە دەڵێت: بۆیە شەترەنجم هەڵبژارد چونکە براکانم لەمالەوە ئەو یارییەیان دەکرد، دوای ماوەیەکی کورت بۆم دەرکەوت کە شەترەنج زۆر سوودی جیاوازم پێدەگەیەنێت و بەختەوەرم دەکات، لەوانە وردبوونەوە و دەرفەتی گەشت و ناسینی کەسایەتییەکان لەسەرانسەری جیهان، کە ئەمەش هانیدام



پێویستە هەمووان منداڵەکان فێری یاری شەترەنج بکەن

لەسەر بەردەوام بم، هەروەها گوتی: لە سالی 2009 دەستم بەشەترەنج کرد کە ئەوکات تەمەنم 13 ساڵان بوو، بەهەرحال لە پاڵەوانێتی ئەوروپای خوار 16ساڵ پلەی سێیەمم بەدەستهێنا، دواترین پاڵەوانێتی ئەوروپاش کە بەشداریم تێداکردبێت پاڵەوانێتی ئەمساڵ بوو کە لە تورکیا بەڕێوەچوو، ئەگەرچی ئاستم وەک پێویست نەبوو لەم پاڵەوانێتییە، بەڵام توانیم لە گراند ماستەرێک ببەمەوە.

خەونی من هەڵبژاردەی سلۆڤینیایە

دواتر ئەو خانمە شەترەنجزانە سلۆڤینیە گوتی: لەسەرتای کاروانی وەرزشیمەوە بەهیچ شێوەیەک بەدەستهێنانی ڕەیتینگ بەلامەوە گرنگ نەبووە، بەڵام کاتێک لە یاریزانێکی گراندماستەرم بردەوە و بڕوانامەی WIM بەدەستهێنا زۆر بەختەوەر بووم، بەڵام خەونی من ئەوەیە کە لەریزی هەڵبژاردەی سلۆڤینیا یاری بکەم، هەوڵی خۆمی بۆ دەدەم و تا ئێستاش بیرم لەوە نەکردۆتەوە کە واز لەیاریکردن بهێنم، هەروەها گوتی: پێشتر رهێنەرێکم هەبوو ئەویش IM Leon Mazi، کە زۆر شتی فێرکردم، ئێستا راهێنەرم نییە، چونکە خۆم سالی رابردوو راهێنانم بە یانەی دوبەی داوە.

بۆ تەمەنەکانیش شەترەنج پێویستە

لەکۆتاییدا پیترا کیزار شەترەنجزانی سلۆڤینی لەبارەی شەترەنج و بایەخی ئەو یاریە گوتی: ئەگەرچی شەترەنج یارییەکی زۆر خۆشە بەڵام لەهەمان کاتیش زۆر قورسە، وەک هەر یارییەکی تر پێویستی بەوە هەیە هەموو توانات بەکاربهێنی بۆ ئەوەی بەئامانج بگەیت، لێرەوە بەپێویستی دەزانم لە منداڵەکانمانەوە دەست بە فێربوونی شەترەنج بکەین، چونکە زۆر بەسوودە، فێرە زۆر شتت دەکات لەوانە دان بەخۆداگرتن، رکابەری، کۆڵنەدان، لەهەمووی گرنگتر چەندی بچیتە ناو تەمەنەوە یارمەتیدەردەبێت لە چالاککردنی میشک.



زیدان و پۆگبا بەنهێنی کۆدەبنەوە





دەزگا راگەیاندنەکانی بەریتانیا وێنەیەکی تایبەتی و نهێنی بڵاوکردۆتەوە کە دەرکەوتووە زیدان و پۆل پۆگبا بەیەکەوە لە دوبەی کۆبوونەتەوە، ئەمەش هەرایەکی ناوەتەوە کە باس لەوە دەکرێ ئەو یاریزانە فەرەنسیە دواجار بچێتە یانەی ریال مەدرید.

ڕۆژنامەی دیلی میرۆر وێنەیەکی زیدان و پۆگبای بڵاوکردۆتەوە کە چەند ڕۆژێک بەر لە ئێستا هەردووکیان بەیەکەوە لەسەر کەناریک لە دوبەی دانیشتوون و گفتوگۆ دەکەن، ڕۆژنامەکە ئاماژەی بۆ ئەوەکردووە کە پێدەچێ هەردولا گفتوگۆکانیان تایبەت بن بە ڕێککەوتنێک لەنێوان هەردولا بۆ ئەوەی لە ئایندەیەکی نزیکدا پۆگبا بە دریسی یانە شاهانەییەکە ببینرێت.

یەکێتی تۆپی سەرمێزی لقی هەولێر چالاکیەکانی 2019 ئەنجامدا



زاگرۆس نانەکەلی

بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لەسەر یەک ڕێکەوتی 17و 16/10/2019 یەکێتی تۆپی سەرمێزی لقی هەولێر چالاکییەکانی تێکڕایی ئاستەکانی ئەنجامدا و لەسەر ئاست کوڕان وکچان وتیپ و تاک.

ئاستی کچان تاک ئەنجامەکان بەم شێوە بوو:

ڕۆشنا عەبدولباقی پلەی یەکەم، سیما سەلاح پلەی دووەم، شەیا و ئاشنا عەبدولباقی سێیەم و چوارەم.

ئاستی بەچکەشێران کوڕان ئەنجامەکان بەم شێوە بوو:

ئاریز ئاری پلەی یەکەم، پێشەوا سەرباز پلەی دووەم، پۆلا محەمەد پلەی سێیەم.

ئاستی لاوان تاک کوڕان ئەنجامەکان بەم شێوە بوو:

عەموار ئەلحەکیم پلەی یەکەم، ئەحمەد جەمال پلەی دووەم، محەمەد سالم پلەی سێیەم

دێرینەکانس تۆپی سەرمێزی هەولێر ئەنجامەکان بەم شێوە بوو:

قەلەندەر نەسرەدین پلەی یەکەم، هاشم ڕەسول پلەی دووەم، هێمن سەدڕەدین پلەی سێیەم

لەسەر ئاستی یانەکانی هەولێر،کە هەشت یانە بەشداربوو و وەنجامەکان بەم شێوە بوو:

یانەی وەرزشی برایەتی پلەی یەکەم

یانەی ئەکاد پلەی دووەم

یانەی کۆیە پلەی سێیەم

نادال: دوای وازهێنانیش لە وەرزش دوور ناکەومەوە

تێنسزانی ئیسپانی رافائیل نادال، دووەمی پۆلینی جیهان، وتی دوای وازهێنانیش لە تێنس، نایەوێت لە وەرزش دوور کەوێتەوە. نادال، لە میانی بەشداریکردنی لە هەڵمەتێکی پروپاگەندەیی لە مەدریددا وتی:" من وەرزشم خۆش دەوێت و نامەوێت لێی دوور کەومەوە، کە وازیش لە تێنس دەهێنم، من لە دوا قۆناغەکانی کاروانەکەم دام، شتێکی ناخۆشە، بەڵام ژیان ئەوهایە، ئەو ئەکادیمیایەی هەشمە، ئەو ئامانجەم لە ئایندەدا بۆ دەستەبەر دەکات". نادال، کە خاوەنی 19 نازناوی گراندسلامە و تەنیا بە یەک نازناو لە دوای تێنسزانی سویسری، ڕۆجەر فیدرێر دێت وتیشی:"2019 بۆ من ساڵێکی باش بوو، پارەکەش هەروا بوو، بەڵام بەهۆی کێشەی جەستەییەوە، بەشداریی پاڵەوانیەتی زۆرم نەکرد". هەروەها وتی:"لە پاڵەوانیەتی بەرشلۆنەوە تاکو ئێستا، بەشداریم لە هەموو ئەو پاڵەوانیەتیانەدا کرد، کە پلانم بۆ دانابوو، ئومێدەوارم لەسەر هەمان ئەو ڕێچکە بڕۆم، کە پلانم بۆی داناوە". نادال لە کۆتاییدا وتی:" ئەو شتە دەکەم کە پێم خۆشە، بۆیە کاتێک مرۆڤ، ئەو شتە دەکات، کە پێی خۆشە، هیچ قوربانیدانێکی ناوێت. ئەو شتەی زیاتر وام لێدەکات هەست بە رازیبوون بکەم، ئەوەیە، دەتوانم بەسەر زەحمەتییەکاندا زاڵ بم و پەرە بە ئاستی خۆم بدەم، لە میانی بەدیهێنانی شتی زۆر و تێپەڕاندنی ئەو ساتانەی، کە جەستەت فریات ناکەوێت. هەموو ئەو شتانەی کە کردووشمە، بە یارمەتی کەسانی چواردەورم بووە".

ڕەمزی میرەکانی

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com


خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Thu, 17. Oct. 2019 No: (5851)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

یەکەم شۆڕن کە کتێبەکەی بەدیاری بۆ هێنا خەبات بوو


قاچ شکانی مامۆستا مومتاز حەیدەری کتێبێکی لێکەوتەوە





کەوتە بەر دیدی خوێنەران.ئەم کتێبە بریتییە لە چەند بابەتێک و بەدواداچوون و هەموو ئەو هەواڵانەی لەبارەی مامۆستا مومتاز حەیدەری بەهۆی قاچ شکانەکەیەوە بڵاوکراوەتەوە، هەروەها هەموو ئەو بەڕێزانەی سەردانیان کردووە ناو و وێنەیان بڵاوکراوەتەوە.مامۆستا حەیدەری بەناوی (قەڵەمێکی داربەڕوو) لە لاپەڕە 6ی ئەم کتێبەدا کە وەک پێشەکییەکە بەناونیشانی (نازانم چۆن دەخوێندرێتەوە..؟!) پێناسەیەکی کتێبەک دەکات و دەنووسێت:"ئەم کتێبەی بەردەست، ئایا لە روانگەی بەرژەوەندی حزبایەتی ئایدۆلۆژیا و هەمەڕەنگ؟ براەرایەتی سەر میز..؟ خزمایەتی و مۆدێرنی سەردەمی عەشیرەتگەری ..هتد. چۆن دەخوێندرێ..؟ یان: وەک کتێبێکی نوێی کوردی، ناوەرۆکێکی نوێی سەرنج راکێش، بگرە لە سۆنگەی شێواز و ڕێبازێکی نموونەیی داهێنان، هاوکات دەبێژین: لە نووسینی ئەم کتێبە ژمارەیەکی زۆر بەشدارن، ئەوەش خاڵێکی هەرە گەشی کتێبەکەیە..چۆن دەخوێندرێ..؟ ئەوەتە، رووداوێکی تاکەکەسی، دیاردەیەکی فرە جوانی کۆمەڵایەتی، مرۆڤپەروەری، نشتیمانی، کلتووری، دروست دەکات. لە ئەنجامەکەیدا کتێبی خەڵاتی میللی دێتە کایەوە، پێگومان کتێبخانەی کوردی شبە گەرمی لە ئامێزی دەگرێ ،تۆ بڵێی بەتەواوی هەقی پێ بدرێ!!؟". خەبات یەکەم ڕۆژنامە بوو کە هەواڵی رووداوی قاچ شکانی مامۆستا حەیدەری بڵاوکردەوە، لەم کتێبەشدا ئاماژە بەوە کراوە کە خەبات دەست پێشخەری کردووەهەر لەو ڕۆژەی کەوتۆتە نەخۆشخانە و دواتر کە لە مااڵەوە کەوتووە تا چاکبوونەوەی، ژمارەیەکی زۆری چین و تووێژەکانی کوردستان، بەتایبەتیش کەسایەتی و نووسەر و شاعیر و ڕۆژنامەنووسان سەردانیان کردووە و چەپکەگوڵیان پێشکەش کردووە، ئەم کتێبە بەرهەمی ئەو قاچ شکانەی مامۆستا حەیدەرییە، هیوای تەندروستییەکی باش بۆ مامۆستا مومتاز حەیدەری نووسەر و ڕۆژنامەنووسی گەلەکەمان دەخوازین.شایانی باسە، کە کتێبەکە لە چاپخانە دەرچوو، مامۆستا مومتاز خۆی سەردانی (ڕۆژنامەی خەبات)ی کرد و یەکەم شۆڕن کە کتێبەکەی بەدیاری بۆ برد خەبات بوو، سوپاسی ئەم دیاریییەیان دەکەین و خەرمان بەرەکەت.

لەم ڕۆژانە کتێبی (خەڵاتی میللی لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکی دڵسۆزەوە- دووەم گەنجینەی ڕێزلێنان) بە بەرگێکی جوان و قەشەنگ قەبارەی گەورە و 264 لاپەڕەی ڕەنگاوڕەنگەوە، لە نووسین و سەرپەرشتی مومتاز حەیدەری و ئامادەکردنی هیوا عەباس و بۆتان مەعروف



کۆیە.. تیپی مۆسیقای باوەجی کۆیە یادی 32 ساڵەی کۆچی خاڵە تایەر تۆفیق بەگۆرانی و مۆزیک دەکەنەوە

بەرهەم شێخ عزەدین

وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان بەڕێوبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری وهونەری هەولێر بەشی ڕۆشنبیری و هونەری کۆیە تیپی مۆسیقای باوەجی کۆیە ئەمڕۆلەیادی (32) ساڵەی کۆچی دوای هونەمەندی گەل مامۆستا تایەر تۆفیق دا،کەبەڕۆژی هونەر ناسراوە لەشاری کۆیە،کۆنسێرتێکی میوزیک وگۆرانی سازدەکات، لە کاتژمێر 3/30 دوای نیوەڕۆ لە هۆڵی سەرۆکایەتی زانکۆی کۆیە.هاتن بۆهەموانە.

بەڕێوبەرایەتی شانۆی هەولێر بەشداری شەشەمین فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی شانۆی شەقامی دەربەندیخان دەکات





توانا زرار: بەڕێوبەرایەتی شانۆی هەولێر بەشانۆگەری چەند دیمەنێکی جیاواز بەشداری دەکات لەشەشەمین فیستیڤاڵی نێو دەوڵەتی شانۆی شەقامی دەربەندیخان. کەساڵانە ئەم فیستیڤاڵە لەشاری دەربەندیخان ئەنجامدەدرێت.هونەرمەند غازی شینە کە یەکێکە لە بەشداربووانی ئەم شانۆگەرییە بە ڕۆژنامەی خەباتی ڕاگەیاندبەڕێوبەرایەتی شانۆی هەولێر بەشداردەبێت لە فیستیڤاڵی نێو دەوڵەتی شانۆی شەقامی دەربەندیخان بەشانۆگەرییەک بەناوی چەند دیمەنێکی جیاواز کە لەنووسینی و دەرهێنانی هونەرمەند مەهدی حەسەنە، بەشداربووانی ئەم شانۆگەرییەش پێکهاتوون لە هونەرمەندان قاسم نوری و غازی شینە و ڕۆزانە فەرهاد و سمیە سەردار .هەروەها هونەرمەند سوهام حەسەنیش وەک کاری موکیاژ لەم شانۆگەرییە بەشداراە.چاوان خەلیلیش بەڕێوبەری شانۆ.هەروەها غازی شینە ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد ئەم فیستیڤاڵە لە ڕۆژانی 22و 23و 24ی ئەم مانگە لەشاری دەربەندیخان بەڕێوەدەچێت ، ئیمەش وەک بەڕێوبەرایەتی شانۆی هەولێر لەهەر سێ ڕۆژەکە هاوشێوەی شوێنەکانی دیکە نمایشمان دەبێت. هەروەها گوتیشی شانۆگەرییەکی هەولێر بەرهەمی بەڕێوبەرایەتی شانۆی هەولێرە.سوپاسی هونەرمەند هیوا سوعادیشیکرد کە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە بەڕێوەچوونی ئەم فیستیڤاڵی شانۆگەرییانەی لەکوردستان بەڕێوەدەچن.ئاماژەی بەو ووڵاتانەش کرد لەم فیستیڤاڵە بەشدارن گوتی جگە لە بەڕێوبەرایەتی شانۆی هەولێر ،شاری سلێمانی و دهۆک و کەرکوک و هەڵەبجە. وڵاتی ئیتالیا و ئێران و چیلی و ئیسپانیا و تونس و لوبنان و بەشدارن .لەگەڵ. هەردوو شاری بەغدا و کەربەلا .



گروپی فۆتۆگرافەرانی (گەڵا)

پێنجەمین پیشەنگای تایبەتی فۆتۆگرافی خۆی کردووە

بەرهەم شێخ عزەدین

بەئامادەبوونی قائیمقامی قەزای رانیە و بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەری ڕاپەڕین و ژمارەیەک لەهونەرمەندان و فۆتۆگرافەرانی ناوچەکە و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەری ڕاپەڕین بەهاوکاری "گروپی فۆتۆگرافەرانی گەڵا" بەمەبەستی گرنگیدان بەهونەری فۆتۆگرافی پێشانگایەکی فۆتۆگرافی لەهۆڵی ناوەندی وەرزش و لاوان کردەوە، کە وێنەکان گوزرشت بوون لەکلتور و سروشتی دڵگیری کورستان.جێی ئاماژە پێکردنە کە میوانێکی زۆر ئامادەی کردنەوەی پێشانگا فۆتۆگرافیەکە بوون.

